ئەم پەڕتووکە دیاریی وەرگێڕە بۆ هەموو کوردستانییەک و بۆ فرۆشتن و لەچاپدان نییە.
www.newa.krd



شێکسپیر

# ڤینوس و ئادۆنیس

وەرگێڕان و ڕاڤەی

نەوا موکرجی

www.newa.krd

www.newa.krd

# ڤینوس و ئادۆنیس

نووسینی

ویلیەم شێکسپیر

وەرگێڕان و ڕاڤەی

نەوا موکرجی

٢٠٢٥

کوردستان

نەوا موکرجی خاوەنی یاسایی ئەم پەڕتووکەیە. بێ ڕێپێدانی نووسراو و واژۆکراوی وی هیچ کەس و لایەن و پەڕتووکخانە و چاپخانەیەک لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستاندا مافی لەبەرگرتنەوە و لەچاپدانەوە و دووبارە بڵاوکردنەوەی ئەم پەڕتووکەی نییە.

ئەم دەقەم لە زمانی بنەڕەتەوە (ئینگلیی ناوەڕاست) بۆ زمانی شیرینی کوردی وەرگێڕاوە. چەند چاپێکی جیاوازی دەقەکەی شێکسپیر هەن. من دەقی چاپەکەی کۆبەرهەمی نوێی شێکسپیری ئۆکسفۆردم کردووە بە سەرچاوەی ئەم وەرگێڕانە. ئەمە ناونیشانی تەواوی ئەو بەرهەمەیە:

The New Oxford Shakespeare, The Complete Works, Modern Critical Edition. General editors: Gary Taylor, John Jowett, Terri Bourus, Gabriel Egan. Associate editors: Francis X. Connor, Rory Loughnane, Anna Pruitt. Assistant editors: Sarah Neville, Will Sharpe. Oxford University Press, 2016

لەو جێیانەی جیاوازیی گرینگی واتاگۆڕ هەن تێبینیم داوە. ١٩ی ئاداری ٢٠٢٣ یەکەم دێڕیم وەرگێڕا، ١٨ی ئابی ٢٠٢٥ دوایین دێڕیم وەرگێڕا. ٦ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٥ لە پێداچوونەوەی تەواو بووم.

خۆم دیزاینی تەواوی پەڕتووکەکەم کردووە. وێنەی بەرگەکە تابلۆی *ڤینوس و ئادۆنیس*-ە (١٥٥٤) کە تیتزیانۆ ڤێچێلیۆ (تیشن/تیتیان) کێشاویەتی. ئەوەیانە کە لە مۆزەخانەی پرادۆ-ی مەدریدە. بە گوێرەی ئەم دەقەی شێکسپیر بووایە (کە دوای ئەم تابلۆیە نووسراوە)، دەبوو ئادۆنیس هەم منداڵتر دەرکەوتبا، هەم کڵاوێکی لە جۆری بۆنێت-ی لە سەردا بووایە، هەم تانجییەکانیشی پێ نەبووایە.

بۆ پێداچوونەوەی ئەم پەڕتووکە، سوودم لە پەڕتووکی *ڕاستنووسی*ی کاک کوردۆ شابان وەرگرتووە.

ویلیەم شێکسپیر. *ڤینوس و ئادۆنیس*. وەرگێڕان و ڕاڤەی: نەوا موکرجی. سلێمانی، کوردستان: وەرگێڕ لە ماڵپەڕی خۆی بڵاوی کردووەتەوە (www.newa.krd). چاپی ٣ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٥.

# ناوەرۆک


**بەرایی ........................................................................................ I**

ڤینوس و ئادۆنیس چییە؟............................................................. I

پوختەی ڕووداوەکان...................................................................... I

پێکهاتەی هۆنراوەکە..................................................................... II

پیتاککەر ....................................................................................... II

کاتی نووسین و چاپ...................................................................... II

چاپەکانی ڤینوس و ئادۆنیس ........................................................ III

کوارتۆ و فۆلیۆ............................................................................... III

بۆچی ڤینوس و ئادۆنیسم وەرگێڕا؟ ................................................. IV

دارێژراوەی ساناکراوی ڤینوس و ئادۆنیس....................................... V

**ڤینوس و ئادۆنیس........................................................................ 1**

پێشکێشنامە...................................................................................1

دەقی ڤینوس و ئادۆنیس ................................................................2

ڕاڤەکانی ڤینوس و ئادۆنیس..........................................................52

# بەرایی

## *ڤینوس و ئادۆنیس* چییە؟

*ڤینوس و ئادۆنیس* ناونیشانی هۆنراوەیەکی درێژی ویلیەم شێکسپیر-ە. لە ١١٩٤ دێڕ پێک هاتووە. ساڵی ١٥٩٣ بڵاو کراوەتەوە. گەرچی دوای مەرگی شێکسپیر ناوبانگەکەی بەرەبەرە کز بووە، بەڵام لە سەردەمی ژیانی شێکسپیر خۆیدا بەناوبانگترین بەرهەمی بووە و خەڵک بەو هۆنراوەیە شێکسپیریان ناسیوە. پڕفرۆشترین نامیلکەی سەردەمی ژیانی شێکسپیر بووە. ئەوەندەی تا ئێستا دۆزراوەتەوە، هەر لە سەردەمی ژیانی شێکسپیردا ١٠ جار چاپ کراوە. دواتریش شەش جاری تر چاپ کراوەتەوە، پێش ئەوەی سەرلەنوێ نوێ بکرێتەوە. ئەم هۆنراوەیە بە یەکەمین کاری شێکسپیر دادەنرێت.

## پوختەی ڕووداوەکان

هۆنراوەی *ڤینوس و ئادۆنیس* چیرۆکی خۆشەویستیی ڤینوس بۆ ئادۆنیس دەگێڕێتەوە. ڤینوس خوای خۆشەویستیی ڕۆمییەکان بووە. ئادۆنیسیش کوڕێکی منداڵکاری جوانە. بە درێژی ژینانمەی هەردووکیانم لە بەشی ڕاڤەکاندا نووسیوە، بڕوانە ڕاڤەی ٣ و بڕوانە ڕاڤەی ٤. تەواوی ڕووداوەکان لە نزیکەی ٢٤ تاودا (تاو: ٦٠ خولەک) ڕوو دەدەن. چیرۆکەکە لە بەرەبەیانی ڕۆژی یەکەم دەست پێ دەکات و لە بەرەبەیانی ڕۆژی دووەم تەواو دەبێت.

ڤینوس ئەوینداری ئادۆنیسە و دەیەوێت قایلی بکات ببێت بە خۆشەویستی خۆی و منداڵی لێ بخاتەوە. بەڵام ئادۆنیس حەزی لە خۆشەویستی نییە و خۆی پێ منداڵە و خۆی لە ئاستی خۆشەویستیدا نابینێت. بە درێژایی هۆنراوەکە ڤینوس هەوڵ دەدات ئادۆنیس ساز بکات بۆ دڵداری. بەڵام ئادۆنیس لە کۆتاییدا بە جێی دەهێڵێت و دەچێت بۆ ڕاوی بڕەک، واتە بەرازی نێر. ڤینوس دڵی دەشکێت. بۆ سبەی ئاکامی ڕاوەکەی ڕوون دەبێتەوە.

شێکسپیر خۆی داڕێژەری چیرۆکی ڤینوس و ئادۆنیس نییە، بەڵکو چیرۆکەکەی لە پەڕتووکی دەیەمی *داگۆڕانەکان* (مێتامۆرفۆس)ی ئۆڤید-ەوە هێناوە. ئەم پەڕتووکە بە کوردی هەیە و خاتوو بەیان سەلمان وەریگێڕاوە، بە ناونیشانی *مێتامۆرفۆس* (سلێمانی،

٢٠١٨). بەڵام بێگومان شێکسپیر هەندێک وردەکاریی گۆڕیوە و شتی بۆ زیاد و کەم کردووە.

ڕووداوەکان لە کاتێکی دیارینەکراوی سەردەمانی گریکی دێرینە، ڕەنگە بکەوێتە پێش دینی جووەوە. بۆیە خوا و دینی ئەو سەردەمە لە پەڕاوێزی دەقەکەدا هەن.

# پێکهاتەی هۆنراوەکە

تەواوی هۆنراوەی *ڤینوس و ئادۆنیس* بەسەر کۆپلەی ٦ دێڕیدا دابەش کراون. ئاوهاش تەواوی هۆنراوەکە لە ١٩٩ کۆپلە پێک دێت. دەقە ئینگلیییەکەی ئەم هۆنراوەیە بە جۆرە کێشێک نووسراوە کە بە ئینگلی پێی دەڵێن کێشی *ئایامبی iambic*. بە دیاریکراویش *ئایامبی پێنجپێیی*، کە بە ئینگلی پێی دەوترێت *iambic pentameter*. تەواوی هۆنراوەکە سەرواداره و سەروای کۆپلەکان بەم جۆرەن: *ئا بێ ئا بێ پێ پێ*. واتە دێڕی یەکەم و سێیەم هاوسەروان، دیڕی دووەم و چوارەم هاوسەروان، دێڕی پێنجەم و شەشەم هاوسەروان.

# پیتاککەر

کەسێک بە ناوی هێنری ڕایۆثێسلی (١٥٧٣-١٦٢٤) ئەرکی پیتاککردنی ئەم بەرهەمەی خستووەتە سەر شان. ئەم پیاوە سێیەم ئێرلی ساوثهامپتن بووە لە ئینگلتەرا. ئێرل لە بەریتانیا وەک پارێزگار وا بووە لە کوردستان. ئەم پیاوە حەزی بە شانۆ هەبووە و چەندان نووسەری تری پیتاک کردووە.

# کاتی نووسین و چاپ

ساڵی ١٥٩٣ *ڤینوس و ئادۆنیس* لە سەندیکای نووسەر و ڕۆژنامەوانانی لەندەن تۆمار کراوە. ئەم دەزگەیە بۆ تۆماری خاوەندارێتیی نووسەران بووە. ئەو کاتە شێکسپیر تەمەنی ٢٩ ساڵان بووە. کەواتە دەبێت پێش ئەوە نووسرابێت. بە گوێرەی پێشکێشنامە کورتەکەش، کە شێکسپیر نووسیویە، وا دیارە شێکسپیر لە ساڵی ١٥٩٢ەوە دەستی بە نووسینی کردبێت. لەو سەردەمەدا پەتایەک هەموو لەندەنی گرتبووەوە و شانۆگەکان

داخرابوون. بۆیە شێکسپیر «کاتی بەتاڵ»ی زۆر بووە و ئەمەی تیایدا نووسیوە. چاپکراوی *ڤینوس و ئادۆنیس* لە ئایاری ١٥٩٣دا بۆ فرۆشتن بەردەست بووە[1].

# چاپەکانی ڤینوس و ئادۆنیس

# کوارتۆ و فۆلیۆ

بە درێژایی ڕاڤەکان زووزوو ئاماژە بە «کوارتۆ» دەدەم، وەک: «کوارتۆی یەکەم»، «کوارتۆی دووەم» و تا دوایی. *کوارتۆ*: بە ئینگلی ***quarto***، وشەیەکی لاتینیی نوێیە، واتە چارەک. چارەک ئاماژەیە بە تەکنیکێکی چاپکردنی پەڕتووک. بە گوێرەی ئەم تەکنیکە پەڕەیەک چاپ دەکرێت، بە ئەمدیو و ئەودیوی ئەم پەڕەیە هەشت لاپەڕەی پەڕتووکەکەی لەسەر چاپ کراوە. پاشان ئەم پەڕەیە دووقەد دەکرێت. واتە ئەگەر پەڕتووکێک ٨٠ لاپەڕە بێت، ئەوا لەسەر ١٠ پەڕە چاپ دەکرێت و ئەم پەڕانە دووقەد دەنووشتێنرێنەوە. هەر پەڕەیەک دەبێت بە چوار پەڕە. دواتر کە سێ قەراغی پەڕتووکەکە دەبڕڕێت، ئیتر شێوەی پەڕتووک وەردەگرێت.

ئەم جۆرە چاپە هەم بۆ دەزگەکانی چاپی ئەو سەردەمە ئاسانتر بوون، هەم هەرزانتریش کەوتوون. زۆربەی بەرهەمەکانی شێکسپیر لە کاتی ژیانی خۆیدا بەم تەکنیکە چاپ کراون. بۆیە هەردەم لە ڕاڤەی تەواوی کارەکانی شێکسپیردا زووزوو وشەی *کوارتۆ* دەبیستین. کاتێک دەوترێت «کوارتۆی یەکەم» واتە چاپە دووقەدییەکەی یەکەم.

دوای مەرگی شێکپسیر لە ساڵی ١٦٢٣دا کۆی بەرهەمەکانی چاپ کران. بەم چاپە دەوترێت «فۆلیۆی یەکەم» ***The First Folio***. **فۆلیۆ:** بە ئینگلی ***folio***، وشەیەکی لاتینییە، لە ڕیشەدا واتە پەڕە، بەڵام بە زاراوەی چاپ واتە نووشتاوە، یان قەدکراو. ئەویش هەر تەکنیکێکی چاپکردنی پەڕتووکە. بەڵام لەمیاندا چوار لاپەڕە لەسەر یەک پەڕە چاپ دەکرێن (هەر دیوەی دوو لاپەڕە) و پەڕەکە قەد دەکرێت. ئاوها پەڕەیەک دەبێت بە دوو پەڕە. واتە پەڕەیەک دەبێت بە چوار لاپەڕە.

*ڤینوس و ئادۆنیس* و هۆنراوەکانی تری شێکسپیر لە *فۆلیۆی یەکەم*دا نەبوون.

---

[1] *ئۆکسفۆرد: کۆبەرهەمی نوێی شێکسپیر*. ئامادەکردنی گاری تەیلەر، جۆن جاوێت، تێری بوروس، گابرییێل ئیگن، لەگەڵ فرانسیس ئێکس کانەر، ڕۆری لوونەین، ئانا پرویت. یاریدەری ئامادەکاران: سارا نێڤیل، وڵ شارپ. دەزگەی چاپ و پەخشی زانکۆی ئۆکسفۆرد، ٢٠١٦. ل. ٦٤١.

# بۆچی *ڤینوس و ئادۆنیس*م وەرگێڕا؟

بە بۆنەی وەرگێڕانی ڕاڤەکانی ئەڵقەی نۆیەمی *ئولیس*ی جەیمز جۆیسەوە، لە چەندان شوێندا ناچار دەبووم هەندێک کۆپلە لە *ڤینوس و ئادۆنیس* وەربگێڕم. ڕۆژێک بە خۆمم وت: «خۆ ئەوەندەم نەماوە، بۆ هەمووی وەرنەگێڕم؟» ئیتر ئاوها دەستم پێی کرد. ماوەماوە خەریک دەبووم. هەندێک جار ڕۆژانە حەفتا دێڕم وەردەگێڕا، هەندێک جاریش هەبوو بە دوو مانگ لێی نزیک نەدەبوومەوە. ئەمساڵ هەستم کرد بووە بە بار بەسەر شانمەوە و ڕێی کاری لێم گرتووە. بە تایبەتی لە کاتێکدا دەیان پڕۆژەی گەورەی تەواونەکراوم هەن. بۆیە وتم با تەواوی بکەم و بگەڕێمەوە سەر تەواوکردنی بەرگی سێیەمی *ئولیس و ڕاڤەکانی*.

هەر بۆ زانیاری، ستیفن دێدالۆس، کە یەکێکە لە کەسێتییە سەرەکییەکانی ڕۆمانی *ئولیس*ی جەیمز جۆیس لە ئەڵقەی نۆیەمدا دەڵێت: «*ڤینوس و ئادۆنیس* لە ژووری نووستنی هەر یەکێک لە کچە سۆزانییەکانی لەندەندا هەیە».

# داڕێژراوەی ساناکراوی ڤینوس و ئادۆنیس

*ئەم چیرۆکە داڕێژراوەی خۆمە بۆ هۆنراوەی ڤینوس و ئادۆنیس-ی شێکسپیر بە شێوەی پەخشان. بڕێک سانا و ساکارم کردووەتەوە بۆ کەسێک کە نەتوانێت بە هۆی جۆراوجۆر چێژ لە هۆنراوەکە وەربگرێت، یان لە هەندێک شوێنی تێبگات.*

هەبوو، نەبوو، کوڕێکی منداڵکاری جوانکیلە هەبوو، ناوی ئادۆنیس بوو. حەزی لە ڕاو بوو، بەڵام قێزی لە خۆشەویستی دەهاتەوە. بەیانییەک دوای خۆرهەڵهاتن بە سواری ئەسپە نێرەکەیەوە بەرەو ڕاو ڕێی دەشتودەری گرت. ئادۆنیس لە چەشنی نەپاوەکان بوو، واتە ئەوانەی دەمرن. بەڵام ڤینوسی خوای خۆشەویستیی ڕۆمییەکان، کە ئەویان نەمرە، کەوتبووە ئەڤینی ئادۆنیسەوە و بەرەو ڕووی ئەو چوو و هەوڵی دا دایبکەفێنێت تا دڵداریی لەگەڵدا بکات. پێی وت:

- ئەی ئەوەی سێ جار لە خۆم جوانتریت، ئەی شاگوڵی نێو باخان، ئەی بێوێنە لە شیرینیدا، پەرییەکانیش هێندەی تۆ جوان نین. تۆ لە هەموو مرۆڤێک جوانتریت، لە کۆتر سپیتریت، لە گوڵەباخ سوورتریت. تەنانەت خواش کە دروستی کردیت دەترسا دوای مەرگی تۆ ئیتر کۆتایی بە جوانی بێت. تکات لێ دەکەم لە ئەسپەکەت دابەزە و ئەسپەکەت ببەستەوە. ئەگەر وا بکەیت، منیش هەزاران وتەی شیرینت پێ دەڵێم. وەرە ئێرە لەگەڵ من دابنیشە با ماچپرژێنت بکەم. وا لە لێوەکانت دەکەم لە هەمان کاتدا هەم تێر بن لە ماچ و هەم برسی بن بۆ ماچی زیاتر. بە سەتان جۆری جیاواز ماچیان دەکەم، بە ماچ سووریان دەکەم و سپییان دەکەمەوە. ماچی خێرا و ماچی خاوت دەکەم. وا ماچت دەکەم، هەندێکیان بە هێندەی بیست ماچ درێژ بن، پاشان دە ماچی کورتیشت دەکەم. هەر لەم ڕابواردنە خۆشەدا نغرۆت دەکەم و وا مەستت دەکەم پێت وا بێت ڕۆژێکی درێژی هاوین بە چەند خولەکێکی کورت تێدەپەڕێت!

ئینجا دەستی ئادۆنیسی گرت و لەتاو ئارەزووە بەتینەکەی دەلەرزی. عارەقی دەستی ئادۆنیسی وەک هەتوان و سارێژکەری برین دەبینی. ئەوەندە ورووژابوو کە هەر

بە جووڵەیەک ئادۆنیسی لەسەر ئەسپەکەی داگرت. بە دەستێک جڵەوی ئەسپەکەی گرت، بە دەستەکەی تری ئادۆنیسی خستە ژێر باڵی خۆیەوە.

ئادۆنیس سوور هەڵگەڕا و لچی هەڵقرچاند. هەردووکیان سوور هەڵگەڕان، بەڵام لەبەر دوو هۆی جیاواز: ڤینوس لەتاو ئارەزووە بەتینەکانی وەک پشکۆی گڕی بەجۆش سوور هەڵگەڕا؛ ئادۆنیس لە شەرمدا سوور هەڵگەڕا و هیچ ئارەزوویەکی لە دڵداری و یاری نەبوو.

ڤینوس ئەسپەکەی ئادۆنیسی بە دارێکەوە بەستەوە. پاش ئەسپەکە هەوڵی دا ئادۆنیسی سوارەی ئەسپەکە بە خۆیەوە ببەستێتەوە و بەرەو خۆی ڕایکێشا. ڤینوس دەیتوانی بە هێز بەسەر ئادۆنیسدا زاڵ بێت، بەڵام نەیدەتوانی وا بکات ئادۆنیس ئارەزووی بکات.

هەر لەگەڵ ڕاکێشانی ئادۆنیس، هەردووکیان ڕاکشان. ڤینوس دەستی بە گۆنای ئادۆنیسدا دەهێنا و ئەویش پێی ناخۆش بوو. هەر کە ئادۆنیس ویستی شتێک بڵێ، ڤینوس خێرا بە ماچی دەم لێوەکانی لە قسە خست. بە دەم ماچەوە پێی وت:

- گەر... سکاڵا... بکەیت... لێوەکانت... هەرگیز... ناکرێنەوە!

ئادۆنیس لە شەرمدا گڕی گرتبوو و سوور ببووەوە. ڤینوس بە فرمێسکی چاوەکانی ئەو گڕەی ئەوی دەکوژاندەوە. ڤینوس کەوتە ئاخ و ئۆفی خۆشەویستی و پرچی کەوتە باوەشێنی ئادۆنیس. ئادۆنیس فریا کەوت و وتی:

- شەرمە...

بەڵام ڤینوس خێرا بە ماچ دەمی داخست و نەیهێشت لەوە زیاتر بڵێت. چۆن هەڵۆ دەکەوێتە نێچیر، ڤینوسیش ئاوها کەوتە ماچ و گەز و لێستنەوەی برۆ و گۆنا و چەناگەی ئادۆنیس. ئادۆنیسیش ناچار ملی بۆ ڤینوس دا. بە هەناسەبڕکێوە ڕاکشا. ڤینوس تەنانەت هەناسەکانی ئادۆنیسیشی هەڵدەمژی و وەک هەوای ئاسمانی و بەهەشتی لێی دەڕوانی. باوەشی ڤینوس بوو بە تۆڕی گرتنی ئادۆنیس و تیایدا گیری خوارد. شەرم و دڵەڕاوکێ و ترس و بەرەنگاریی جاربەجار وایان دەکرد جوانتر لە بەر چاوانی ڤینوسدا دەربکەوێت.

ڤینوس بە دەم ماچ و ڕامووسانەوە لێی دەپاڕایەوە بەزەیی پیایدا بێتەوە. بەڵام ئادۆنیس هەر مۆن و گرژ و توورە و شەرمن بوو. لە توورەیی و ترسدا ڕەنگی سوور و سپی دەبوو. ڤینوس نەیدەتوانی لە ئەڤین زیاتر هەڵبژێرێت، کەچی ئادۆنیس دەیتوانی ئەڤین هەڵنەبژێرێت! ڤینوس سوێندی بۆی خوارد کە تا ئادۆنیس بەو دانەکەفێت و قایل نەبێت، هەرگیز لە سنگی نابێتەوە. پێی وت:

- تاکە داوام ماچێکی شیرینە. هەموو ئەوەی بۆت دەکەم بەرانبەر ماچێکی شیرینی تۆ!

ئادۆنیس بۆ وتەیەک سەری شۆڕی هەڵبڕی و وتی:

- باش.

یەکسەر سەری داخستەوە. ڤینوسیش یەکسەر بۆ ماچەکە چوو. بەڵام لە کاتی ماچەکەدا ئادۆنیس چاوی نووقاند و لێوی دوور خستەوە. ڕێبوارێکی گەرمای هاوین بۆ ئاو چەندە تینوو دەبێت، ڤینوسیش ئەوەندە تینووی ئەو ماچەی وی بوو. لە نێو فرمێسکدا نوقم ببوو، بەڵام گڕی ئەڵها و سۆز و ئارەزووەکەشی هەر دەسووتا. بە ناڵەناڵەوە کەوتە سکاڵا و وتی:

- کوڕە بەزەییەکت بێت، ئەی دڵڕەق! بۆ تەنها ماچێک لێت دەپاڕێمەوە. بۆ وا ناز دەکەیت؟ چۆن ئێستا لە تۆ دەپاڕێمەوە، ئاوها خەڵکیش لە من پاڕاونەتەوە. تەنانەت مارس، مارسی خوای جەنگی ڕۆمییەکان، کە لە هیچ جەنگێکدا ملی شۆڕ نەکردووە و کوێی ویستبێت داگیری کردووە، کەچی ملی لە ئاستی مندا شۆڕ کردووە و هەوڵی داوە دڵم بە دەست بهێنێت. بوو بە کۆیلە و دیلی من. بۆ ئەوە دەپاڕایەوە کە وێڕای ئەوەی تۆ لێشمت داوا نەکردووە، بەڵام هەر پێتم داوە. ئەو خوا مەزنەی جەنگم وا لێ کرد جلی جەنگی داکەند و لە پێناو مندا کەوتە سەما و یاری و گاڵتە و چاوباشقاڵی و بزە و شۆخی! ئەوەندە ئەویندارى من ببوو کە قێزی لە جلی جەنگی خۆی و لە جەنگ دەهاتەوە! لە بری مەیدانی جەنگ، کەوتە باوەشی منەوە. من ئەو کەسەم ڕام کرد کە هەموو جیهانی ڕام دەکرد. زنجیرێکی گوڵاڵەسوورەم لە ملی بەست و دەمهێنا و دەمبرد. ئەوێک کە پۆڵا لە ئاست بەهێزیی ئەودا شەرمەزار و ملکەچ بوو، بەڵام کردم بە نۆکەری نازی خۆم. بۆیە تۆش لە خۆت بایی مەبە. بە تواناتەوە مەنازێ. تۆ ئێستا بوویت بە سەروەری ئەو کەسەی سەروەی خوای جەنگە! بەو لێوە جوانانەت لێوم ماچ بکە. بۆ وا سەرت داخستووە؟ سەرت هەڵبڕە و سەیری چاوم بکە. چاوی من بووەتە ماڵی جوانیی تۆ. ئەگەر شەرم دەکەیت، چاوت بنووقێنە، منیش وا دەکەم و ماچ دەکەین و دەیکەین بە شەو، چونکە ئەڤین دووبەدوو و لە تاریکیدا خۆشە. بوێر بە. کەس نامانبینێت. لەم ناوە هەر گوڵی لێیە و گوڵیش ناتوانێت هیچ بگێڕێتەوە. شەیدای ئەو سمێڵە تەنکەتم کە وای دەردەخات هێشتا پێنەگەیشتوویت، بەڵام زۆر بەتامیت. هەلەکە بقۆزەوە. دەبێت گوڵ ئەو کاتە بچنیتەوە کە پێگەیشتووە، دەنا دەژاکێت. چیمە وا حەزت لێم نییە؟ خواپێداو نیم؟ ناحەزم؟ پیر و چرچم؟ پەروەردەم نییە؟ خواروخێچم؟ لاسارم؟ دەنگم ناخۆشە؟

پووکاوەم؟ قێزەونم؟ نەخۆشم؟ ساردوسڕم؟ چاوم کزە؟ نەزۆکم؟ ڕەقەڵەم؟ لاوازم؟ ئەگەر هەر یەکێک لەمانەم، ئەوا دەتوانیت بوەستیت، چون ئەو کات بۆ تۆ نەدەبووم. بەڵام کە بێخەوشم، ئیتر بۆ چارەمت ناوێت؟ دەموچاوم سافە، چاوم گەشە، هەر وەک بەهار ساڵانە جوانیم نوێ دەبێتەوە. لەشم ساف و لووسە. ئاوری ئەوین لە مۆخمدایە. بە دەستلێدانێکت دەتوێمەوە و شل شل دەبم. ئەگەر بهێڵیت قسەت بۆ بکەم ئەوا گوێت جادووبەست دەکەم. لێم بگەڕێ بۆت هەڵپەڕم. ئەڤین گیانێکە و لە گڕ پێک هاتووە، هێندە سووکە کە دەتوانێت بەرز بەرز بفڕێت. کە بەسەر لمدا دەڕۆم جێپێم دەرناکەوێت. تەنانەت کۆتر دەتوانێت بەیانی تا شەو بە ئاسماندا ڕامبکێشێت. کوڕە شیرینەکە، کە ئەڤین ئەوەندە سووک بێت، بۆ پێت وایە لەسەر شانی تۆ هێندە قورسە؟ ئایا وەک نارسیسۆس کەوتوویتەتە ئەوینی ڕووی خۆتەوە؟ چونکە نارسیسۆسیش ئەوینداری ڕووی خۆی بوو. چۆن شتی وا دەبێت؟ ئەم خۆپەرستییەت بەرەو مەرگت دەبات، وەک چۆن نارسیسۆس خۆی نووشتاندەوە وێنەی خۆی لە جۆگەلەیەکدا ماچ بکات و کەوتە ناوی و خنکا. لە دونیادا هەر شتە و سوودی خۆی هەیە: چرا بۆ ڕووناکی، خشڵ بۆ پۆشین، شیرینی بۆ تام، جوانی بۆ بەکارهێنان، گیا بۆ بۆن، ڕووەکی تێراویش بۆ بەرگرتن. مرۆڤیش دەبێت بەری هەبێت، مرۆڤێک بە مەبەست وەچە نەخاتەوە بێڕێزی بە سرووشت دەکات. تۆی جوان لە جوانێکەوە هاتوویت و دەبێت جوانێک بخەیتەوە. زەوی خۆی خستووەتە خزمەتت بەوەی تۆی هێناوەتە دونیا، تەنها یەک شتیشی لە تۆ دەوێت، ئەویش ئەوەیە خۆتێکی تر بخەیتەوە. چۆن دەبێت تۆ نانی زەوی بخۆیت و ئەو لە تۆ نەخوات؟ بە یاسای سرووشت دەبێت منداڵ بخەیتەوە بۆ ئەوەی دوای مەرگت ئەوەی لە تۆیە بژیێت. هەر ئاوهایە کە مرۆڤ دەتوانێت بەسەر مەرگدا سەربکەوێت.

ڤینوس دوای وتنی ئەمە ئارەقەی کردەوە، چونکە ببوو بە نیوەڕۆ و کەوتبوونە بەر هەتاو و سێبەر بە جێی هێشتبوون. خۆر ئیرەیی بە ئادۆنیس دەبرد و خوازیار بوو خۆی لە جێی ئادۆنیس لە پەنا ڤینوسدا ڕاکشابا و ئادۆنیس لە جێی ئەو گالیسکەی خۆری ڕاکێشابا و ڕۆڵی خۆری دیبا. ئادۆنیسیش بەرەبەرە هەم لاواز دەبوو و هەم دەشڵەژا، نەڕاندی:

- شەرمە! بەسە ئیتر خۆشەویستی! خۆرەکە دەموچاومی سووتاند، دەبێت بڕۆم.

ڤینوس وتی:

- ئای لە من! گەنج و هێندە دڵڕەق! «خۆرەکە دەموچاومی سووتاند» کەی پاساوە؟ چۆن دەبێت ئەوە وات لێ بکات بڕۆیت؟ فوویێکی ئاسمانییت لێ دەکەم و فێنکت دەکەمەوە. بە قژم سێبەرت بۆ دروست دەکەم. ئەگەر ئەوانیش هەر سووتێنەر بوون، ئەوا بە فرمێسکم دەیانکوژێنمەوە. ئەگەرچی خۆری ئاسمان گەرمە و ڕاستەوخۆ بەر من دەکەوێت، چونکە من بە لەشم سێبەرم بۆت کردووە، بەڵام ئەو خۆرە نامسووتێنێت، بەڵکو گڕی چاوەکانی تۆ منی سووتاندووە. گیانێکم بەوەیە کە من نەمرم، دەنا لە نێوان خۆری ئاسمان و گڕی چاوی تۆدا دەمردم. بەرد لە بەر باران شل دەبێت، بۆیە دڵت بەردیش بێت هەر دەبێت لەبەر فرمێسکم شل بێت. چ سەیرە کە تۆ کوڕی زمیرنایت، ئەو ژنەی لە پێناو خۆشەویستیدا مرد، کەچی ناتوانیت هەست بە خۆشەویستی بکەیت! بەئازارترین شت لە دونیادا ئەوەیە خۆش نەویسترێیت. ئەگەر زمیرنای دایکیشت وەک تۆ کەللەڕەق بووایە، ئەوا بە وەجاخکوێری دەمرد و تۆی نەدەبوو. من چیمە کە ئاوها قێزت لێم دێتەوە؟ داخوازییەکەم چ مەترسییەکی تێدایە؟ چۆن بە ماچێکی بچووک لێوەکانت خراپتر دەبن؟ پێم بڵێ، ئەی جوان. بەڵام وتەی جوان بڵێ، یان بێدەنگ بە. ماچێکم بدەیە، منیش دووبارە دەتدەمەوە. ئەگەر دوو ماچت بوێت دانەیەکی زیادەشت دەدەمێ. بەڵام داخەکەم، ئەی ئەوەی وەک وێنەیەکی جوانی بێگیان وایت، ئەی بەردی ساردوسڕ، بتی باشتاشراو، وێنەی مات و مردوو، وەک پەیکەرێک وایت کە تەنها چاو ئاسوودە دەکەیت. بە پیاو دەچیت، بەڵام لە ژن نەزاویت، دەنا هەستت دەبوو. ئەگەرچی ئەدگاری پیاوت هەیە، بەڵام پیاو نیت. پیاو نیت، چونکە پیاوان هەر خۆنەویستانەش بێت ماچ دەکەن.

ڤینوس ئەوەندە بێئۆقرە بوو کە ئیتر قسەی تری پێ نەکرا. کەوتە گریان و سوور بووەوە. ڤینوس گەرچی خۆی دادوەری ئەڤینە، کەچی نەیدەتوانی داواکەی خۆی یەکلا بکاتەوە، بۆیە دەگریا و نەیدەزانی چی بکات. دەیەویست باوەش بە ئادۆنیسدا بکات و ئەو نەیدەویست. چەند جارێک کە ئادۆنیس ویستی لە ڤینوس دوور بکەوێتەوە، ڤینوس نەیدەهێشت و توند باوەشی پێیدا دەکرد. وتی:

- لاوە گیان، بە باڵە سپی و لووسەکانم تۆم لە باوەش گرتووە. تۆ ببە بە ئاسکی من و منیش دەبم بە باخچە و لەوەڕگە بۆت. چیم لێ دەکەیت لێم بکە، لە سنگم، لە نێوان مەمکم، لێوم بمژە، ئەگەر لێویشم وشک بوو، دابگوزەرێ بۆ دامێنم، لەوێ جێی خۆشی تەڕی لێیە. ئەوەندە ئامرازی سەرگەرمی لە سنووری لەشمدا هەن کە باش داتبمرکێننەوە. با لەشم ببێت بە نیشتمانت.

ئادۆنیس بزەیەکی بەسووکبینینی هاتێ. لەگەڵ بزەکەیدا چاڵێکی جوان لە هەر ڕوومەتێکیدا دەرکەوت. کوپیدۆی خوای خۆشەویستیی ڕۆمییەکان ئەم چاڵانەی لەسەر ڕوومەتی ئادۆنیس دروست کردووە، ویستوویە بڵێ بە گۆڕی خۆی، چونکە پێی وا بووە ئەگەر لەو چاڵانەدا بنێژرێت، ئەوا هەرگیز نامرێت! ڤینوسیش تێر ئارەزووی لەم چاڵانەی سەر ڕوومەتی هەبوو، لە تاو ئەو چاڵانەی سەر ڕوومەتی شێت و بێهۆش ببوو. ئای چ بەدبەختییەکە گۆنایەکت خۆش بوێت کە بە قێزەوە بزەت بە ڕوودا دەکات!

ڤینوس ڕوو بکاتە کوێ؟ چیی تر بڵێت کە نەیوتووە؟ وتەی تەواو، بەڵام ئاخەکانی زیاتر دەبوو. ڕۆژیش بەرەبەرە دەگەیشتە ئێوارە. ئادۆنیس دەیەویست لە باوەشی ئەو ڕزگاری ببێت. ڤینوس هاواری کرد:

- بەزەییت بێت، چاکەیەک، هاوسۆزییەک!

بەڵام ئادۆنیس گوێی نەگرت و بەرەو ئەسپەکەی ڕایکرد. بەڵام ئەسپەکەی ئادۆنیس، کە ئەسپێکی نێر بوو، لە دوورەوە ماینێکی ڕەسەنی بەگوڕ و گەنج و شانازی دی، بۆی کەوتە جامبازە و حیلە و تێر ئارەزووی لێی کرد. گەرچی ئەم ئەسپە بە دارێکەوە بەسترابووەوە، کەچی ئارەزووی ماینەکە ئەوەندە بەتین بوو لای کە جڵەوی پساند و کەوتە نمایش بۆ ماین. سمەکانی لە زەوی کوتی، لغاوەکەی قرتاند، هێز و گوڕی خۆی نیشانی ماین دا، شانازانە دەیلۆقاند، جامبازەی کرد، هەڵبەز و دابەزی کرد، وەک بڵێت: «سەیری هێزم بکەن کە تاقیی دەکەمەوە و سەرنجی ئەو ماینە جوانە ڕادەکێشم».

ئادۆنیس کەوتە مەرایی و هۆشکردن لە ئەسپ، بەڵام ئەسپە هیچ باکی بە ئادۆنیس نەبوو. تەنها ماینەی دەدی و بەس. ئەسپەکە لە جوانیدا بێوێنە بوو. سمەکانی خڕ بوون، جومگەکانی کورت بوون، مووی سەر قولەکانی بژ و درێژ بوون، سینەی پان بوو، چاوی پڕ بوو، سەری بچووک بوو، کونەلووتەکانی فش بوون، تەوێڵی بەرز و گوێی کورت و قاچی ڕێک بوو. ئێجگار بەهێز بوو، یاڵەکانی، واتە تووکی سەر پشتی ملی باریک بوون، کلکی ئەستوور بوو، پاشەڵی پان بوو، پێستی تەنک بوو. تەنها لە سوارێکی شانازی کەم بوو لەسەر پشتی.

ئەسپەی نێر هەر خەریکی خۆبادان بوو بۆ ماین و دەیحیلاند. ماینەکە وەڵامێکی تەنکی ئەم هەموو خۆبادانەی ئەسپی دایەوە و شاناز بوو، بەڵام وا خۆی پیشان دا کە نابەدڵە و ئەوی ڕەت کردەوە.

ئەسپەی نێر خەمبار بوو. کە ماینەکە سەرنجی دا دەتوانێت چۆن ئەو ئەسپە چاکە خەمبار بکات، بەزەیی پیایدا هاتەوە و میهرەبان بوویەوە. لەو کاتەدا ئادۆنیس

چوو بیگرێتەوە، بەڵام مایینەکە ترسا و هەڵهات، ئەسپە نێرەکەی ئادۆنیسیش بە دوایدا هەڵهات و خاوەنەکەی بە جێ هێشت و بە جووت هەڵیانتیزاند.

ئادۆنیس بە تەنیا و بێ ئەسپ مایەوە. تووڕە بوو و ئەسپەی بە نەفرەت کرد. ئیتر هەل بۆ ڤینوس ڕەخسا کە سووچی لێ بگرێت. چۆن جام کە پڕ بوو لێی دەڕژێت، هەستەکانی ڤینوسیش وایان لێ هات. کە دەروونی مرۆڤ پڕ بێت، دەبێت دەم بکەوێتە گۆ و خەمی دەروون بە با بدات و باری سەر شان سووک بکات. بەڵام کە زمان لە کار بکەوێت، ئیتر خەمەکانیش لە ناخدا پیش دەخۆنەوە. ئادۆنیس کڵاوەکەی سەری داگرت و داڕوانییە سەر زەوی. سەرنجی ڤینوسی نەدا کە سوور هەڵگەڕابوو و بەرەو وی دەهات.

ڤینوس بە پێدزکە هات بۆ لای ئادۆنیسی لاسار. ڕەنگی ڕووی ڤینوسیش بەردەوام سوور و سپی دەبوو. ئادۆنیس دانیشت و ڤینوس چووە بەردەمی و کەوتە سەر چۆک. کڵاوەکەی ئادۆنیسی لابرد و دەستی هێنا بە گۆنایدا. کوڵمی ئادۆنیس ئەوەندە ناسک بوو کە بە بای باوەشێن پڕ دەبوو لە خوێن! ئینجا کەوتنە نیگاکردن لە یەکتر و چاوچاوێنە. چاوی ڤینوس تکا و پاڕانەوە، چاوی ئادۆنیس خۆگێلکردن و بەسووکبینین. تا چاوانی ڤینوس فرمێسکیان لێ ڕژا و دەستی ئادۆنیسی گرت. ئەم جەنگەی نێوانیان ئەوەندە جوان بوو، یەکێکیان ئەوی دەویست و ئەوی تریان ئەمی نەدەویست، دەتوت دوو کۆتری زیوینن دەنووکاودەنووک دانیشتبن. ئەوجا زمانی ڤینوس کەوتەوە گۆ و وتی:

- ئەی جوانترین کەسی جیهان، بریا لە جێی یەکتر بووینایە. دڵم وەک هی تۆ ساغ و دڵت وەک هی من زامدار بووایە. باوەڕ بکە لەو کاتەدا بە نیگایەکی شیرین فریات دەکەوتم و دڵنیام دەکردیت. تەنانەت ئەگەر چارەی تۆ بە مەرگی منیش بهاتایە، خۆم دەکوشت بۆت.

ئادۆنیس وتی:

- دەستم بدەوە، بۆچی دەست دەهێنیت بە دەستمدا و دەیساویت؟

ڤینوس وتی:

- دڵم بدەوە، ئینجا دەستت دەدەمەوە. دڵم بدەوە، نەکا دڵە ڕەقەکەت دڵی منیش بکاتە پۆڵا. چونکە ئەگەر دڵم ببێت بە پۆڵا، ئیتر ئاخ و حەسرەتی کەس نەرمی ناکات. چیتر ئاوڕ لە ناڵەی ئەڤین نادەمەوە.

ئادۆنیس نەڕاندی:

- کچێ شەرمە، شەرم! بەرم بدە و لێم بگەڕێ. ڕۆژەکەم چوو، ئەسپەکەم چوو، ئەوەی دەبوو پێوەی سەرگەرم بم لە دەستم چوو. هەمووی خەتای تۆیە. تکات لێ دەکەم برۆ، بە تەنیا لێرە بە جێم بهێڵە. هەموو مێشک و بیر و ئاگاییم لای ئەوەن چۆن ئەسپەکەم لە ماینەکە بسەنمەوە.

ڤینوس وتی:

- خۆ ئەسپەکەت وەک تۆ نییە! ئەو بە دەنگ ئارەزووەکانیەوە چوو. ئارەزوو و حەز و سۆز و خۆشەویستی وەک پشکۆ وان، دەبێت سارد بکرێنەوە، دەنا گڕ لە دڵ بەردەدەن. دەریا سنووری هەبێت، ئارەزوو نییەتی. ئەسپە داماوەکەت وەک پیرەئەسپێکی کۆیلە بەسترابووەوە. بەڵام کە ئەڤین بانگی کرد، هەموو کۆتێکی پچڕاند و بە دەنگیەوە چوو. هەر کەسێک خۆشەویستەکەی بە ڕووتی لەسەر پێخەف ببینێت، پێستی لە چەرچەفەکە سپیتر بێت، تەنها چاوی لێی تێر ناکات، بەڵکو بە ئەندامەکانی تری لەشیشی چێژ لەو لەشولارە دەبینێت. کەس ئەوەندە ترسنۆک نییە هەلی وا نەقۆزێتەوە. تۆش لە ئەسپەکەتەوە فێر بە. ئەم هەلە بقۆزەوە. بەخت هەردەم بە دەمتەوە پێناکەنێت. وانەی خۆشەویستی زۆر ئاسانە، هەر کە فێری بوویت ئیتر هەرگیز لە بیری ناکەیت.

ئادۆنیس وتی:

- من خۆشەویستی و مۆشەویستی نازانم، ناشمەوێت بیزانم. تەنها حەزم لە ڕاوی بڕەکە (بەرازی نێر). تەنها لەوەش دەزانم. نامەوێت بچمە ژێر باری خۆشەویستییەوە. تاکە شتێک لە خۆشەویستیدا خۆشم بوێت بەسووکبینینە! خۆشەویستی واتە بە مردوویی بژیت. پێکەنین و گریانە بە هەناسەیەک. پاشان نابێت تۆ خوو بدەیتە من. من هێشتا پێنەگەیشتووم و تەمەنم کەمە. دەستم بەربدە، بە گوشین ئازاری دەدەیت. با واز لەم مشتومڕە بێسوودە بهێنین. خۆت ماندوو مەکە، دەرگەی دڵم بۆ خۆت و بەڵێنە درۆکانت و فرمێسکە درۆیینەکەت و زمانلووسییەکەت ناکرێتەوە.

ڤینوس لە ئاست ئەم وتانەی ئادۆنیسدا حەپەسا، وتی:

- چی؟ دەشتوانیت بدوێیت؟ زمانیشت هەیە؟ ئەی بریا نەتبووایە، یان من کەڕ بوومایە. پێشتر تەنها وەڵامنەدانەوەی خۆشەویستیی تۆ ئازاری دەدام، ئێستا ئەم قسە ناخۆشانەشت هاتنە سەر بارەکە! چ سەیرە، چەندێک جوانیت، ئەوەندەش قسەسوێریت. دەنگت خۆشە، بەڵام ئەوەی دەیڵێیت ژەهرە. دەنگە خۆشەکەت گوێ

و بیستن ئاوەدان دەکاتەوە، بەڵام دڵ وێران دەکات. کوێر بوومایە تامەزرۆی جوانیی ناخت دەبووم. کەڕ بوومایە بە لەشت دەورووژام. کەڕ و کوێر بوومایە حەزم بە دەستلێدان و ساوینت دەبوو. هیچ هەستێکی ترم نەبووایە و تەنها بمتوانیایە بۆن بکەم، بە بۆنت ئەڤیندارت دەبووم. هەناسەت ئەوەندە بۆنی خۆشە کە بەو بۆنە ئەڤین لە دڵی هەموو کەسدا دەورووژێت. خواردن بوویتایە تامت تەواو نەدەبوو!

ئادۆنیس دیسان دەمی کردەوە، ویستی بدوێت، بەڵام ڤینوس زەندەقی چوو، هەستی کرد ئێستا قسەیەکی ئەوەندە ناخۆش دەکات کە دڵی ڤینوس پارچەپارچە دەکات. ئەو دەمە جوانەی ئادۆنیس، کە لە جوانیدا ڕووباری هەنگوین ئارەزووی دەکرد بەو دەمەیدا بڕوات، کەچی کە دەکرایەوە وەک بایەقووش نوقڵانەی قسەی تاڵ و سوێری لێدەدا. ڤینوس ئەبڵەق و بێدەنگ لە ئاستیدا مت بوو، هەر کە یەکەم پیت لە دەنگی دەرچوو، ڤینووس تەخت لێی کەوت و بوورایەوە.

بەڵام کامەران ئەو کەسەیە کە بە لەدەستدان دەوڵەمەند دەبێت! کامەران ئەو کەسەیە کە بە ئەڤین دەوڵەمەند دەبێت!

ئادۆنیسی گەوج وای زانی ڤینوس مرد. زللەی لە گۆناکانی دەدا. ویستی ڤینوس سەرکۆنە بکات، بەڵام لەپڕ لەو نیازەی پاشگەز بووەوە. ئادۆنیس هەناسەی بە دەمی ڤینوسدا کرد، لووتی ڤینوسی گووشی و لە گۆناکانیی دا و پەنجەکانی نووشتاندەوە و توند ترپەی دڵیی گرت و دەستی هێنا بە لێویدا. هەستی کرد بێبەزەییێتیی خۆی بووەتە هۆی لەهۆشچوونی ئەو. بۆیە ڤینوسی ماچ کرد.

ڤینوس بە ماچی ئادۆنیس هاتەوە هۆش خۆی. بەڵام کە زانیی ماچ دەکرێت، لێگەڕا ماچی تر بکرێت. هەر کە چاوەکانی کردەوە، وەک پەنجەرە بن و بە ڕووی خۆردا بکرێنەوە، ڕووناکیی خۆری چاوانی ئادۆنیس لە چاوەکانی ڤینوسەوە چووە ناخیەوە و تاریکاییەکەی ناخیی ڕووناک کردەوە. ئینجا ڤینوس چاوی لە چاوی ئادۆنیس گیر کرد. هەرگیز چوار چاوی هێندە جوان تێکەڵ بە یەکتر نەبوون، دەتوت چران و بە یەکدا ئاڵۆسکاون. ڤینوس لە خۆشیدا وتی:

- ئای، من لە کوێم؟! لەسەر زەویم، یان لە ئاسمانم؟ لە نێو زەریادا نوقمم، یان لە نێو ئاگردا؟ ئێستا کەیە؟ بەیانییە یان ئێوارەیە؟ مردووم، یان زیندووم؟ بەر لە بوورانەوەم ژیان دەتوت ناخۆشیی مەرگە، کەچی کە مردم مەرگ پڕ بوو لە خۆشیی ژیان! ئای، ئادۆنیس، منت کوشت. بمکوژەوە. خەتای دڵە ڕەقەکەتە کە وا چاوتی فێر کردووە بێز لە من بکەنەوە. چاوەکانت بەو بێزە دڵی داماوی منیان کوشت. کەچی دڵی من فەرمانیان بە چاوم دابوو جگە لە لێوی تۆ هیچی تر نەبینن، ئەوانیش وایان

دەکرد، بۆ ئەوەی بۆ ماوەیەکی درێژ لێوت و لێوم یەکتر ماچ بکەن و هەردەم بە ماچی یەکتر سوور و تەڕ بن. بەشکو وەک گەڵای سەوز و تەڕ و گیای دەرمان نەخۆشی و پەتا دوور بخەنەوە. بەشکو هەناسەی تۆ ببێتە چارەی دەردی دەردەداران. کە ئەو لێوە شیرینەت نا بە لێومەوە، ئێستا دەبێت چیت بۆ بکەم تا هەر لێوەکانت بە لێومەوە بمێنن؟ ئامادەم خۆمت پێ بفرۆشم، ئامادەم دڵمت بە هەزار ماچ پێ بفرۆشم. بە دڵی خۆیشت ماچەکانم بدەیە، دانە دانە. ئەو نرخە بۆ تۆ چییە؟ هاکا زانیت تەواو دەبێت! ئەگەر نرخەکەشت لە کاتی خۆیدا پێ نەدرا، ئەوا دەیکەینە دوو هێند و خاوتر بیدە. دوو هەزار ماچ بۆ تۆ چییە؟

ئادۆنیس برۆی هێنایەوە یەک و خۆی مۆن کردەوە. وتی:

- شاژنە جوانەکە، گەر پێت وایە خۆشەویستیی تۆ دەبێتە قەرزێک بەسەر شانمەوە، ئەوا ببینە من چەند منداڵم، قەرزم ناکەوێتە سەر شان. پاشان من هێشتا خۆمم نەناسیوە، بۆیە هەوڵ مەدە بمناسیت تا خۆم نەناسم. تۆ ئەگەر ئەوەندە ڕاوچییەکی باشیت، دەبێت خەڵکی لە من پێگەیشتووتر ڕاو بکەیت، نەک منی پێنەگەیشتوو. ماسیگری باش وردەماسی ڕاو ناکات. بڕوانە وا خۆر ئاوا دەبێت و کوندەپەپوو دەقیژێنێت و دەڵێت: «درەنگ درەنگە». باڵندەکان چوونەوە نێو هێلانەکانیان. مەڕ و پەز چوونەوە نێو کۆزەکانیان. هەورەکان پێمان دەڵێن بیکەن بە شەو و شەوشاد لە یەکتر بکەن و جیا ببنەوە. ئەگەر پێم بڵێیت: «شەو شاد»، ئەوا ماچێکت دەکەم!

ڤینوس لە خۆشیی ماچ یەکسەر شل بوو و وتی:

- شەو شاد!

ویستی دوای ئەوە بڵێت: «ماڵئاوا»، بەڵام ئادۆنیس یەکسەر ماچەکەی کرد. ڤینوسیش ئادۆنیسی لە باوەش گرتەوە، وا دەرکەوت لە یەکتر ئاڵان و دەموچاویان بە یەکدا نووسا. ئادۆنیس هەناسەی لێ بڕا. پاش ماچێکی تەڕوبڕ لە لێوان، دەموچاویان جیا بووەوە. بەڵام خۆیان جیا نەبوونەوە، بەڵکو کەوتن، ڤینوس بەسەر پشتدا و ئادۆنیسیش ڕێک بەسەر ڤینوسدا. ڤینوس وەک تێرنەخۆرە ماچی ئادۆنیسی دەکرد. ئادۆنیسیش ملکەچ و گوێڕایەڵ ماچ دەکرا. بەڵام ڤینوس بە ماچ دانەکەفت و کەوتە پەلکوتان. ئارەزووە بەتینەکەی شەرم و بەڵێنەکەی لە بیر بردەوە. ئادۆنیسیش لە باوەشی ئەودا وەک باڵندەیەکی ماڵیی لێ هات، وەک منداڵێکی گریاو و وڕکگرتوو کە بە هەڵپەڕاندن ژێر دەکرێتەوە.

ڕاستیان وتووە کە زۆر جار سەرکێشی ئەستەم دەهێنێت. واتە جەربەزەیی و سەرکێشی دەبنە هۆی بەدیهێنانی شتگەلی ئەستەم. ئەم پەندە بۆ هیچ ڕاست نەبێت، بۆ ئەڤین و دڵداری ڕاستە. چونکە ئەڤین حەزی لە یەکێک نییە زوو خۆی بە دەستەوە بدات، بەڵکو ئەو کاتە شاکارەکەی پێشکێش دەکات کە یارەکەی سەرسەختترین کەس بێت. خۆ ناکرێت هەر کە ئادۆنیس مۆن بووەوە ئیتر ڤینوس واز بهێنێت. ئەگەر ئەو هەر وا بە مۆڕە و مۆنییەکانی ئادۆنیس کشابایەتەوە ئەوا هەرگیز ئەو شیلە شیرینەی لێوی ویی نەدەمژی. بۆیە ڤینوس کە گوڵێکی جوان دەبینێت، بۆی دەچێت، هەزار دڕک لە پێی بچەقێت!

بەڵام ئەم خۆشییە بە تکا و پاڕانەوەی ئادۆنیس تێکچوو. ڤینوسیش ئیتر بەزەیی پیایدا هاتەوە و چیتر نەیتوانی لەوە زیاتر بیبەستێتەوە و لای خۆی گلی بداتەوە. بە دڵێکی خەمبارەوە ماڵئاوایی لێی کرد. دەشیزانی کە ئادۆنیس دەڕوات لەگەڵ خۆی تەندروستیی دڵی ڤینوسیش دەبات. وتی:

- کوڕە شیرینەکە، ئەمشەو لە داخدا بە سەر دەبەم، چونکە دڵە نەخۆشەکەم فەرمان بە چاوانم دەدات تا بەیانی بگرین و ئێشک بگرن. سبەی یەکتر دەبینینەوە؟ بڵێ، ها؟ یەکتر دەبینینەوە؟ ژوانەکە ڕێک دەخەیت؟

ئادۆنیس وتی:

- نەء. نیازم وایە سبەی لەگەڵ چەند هاوڕێیەکدا ڕاوەبڕەک بکەین.

ڤینوس گۆنا سوورەکانی هەڵبزڕکان و کەوتە لەرز و بە سەرساممییەوە وتی:

- برەک!

قۆڵی خستەوە سەر شانەکانی ئادۆنیس و داینیشاند و خستیە سەر ورگی خۆی و خۆی لێی ڕاکشا. ئێستا دەتوت لە مەیدانی ڕاستیی خۆشەویستیدان. بەڵام وێڕای ئەوەی ئادۆنیس بەسەر ڤینوسەوە بوو، بەڵام هیچی نەکرد. ئەمە بۆ ڤینوس تامیتامییەکی کوشندە بوو. وەک وا بوو بچێتە بەهەشت و لە هەموو خۆشییەکی ئەوێ بێبەش بکرێت. ئادۆنیس وەک وێنەی میوەیەکی جوانی لەڕاستیچوو وابوو، کە هەر بە بینینی دەم ئاوی دەکرد بۆی، بەڵام کەسی تێر نەدەکرد و دەستی تێربوونی ڤینوسی نەدەگەیشتێ. ڤینوس بەردەوام ئادۆنیسی ماچ دەکرد و دەیەویست بە ماچ گەرمی بکات بۆ ئەوەی لەگەڵی بمێنێتەوە.

بەڵام هەموو هەوڵەکانی ڤینوس بێسوود بوون. ڤینوس، کە خۆی ئەڤینە، ئەڤین دەدات بە هەموو جیهان، کەچی ئادۆنیس نەیدەتوانی ئەوی خۆش بوێت و

بیڤینێت! بە ڕاستی هەوڵە زۆرەکانی ڤینوس، تکاکانی، پاڕانەوەکانی، شایستەی پاداشت و خەڵاتێکی باشتر بوون، بەڵام ئادۆنیس ئەو پاداشتەی نەدایەوە و وتی:

- شەرمە، شەرم! منت پلیشاندەوە. لێم بگەڕێ بڕۆم.

ڤینوس وتی:

- کوڕە شیرینەکە، دەمهێشت بڕۆیت، بەڵام کە وتت دەتەوێت بڕەک ڕاو بکەیت، پەشیمان بوومەوە. تۆ نازانیت مەترسیی بریندارکردنی بڕەک چییە. نازانیت ئەگەر بە نووکی ڕم بڕەک بریندار بکەیت بە کەڵبە تیژەکانی هەلاهەلات دەکات. تا نەتکوژێت وازت لێ ناهێنێت. تووڕە بێت هەر چییەکی لە بەردەمدا بێت پەلاماری دەدات و دەیکوژێت. مووی سەر پشت و هەموو لەشی وەک بزمار وان، نووکی ڕمەکەت نایبڕێت. بڕەک قینی هەڵبستێت بە گژ شێردا دەچێت. ئەو نرخێک بۆ جوانییەکەت دانانێت. دەموچاوی جوانی تۆ و دەستی ناسک و لێوی شیرین و چاوی بلوورینت هەر شایستەی ئەوەن بە ئەڤینەوە بپەرسترێن، نەک ئەو هەلاهەلایان بکات. لێبگەڕێ با ئەو بڕەکە لە ئەشکەوتەکەی خۆیدا بمێنێتەوە. گوێ لە ئامۆژگاری و ڕاوێژی منی دڵسۆزت بگرە. لێت ناشارمەوە، کە ناوی بڕەکەکەت هێنا، لە چارەنووست ترسام، چوارپەلم کەوتە لەرز. لە دەموچاومدا نەتخوێندەوە چۆن ڕەنگم پەڕی و ترسام و تەخت لێی کەوتم؟ دڵم کەوتووەتە پەلەپەل و ئۆقرە ناگرێت. من تۆم خۆش دەوێت و پەرۆشیم بۆت ناهێڵێت ڕێت بدەم بچیت خۆت بە کوشت بدەیت. ئەگەرچی زۆر جار پەرۆشی ئەڤین تێک دەدات و ئەڤین دەخاتە مەترسییەوە. بەڵام لەبەر ئەوەی خۆشم دەوێیت، لە مەرگت دەترسم. کە بیر دەکەمەوە دیمەنێکی تۆقێنەر دێتە بەر چاوم: کەسێکی هاوشێوەی تۆ خەڵتانی خوێن بووە و لە خوێنی خۆیدا گەوزاوە، گوڵانی چواردەوری هەموو کردووە بە خوێن، بڕەکێکی تووڕەی کەڵبەخوێناویش لە نزیکیەتی. جا خۆ ئەوە لە ڕاستیدا ببینم چی بکەم؟ هەر لە ئاست خەیاڵەکەشیدا هەڵدەلەرزم. ئەگەر سبەی بڕۆیت بۆ ڕاوەبڕەک، پێشبینیی مەرگت دەکەم. ئەگەر هەر زۆریش حەز دەکەیت ڕاو بکەیت، کەروێشک ڕاو بکە، یان ڕێوی، یان کارمامز. ئەمانە ناوێرن ڕووبەڕووت ببنەوە. لەو خوارە زۆر و زەبەندن. بۆ خۆت لەسەر ئەسپە چاکەکەت دابنیشە و تانجییەکانت ئەم ڕاوەت بۆ دەکەن. تۆش سەرنجی ئەو کەروێشکە داماوە بدە، کە بە چاوە کزەکانیەوە چۆن دەکەوێتە هەلەکەسەما و هەڵدێت. سەرنجی هەڵهاتنەکەی بدە. ئەمبەر و ئەوبەر دەکات و دەچێتە ناو چاڵوچۆڵییەوە و خۆی ون دەکات. یان بە نێو ڕانەمەڕدا ڕادەکات تا لە نێو بۆنی زۆری ڕانەمەڕەکەدا بۆنی خۆی لە تانجییەکان

ون بکات. بۆ ونکردنی بۆنی خۆی شتی تری وا دەکات. تانجییەکان لە حەپە دەکەون و بە دوای بۆنەکەدا وێڵ دەبن، کە بۆنەکەیان دۆزییەوە، ئینجا دەکەونەوە حەپەحەپ. کەروێشک ڕادەکاتە سەر گردێک و سەیر دەکات بزانێت دوژمنەکانی بە دوایەوەن یان نا؟ بەرەبەرە مەرگ لێی نزیک دەبێتەوە، ئەویش ماندووە، ئەمسەر و ئەوسەری زۆر دەکات تا خۆی لە مەرگ ڕزگار بکات. چونکە بێکەس و بێهێزە، کەس لەسەری هەڵنادات و بێدەنگیی لێ دەکەن. ئادۆنیس گیان، بێدەنگ ڕابکشێ، با تۆزێکی تریش قسەت بۆ بکەم. خۆت ڕامەپسکێنە، چونکە نابێت هەڵبستیت. دەبێت وات لێ بکەم ڕقت لە ڕاوەبرەک بێتەوە. قەت ئەوە من نیم ئامۆژگاریی خەڵک بکەم و بڵێم ئەمە بکە و ئەوە مەکە، بەڵام ئەڤین دەتوانێت لەسەر هەموو ژانێک خۆی هەڵبقورتێنێت و قسە بکات.

ئادۆنیس وتی:

- ئەوە کێشەی تۆ نییە بۆ کوێ دەچم و ناچم. لێم بگەڕێ برۆم و یەکتربینینەکەمان بە خۆشی تەواو بێت. وا شەو داهات.

ڤینوس وتی:

- بۆ؟ جا چییە؟

ئادۆنیس وتی:

- هاوڕێکانم چاوەڕێمن. تاریکی کرد. دەڕۆم، تەنانەت گەر بشمرم.

ڤینوس وتی:

- ئارەزوو لە تاریکیدا لە هەموو کاتەکانی تر چالاکتر دەبێت. وەرە و بەم تاریکییە تامەزرۆی یەکتر ببین. بەڵام ئەگەر بمریت، وەی نەخوازە، ئەوا ئەمە بهێنە بەر چاوت: زەوی قاچت تێکەڵاو دەکات و دەتدا بە زەویدا بۆ ئەوەی لە ماچی من بێبەریت بکات. چونکە زەوی خۆی ئارەزووی لە تۆیە و لە تاریکییەکەدا ئارەزووەکەی بە دی دەهێنێت. شتی زۆر گرانبەها وا دەکات زۆر کەسی سەرڕاست هەوڵی دزینی بدەن! جوانیی تۆ تەنانەت دیانای خوای داوێنپاکیشی خەمبار کردووە، نەکا ماچێکت بکات و بەڵێنی داوێنپاکییەکەی بشکێنێت. شێوەی تۆ لە ئاسمان و بەهەشت دزراوە. خۆرت شەرمەزار کردووە. مانگ لە ئاستتدا شەرمەزارە و هەڵنەهاتووە. چونکە دەیەوێت سرووشت بە دز و خیانەتکار تاوانبار بکات بەوەی شێوەی خوایی تۆی لە ئاسمان دزیوە. مانگ دەیەوێت بیسەلمێنێت کە سرووشت لە قینی خواکان تۆی ئاوها

جوان دروست کردووە. سرووشت ویستوویە بە ڕۆژ خۆر شەرمەزار بکەیت و بە شەو مانگ. بۆیە مانگ بە دزییەوە بەرتیلی داوە بە خواکانی چارەنووس تا ساختەکاری لە کارەکانی سرووشتدا بکەن، وا بکەن جوانی و لاوازی پێکەوە گرێ بدەن، بێخەوشی و خەوشداری پێکەوە گرێ بدەن. وا بکەن هەموو جوانی و بێخەوشییەک ببن بە دیل و ژێردەستەی بەدبەختی و کوێرەوەری. هەر بۆیەش کامەی زۆر بە جوان دەزانیت، بە تا و نەخۆشی ناشیرین دەبێت و لاواز دەبێت. بۆیە ناشیرینییەکانی وەک دوومەڵ و خەمباری و بێهوایی بەردەوام هەوڵی تۆڵەسەندنەوە دەدەن لە سرووشت کە تۆی وا جوان دروست کردووە. هەر بۆیە دوومەڵێک دەتوانێت جوانی بشوێنێت و نەیهێڵێت. داوێنپاکی بە واتای ئەوە نییە منداڵ نەخەیتەوە، ئەوانەی نەخستنەوەی منداڵ بە داوێنپاکی دەزانن هەڵەن و خۆپەرستن و تەنها خۆیانیان خۆش دەوێت. بۆیە تۆ لە ڕقی ئەو خۆپەرستانە لەگەڵم جووت بە و منداڵم لێ بخەوە. ئامانج لە بوونی تۆ ئەوەیە منداڵ بخەیتەوە. بۆیە دەبێت منداڵ بخەیتەوە، نەک لە لەشی خۆتدا منداڵەکانت بمرن. ئەگەر منداڵ نەخەیتەوە جیهان بە سووکت دەزانێت. نەخستنەوەی منداڵ هیچ جیاوازییەکی نییە لە براکوژی و خۆکوشتن و منداڵکوشتن. پارە و زێڕی نووستوو بەهایان نییە، بەڵکو ئەو پارە و زێڕەی بە گەڕ دەخرێن بەهایان هەیە و پارە و زێڕی تر دەهێنن.

ئادۆنیس پێی وت:

- ئەوە دیسان کەوتیتەوە سەر کەڵکەڵە بێسوودەکەت و لە هەوای خۆت نەکەوتوویت؟! کەواتە ئەو ماچەی دامیتێ بە فیڕۆ چوو. ئەم قسانەت سوودیان نییە و وام لێ دەکەن زیاتر ڕقم لێت بێتەوە. نەک ئەم زمانە لووسەت، بەڵکو بیست دانەی تری ئاوهاشت هەبێت هەر هەڵم ناخلەتێنیت. قسەکانت لەم گوێیەمەوە دەچنە ژوورەوە و لەو گوێیەمەوە فڕێ دەدرێنەوە دەرەوە و ناچنە دڵمەوە. دڵی خۆمم نەدۆزیوەتەوە تووشی ناڵە و خەمی خۆشەویستیی بکەم. خۆشەویستی مەترسییە و ڕێی مەترسیش خزە، هەر ئەوەندەی پێت خزا، ئیتر تا کەوتنەخوارەوە ناوەستیتەوە و هەپروون بە هەپروون دەبیت. منیش ئەوەم ناوێت. لە ڕاستیدا ڕقم لە خۆشەویستی نییە، بەڵکو ڕقم لە فێڵەکانی تۆیە کە لە خۆشەویستیدا دەیانکەیت. تۆ دەبیتە هۆی شەرمەزاربوونی هەموو کەسێک! تۆ سەیری ئەو قسە قۆڕە کە پێم دەڵێیت گوایە تۆ دەتەوێت منداڵت لێ بخەمەوە و ئەم هەموو بەزمەت بۆ منداڵخستنەوەیە! بەمە دەتەوێت پاساو بدەیت بە بەرەڵڵاییەکانت! زمان و پاساوەکانت بوون بە گەوادی ئارەزووەکانت! ئەوە خۆشەویستی نییە، بەڵکو ئالۆش

و بێڕەوشتییە. ئەڤینێک ئەڤین بێت دەتحەسێنێتەوە، نەک وەک ئالۆشی بتخاتە نێو زریانەوە. ئەڤینێک ئەڤین بێت تاتایە دەمێنێتەوە، بەڵام ئالۆش زوو لە نێو دەچێت. ئەڤینێک ئەڤین بێت زێدەڕۆیی ناکات، بەڵکو ئالۆش وا دەکات. ئەڤین پڕ لە ڕاستییە، ئالۆش پڕ لە درۆ و ساختەیە. ئیتر لەوە زیاتر ناڵێم و دەڕۆم. ئەوەندەی تا ئێستا بەرانبەرم کردووتە تووشی شەرمەزاریی کردووم، هەست دەکەم بێڕێزیم پێ کراوە، هەست دەکەم سووک بووم.

پاش ئەم وتە جەرگبڕانە ڕۆیشت. ڤینوسیش سەرسام سەرسام بە پاڵکەوتوویی سەیری دەکرد کە دوور دەکەوتەوە و لە بەرچاوان ون بوو. هەستی دەکرد خشڵێکی بەنرخی فرێ داوەتە لافاوەوە. کەوتە ناڵەناڵ و گریان و ئەی و وەی و ڕۆڕۆ. چیاکانی چواردەوریش دەنگیان دەدایەوە. ناڵەکانی ڤینوس و دەنگدانەوەکانیان لە چیاکانەوە ئەو کەشەی کرد بە پرسەی ڕۆیشنی ئادۆنیس. ڤینوس گۆرانییەکی خەمناکی بێژا و دەیوت:

*ئەڤین گەنج کۆیلە دەکات؛*
*ئەڤین پیر شەیدا دەکات.*
*لە گەوجیدا دانایە؛*
*زیرەکێکی گەمژەیە.*

ئەوەندە ئەم گۆرانییەی درێژ کردەوە کە دەشت و چیا و گیا و درەختەکانیش لێی وەڕەز و بێزار بوون. ئەڤیندار وا دەزانێت هەموو جیهان تامەزرۆی بیستنی شیوەن و ڕۆڕۆی ئەون، بۆیە کە دەست دەکات بە گێڕانەوەی چیرۆک ئیتر نایبڕێتەوە.

شەو ئاوها تێپەڕی و ڕۆژ بووەوە. خۆر هەڵهات و ترۆپکی درەختەکانی بە تیشکی زێڕینی خۆی زێڕکفت کرد. ڤینوس بەیانیباشی لە خۆر کرد.

ڤینوس چووە ڕەزێکەوە و پاش قەیرێک گوێی لە دەنگی تانجی بوو. خێرا بەرەو تانجییەکان چوو. بەڵام تانجییەکان حیزەڵ حیزەڵ وەستابوون، حەپەی ترسنۆکانەیان دەهات. ڤینوس ئەمەی بە نوقڵانەیەکی خراپ لێک دایەوە و زەندەقی چوو، چونکە دەیزانی کە ئەم حیزەڵییە لە ئاست ئاژەڵێکی ترسنۆکدا ناکەن، بەڵکو لە ئاست ئاژەڵێکی دڕی وەک بەرەک، یان شێر، یان ورچی دڕ دەکەن. تانجییەکان لە ترسدا دەیانقروسکاند. ڤینوس یەک پارچە بوو بە گومان و ترس. ورەی ڕووخا. بەڵام پاش کەمێک دڵی خۆی دایەوە و وتی: «ئەمە خەیاڵاتی بێهۆن. نابێت وا بترسم. کێ دەڵێت هیچ بووە؟!».

ئینجا بەڕەکەی دی دەمی کەفی کردبوو و لە خوێنی خۆیدا گەوزابوو. بەڵام ڤینوس دیسان سەرتاپای لەشی کەوتەوە لەرز و ترسا. سەری لێ هاتەوە یەک و کەمێک

ڕایکرد و وەستا. لە سەرخۆش دەچوو. تانجییەکی بینی لە سووچێکدا خۆی داتەپاندبوو، پاشان یەکێکی تری دی، ئەویان بریندار بوو و برینەکەی دەلێستەوە. سۆراخی ئادۆنیسی لە تانجییەکان کرد و ئەوان قروسکاندیان. تانجییەکی تر و دانەیەکی تریش کەوتنە قروسکە، گوێیان بریندار بوو، خوێنیان لێ دەتکا. ڤینوس لە ئاستیاندا ئەبڵەق وەستا و هەستی کرد مەرگ زەفەری بە ئادۆنیس بردووە. بۆیە کەوتە سەرکۆنەی مەرگ و وتی:

- هەی زۆرداری ڕەزاقورسی ناشیرینی ڕەقەڵەی بنێس، هەی ئەوەی خۆشەویستان لە یەک دەکەیت، هەی بزەتاڵ، کرمی زەوی، بۆچی جوانیی ئادۆنیس دەخنکێنیت و هەناسەی لێ دەبڕیت؟ گوڵان بە هەناسەی ئەو دەژیان و دەبریقانەوە. نا، نابێت مردبێت! چونکە جوانییەکەیت دیبا لە ئاستی ئەبڵەق دەبوویت. بەڵام تۆ چاوت نییە. هەڕەمەکییانە و شەلم کوێرم ناپارێزم هەموو کەس دەکوژیت. خۆی دەبێت پیری پەککەوتە بکوژیت کە کاتی مەرگیەتی، کەچی واز لەوان دەهێنیت و دڵی منداڵێکی وەک ئادۆنیس شەق دەکەیت! گوێت لە دەنگی بووایە هێزت لێ دەبڕا. خوا فەرمانی پێت داوە کەفتەکاران لە تەندروستەکان بژار بکەیت، زیانبەخشەکان لە بێزیانەکان بژار بکەیت، دڕکوداڵ لە گوڵ بژار بکەیت، کەچی تۆ گوڵی گەشاوەی وەک ئادۆنیست ڕنیوە! خواکان لەسەر ئەمە بە نەفرەتت دەکەن. ئاخر بۆ ئادۆنیس؟ ئەو دەبوو تیری ئەوین بیپێکایە، نەک تیری مەرگ! تۆ چیت داوە لەم کارە؟ تینووی ئەو فرمێسکانەیت کە خۆت دەبیتە هۆی ڕشتنیان؟ ئاخرناڵەناڵی ئێمە چ سوودێکی بۆ تۆ هەیە؟ بۆ ئەو چاوانەت بۆ تاتایە بە داخستن دا کە هەموو چاوێکی تریان فێری بینین دەکرد؟ تۆ جوانترین و باشترین کاری سرووشتت لە نێو برد!

ڤینوس پاش وتنی ئەم قسانە دڵی پڕ بوو. بە کوڵ گریا و فرمێسک بەسەر سنگیدا داچۆڕا.

پاش قەیرێک گوێی لە دەنگی ڕاوچییەک بوو و دەیوت: «هەتتەلە». ئەم دەنگە ئەوەندە هیوابەخش و خۆش بوو لای، تەنانەت گۆرانیش ئاوها منداڵی ساوای ژێر نەکردووەتەوە. لە خۆشیدا بووژایەوە. وای هەست کرد دەنگی ئادۆنیس بێت. لە گریان و فرمێسکڕشتن وەستا. ئەڤین چەند سەیرە، لە هەمان کاتدا باوەڕنەهێنترین و خۆشباوەڕترینە! ئەڤین لە هەموو شتێکدا پەڕگیرە، هەم لە خەم و هەم لە خۆشیدا، هەم لە هیوا و هەم لە بێهیواییدا. پەڕگیریش هەردەم دەبێتە گاڵتەجاڕ.

جا ڤینوس پاشگەز بووەوە لەو سەرکۆنەیەی مەرگ کە کردی. هەستی کرد بڕیارێکی بەپەلەی داوە. وتی:

- ئەی پاشای گۆڕەکان، ئەی خاوەن گۆڕی پاشاکان، ئەی سەروەری بەزەبری هەموو ئەوانەی دەمرن، ئەی مەرگی شیرین، بمبوورە، گاڵتەم کرد. کە بڕەکەکەم دی، ئەو دڕندە خوێناوییە بێبەزەییە، تۆزێک ترسام. پاشان، ئەی مەرگی نەرمونیان، دەبێت ددان بەو ڕاستییەشدا بنێم، لە ترسی مەرگی خۆشەویستەکەم بە تۆدا تەقیمەوە. خەتای من نەبوو، بڕەکەکە زمانمی ورووژاند. تۆڵە لەو بستێنە. ئەو بوونەوەرە پیسە بوو کە خراپەی بەرانبەرت کرد. من تەنها نوواندنم کرد، ئەو نووسەری نەگە و هەڵبەستراو و بوختانەکانم بوو. هەردەم پەژارە مرۆڤ وا لێ دەکات ببێت بە خاوەنی دوو زمان، هیچ ژنێکیش تا ئێستا نەیتوانیوە لە کاتی پەژارەدا دوو زمانی دژبەیەکی نەبێت. مەگەر ئەو ژنە بە هێندەی دە ژن زیرەک بێت.

ئیتر ئاوا هیوای خواست ئادۆنیس مابێت. گومانەکانی خۆیی کەم دەکردەوە و زمانلووسیی بۆ مەرگ دەکرد. ئیتر باسی ئەوەی دەکرد مەرگ چەند باشە و چەند شکۆمەندە و چەند بەڕێزە و چۆن بەسەر هەزاران زۆرداردا زاڵ بووە. وتی:

- ئاخ خوایە، چەند گەمژە بووم کە ئەوەندە بیرم لاواز و گەوجانە بوو! بۆ مەرگی ئادۆنیس دەملاواندەوە لە کاتێکدا ئەو دەژی و نابێت تا دوارۆژ بمرێت. چونکە ئەگەر ئەو بمرێت ئیتر جوانیش لەگەڵ ئەو دەمرێت. جوانیش بمرێت دونیا دەچێتەوە دۆخی شێواویی پێش دروستبوونی گەردوون. ئەی ئەڤینی گەمژە، داوەشێیت کە ئەوەندە ساویلکەیت و ئەوەندە دەترسیت. ئەڤین هەردەم وا هەست دەکات بارە زێڕی پێیە و دز دەورەی لێ داوە! خۆ تۆ بە چاوی خۆت ئەوت نەدیوە مردبێت، ئیتر ئەم شیوەن و ڕۆڕۆیەت لە چییە؟

دەنگی کەڕەنایەکی شاد هات و ئەم وتانەی پێ بڕی. شاگەشکە بوو و تەواو لە دۆخی لێقەوماوییەکەی دەرچوو. خێرا بەرەو دەنگەکە ڕایکرد، تەنانەت هێندە دڵخۆش بوو، کە دڕکی هەندێک دەوەن لەشیان بریندار دەکرد و ئەو بە خۆیی نەدەزانی.
بەڵام مخابن، لەناکاو چاوی کەوت بە لاشەی مردووی ئادۆنیس کە لە خوێنی خۆیدا گەوزابوو.

ڤینوس تووشی شەبەیخوون و هەژەند بوو، چاوانی داخست و بۆ ماوەیەکی درێژ نەیکردنەوە، ئاوها بینایی خۆی لە تاریکیدا قەتیس کرد. پاش کەمێک ناڵەیەک لە دڵیەوە هات و هەموو ئەندامەکانی لەشی کەوتنە لەرز، وەک چۆن بوومەلەرزە زەوی دەهەژێنێت. لە لەرزەکەی خۆی تۆقی. ئینجا دیسان چاوەکانی کردەوە و چی ببینن؟! بینیی کە بڕەکەکە کەلەکەی ئادۆنیسی هەڵتلێشاندبوو و قەڵبەیەکی گەورەی کردبووە لەشیەوە و پێستە سپییە ناسکەکەی لە خوێنی خۆیدا سواخ دابوو. گوڵ و گژوگیاکانی

چواردەوری لاشەکەش خوێناوی ببوون، وەک بڵێیت لە هاوسۆزیدا لەگەڵ ئەودا خوێنیان لێ هاتبێت.

ڤینوس سەری بەسەر شانێکیدا داپەسارد، بێدەنگ هەنسکی دەدا، وەک شێتی لێ هات. باوەڕی نەدەکرد ئادۆنیس مردبێت و دەیوت:

- نا. نابێت بمرێت!

ئیتر بێدەنگ بوو. لە جێی خۆی وشک بوو. چاوی کەوتە ڕەشکەوپێشکە و برینەکەی لێ بوو بە سێ برین. دەموچاوی ئادۆنیسی لێ بوو بە دوو دەموچاو. وتی:

- شیوەنم بۆ یەکێک پێ ناکرێت، کەچی بڕوانە، ئەوە دوو ئادۆنیس مردوون! ئاخم لێ بڕا، فرمێسکم لێ بڕا، چاوم گڕی گرت، دڵم توایەوە. ئارەزووم گڕی گرت و وا خۆم دەسووتێنێت و دەکوژێت. مخابن، ئەی جیهانی داماو، چ خەزێنەیەکت لە دەست دا! لە پاش ئادۆنیس ڕووی کێ شایستەی بینینە؟ دەنگی کێ مووسیکە؟ بڵێ ژیان، دوای ئادۆنیس چیی ترت هەیە پێوەی بنازیت؟ گوڵ؟ گوڵ لە ئاست جوانیی ئادۆنیسدا شەرمەزارە. جوانی لەگەڵ ئادۆنیسدا لەدایک بوو و لەگەڵ ئەودا مرد. بۆیە ئەی جیهان، جوانیی ترت نەما لە دەستی بدەیت. ئەو کاتەی ئادۆنیس دەژیا خۆر و با دەیانەویست جوانیی لێ بدزن. کڵاوەکەیان لێ دەدزی و کە دەکەوتە گریان بەزەییان پیایدا دەهاتەوە و کڵاوەکەیان دەداتەوە ژێریان دەکردەوە. ئادۆنیس ئەوەندە جوان بوو کە شێر خۆی لێی دەشاردەوە و بە دزییەوە بە پەنایدا دەڕۆیشت، چونکە هەم دەیەویست دەموچاوە جوانەکەی ئەو ببینێت، هەم نەیدەویست بیترسێنێت. کە بۆ خۆشیی خۆی گۆرانیی دەبێژا پڵنگی هاریماڵی دەکرد و دادەنیشت بە هێمنی گوێی لێ دەگرت. کە قسەی دەکرد گورگ وازی لە بەرخ دەهێنا و ئیتر ئەو ڕۆژە نەدەچووەوە بە لایدا. کە سەیری خۆی دەکرد لە ئاوی جۆگەلەدا، ماسی لە وێنەدانەوەکەی کۆ دەبوونەوە. کە نزیکی باڵداران دەبووەوە ئەوەندەیان خۆش دەویست کە هەندێکیان دەکەوتنە چریکە و ناڵە و هەندێکی تریان شاتوو و گێلاسی گەییویان بە دەنووک لێدەکردەوە و بۆیان دەهێنا و دەیانکرد بە دەمیدا. بەڵام ئەو بڕەکە قێزەونە بێبەزەییە، کە هەردەم سەری داخستووە و بە دوای گۆڕدا دەگەڕێت، ئەو جوانییەی ئەوی نەدی. ئەو هەموو کەیفوسەفایەی نەدەدی کە ئەو پەخشی دەکردن. بەڵام نا، نەیدیوە، ئەگەر دیبای، ئەوا بیری لەوە دەکردەوە هەر بە ماچ بیکوژێت. نا، هەر وا بووە، بینیویەتی! ئادۆنیس بە ڕمەکەی هەڵیکوتاوەتە سەر بڕەکەکە، بەڵام بڕەکەکە نەیویستووە پەلاماری بدات، بەڵکو ویستوویە ماچی بکات. بۆیە کە لووتی لە کەلەکەی ئادۆنیس خشاندووە، بێئاگا

کەڵبەکەی تیایدا چەقیوە. منیش گیانێکم بەوە بوو کەڵبەم نەبوو، دەنا لە کاتی ماچدا کەڵبەکانم لە بیر دەچووەوە و دەچوون بە شوێنێکیدا و دەیانکوشت. بەڵام ئاخ، هەزاران ئاخ کە ئەو مرد و ئیتر من بە جوانییەکەی ئەو ڕێژەندار نابم کە منداڵێکی وەک ئەو جوانم لێ بووایە. ئەوەندەی تر بەنەفرەت بووم!

پاش وتنی ئەمە لە جێی خۆیدا لێی کەوت. خوێنەکەی ئادۆنیسی لە دەموچاوی خۆی سوو. دەستی ساردی ئادۆنیسی گرت و سەیری لێوە زەردهەڵگەڕاوەکانی کرد. پێڵووی هەڵبڕی و سەیری دوو چاوی کرد. دوو چاوی چی؟ دەتوت چران و کوژاونەتەوە و لە تاریکیدا ڕاکشاون. ئەو چاوانەی وەک ئاوێنە هەزاران جار سەیری خۆیی تێیاندا کردبوو، کەچی ئێستا وێنە نادەنەوە. ڤینوس دەمی برد بۆ گوێی ئادۆنیس و ڕازێکی دڵتەزێنی بە گوێیدا چرپاند. وتی:

- ئاخ ئەی چەرخی چەپگەرد! ئەمە لە ڕقی منە کە تۆ دەمریت، کەچی دونیا تاریک دانایەت و هەر ڕووناکە. بەڵام مادەم تۆ مردیت و لە دەستم چوویت، پێشبینی دەکەم لەمەودوا ئەڤین هەردەم پڕ خەم بێت. بەردەوام خەڵک تووشی ئیرەکردن بکات. سەرەتای هەموو ئەڤینێک شیرین و کۆتایی تاڵ بێت. هەردەم پڕ لە هەڵبەز و دابەز و هەوراز و نشێو بێت و سەقامگیری و هاوسەونگی بە خۆیەوە نەبینێت. ئازاری لە چێژ زیاتر بێت. دەبێت ئەڤین پڕ بێت لە ڕاڕایی و فێڵ و مرۆڤ تووشی هەڵە بکات. هەر لەگەڵ سەرهەڵدانی یەکسەر بتەقێتەوە، نەک کاتی پێ بچێت. دەبێت بنی ئەڤین ژەهر بێت و ڕووکەشەکەی ئەوەندە شیرین بێت کە هەموو کەسێک فریو بدات. بەهێز بکاتە لاواز، دانا لە قسە بخات و گەمژە بهێنێتە قسە. پارێزکار و میانڕۆ بێت، بەڵام پڕ بێت لە ئاژاوە. پیری کەفتەکار بهێنێتە سەما. سێبەندیی شەللاتی چەقۆکێش بێدەنگ بکات. دەوڵەمەند نابووت بکات، هەژار دەوڵەمەند بکات. دەبێت ئەڤین تووڕە و شێتگیر بێت و کە هێوریش بووەوە گەمژانە هێور ببێتەوە. گەنج پیر بکات و پیر بکات بە منداڵ. مرۆڤ تووشی بەدگومانی بکات لەو شتەی نابێت گومانی لێ بکات، وایشی لێ بکات نەترسێت لەوەی دەبێت لێی بەگومان بێت. دەبێت لەمەودوا ئەڤین میهرەبان و بەزەبر بێت. لەو کاتەی وا دیارە زۆر دادپەروەرە، هەڵخڵەتێنەر بێت، لەو کاتەشی وا پیشانی دەدات گوێڕایەڵترینە، لاسار بێت. نەترس تووشی ترس بکات، ترسنۆک ئازا بکات. دەبێت ئەڤین ببێتە هۆی جەنگ و ڕووداوی تۆقێنەر. دووبەرەکی بخاتە نێوان کوڕ و باوک و کچ و دایکەوە. دەبێت ئەڤین بە دەستی سەربزێوانەوەماڵی بێت. یارمەتیدەری ئاگرکەوتنەوە بێت، هەر وەک شتگەلی وشکی گڕگر چۆنن بۆ ئاگر.

مادەم مەرگ خۆشەویستەکەمی لە تافی لاویدا لێم برد، دەبێت کەسی تر چێژ لە خۆشەویستی نەبینێت، با خۆشەویستەکانیشیان زۆر خۆش بوێت.

ئادۆنیس کە بە پەنا ڤینوسدا بە مردوویی ڕاکشابوو، دوای ئەم وتانە لەناکاو نەما، وەک بڵێیت بوو بە هەڵم. لە ناوەڕاستی خوێنی ڕژاوی ئادۆنیسدا گوڵێک هەڵتۆقی، خۆی سپی بوو و خاڵخاڵی جەرگیی تێدا بوو. گوڵەکە هەر وەک گۆنای ئادۆنیس سپی بوو کە پرژەی خوێنە جەرگییەکەی بەرکەوتبوو.

ڤینوس نووشتایەوە و بۆنی ئەم گوڵەی کرد، بەراوردی کرد بە بۆنی هەناسەی ئادۆنیس. ئینجا گوڵەکەی ڕنی، لاسکەکەی لێکردەوە و خستیە سنگیەوە. شیلە لە شوێنی لاسکە شکاوەکەوە دەرچوو، هەر وەک بڵێیت دەگرییێت. ڤینوس بە گوڵەکەی وت:

- ئەی گوڵی داماو، ئەی وەچەی شیرینی باوکێکی بۆنشیرین، با باسی ئادۆنیسی باوکت بۆ بکەم: بچووکترین خەم دەیخستە گریان. ئاواتی ئەوە بوو زوو پێبگات، ڕێک وەک تۆ. باشترە لە سنگی مندا سیس و ژاکاو ببیتەوە، نەک لە خوێنەکەی باوکتدا. سنگی من پێخەفی باوکت بوو، با ببێتە پێخەفی تۆش، چونکە تۆ میراتگری ئەویت و مافی خۆتە ئەوەت بۆ بمێنێتەوە کە لەوەوە بە جێ ماوە. با درزی مەمکم ببێتە لانکەی تۆ و دڵم ڕاتبژەنێت. لەمەودوا بۆ تاتایە هەموو خولەکێک تۆی شیرین ماچ دەکەم.

ئیتر ماندوو ماندوو بەرەو دوور چوو. کۆترەکانی بەستەوە و خۆیشی سواری گالیسکەکەی بوو، چونکە گالیسکەکەی ڤینوس بە کۆتر دەڕۆیشت. کۆترەکان گالیسکەکەیان هەڵفڕاند و بە ئاسماندا فڕین و کەوتنە ڕێ بۆ شاری پافۆس، کە زێدی ڤینوسە و لە قوبروسە. ڤینوس نیازی وا بوو بۆ تاتایە لەوێ خۆی بەند بکات و چیتر کەس نەبینێتەوە.

# ڤینوس و ئادۆنیس

با ڕەشوڕووت بە ناپەسەند سەرسام بن. ئەی ئاپۆلۆنی پرچزێڕین،
جامێکی لێوانلێو لە ئاوی کانیی کاستالیام پێ ببەخشە[i].

*Vilia miretur vulgus: mihi flavus Apollo*
*Pocula Castalia plena ministret aqua.*

# ڤینوس و ئادۆنیس

# پێشکێشنامە

بۆ ئابرووموەندی سەرڕاست، هێنری ڕایۆثێسلی، ئێرلی ساوثهامپتن و بارۆنی تیچفیلد[ii].

ئەی ئابرووموەندی سەرڕاست، نازانم بە پێشکێشکردنی ئەم دێرە مشتومالّنەکراوانەم بە هێژاتان چ بێڕێزییەک دەکەم، یان جیهان چۆن داوەریم دەکات لە هەڵبژاردنی پشتیوانێکی هێندە بەهێز بۆ پشتیوانیی ئەرکێکی هێندە لاواز. تەنها ئەگەر ئابرووموەندتان خۆشحاڵ بن، ئەوا وا دادەنێم کە زۆر بەرز ستایش کراوم، بەڵێنیش دەدەم سوود لە هەموو کاتە بەتاڵەکانم ببینم تا کارێکی مەندترتان پێشکێش بکەم[iii]. بەڵام ئەگەر یەکەم وەچەی داهێنانم کەمئەندام دەرچوو، ئەوا خەمبار دەبم کە باوکسالارێکی هێندە ناوخاسی هەبووە[iv]، هەرگیز جارێکی تر خاکێکی وەها بێبەر ناکێڵم لە ترسی ئەوەی نەکا دیسان دروێنەیەکی هێندە خراپی لێ بکەم. بۆ چاوپێداگێڕانی ئابرووموەندتان و خۆشیی دڵتانی بە جێ دەهێڵم، کە خوازیارم هەردەم وەڵامی خواستی خۆتان و چاوەڕوانیی ئومێدەوارانەی جیهان بداتەوە.

خزمەتکاری ئابرووموەندتان،
ویلیەم شێکسپیر

# دەقی ڤینوس و ئادۆنیس

هەر کە خۆر بە ڕووێکی جەرگییەوە[1]
دوایین ماڵئاوایی لە کازیوەی گریاو[2] کرد،
ئادۆنیسی[3] ڕووگوڵین بە دوایدا دەستوبردی کرد بۆ ڕاو.
ڕاوی خۆش دەویست، بەڵام بەسووکبینینەوە بە ئەڤین پێدەکەنی.
ڤینوسی[4] بیرخەستە[5] بەرەو وی[6] پەلەی کرد،
وەک خوازبێنیکەرێکی ڕووقایم کەوتە سازکردنی[7] وی[8].

وێ وەها دەستی پێ کرد: «ئەی ئەوەی سێ جار لە خۆم جوانتریت،
شاگوڵی نێو باخ[9]، بێمیناک لە شیرینیدا،
نەنگیی گشت نیمفەکان[10]، جوانتر لە هەر مرۆڤێک،
سپیتر و ئاڵتر لە کۆتر و گوڵەباخ[11]،
کە سرووشت دروستی کردیت لەگەڵ خۆی کێشمەکێشی بوو،
دەیوت جیهان لەگەڵ ژیانی تۆ کۆتایی دێت[12].

تکایە ئەی سەرسڕمێنەر، لە ئەسپەکەت دابەزە و
سەرە شانازەکەی وی بە بەرکۆی زینەکەوە جڵەو بکە[13].
گەر ئەم چاکەیە بکەیت، ئەوا لە پاداشتدا
هەزار ڕازی هەنگوینین دەزانیت.
وەرە ئێرە و دابنیشە، کە مار لێرە هەرگیز نافیشکێنێت.
کە دانیشتیت، ماچپرژێنت دەکەم.

بەڵام لێوەکانت بە تێریی بێزلێهاتووەوە سەربار ناکەم،
بەڵکو لە نێو تەسەلییاندا برسییان دەکەم.
بە جۆراوجۆرێتیی نوێ ئاڵیان دەکەم و هەڵیاندەبزرکێنمەوە[14].
دە ماچ وەک ماچێک کورت، ماچێک وەک بیست درێژ.
لە ڕابواردنێکی وەها کاتبەردا وەها مەست بیت کە
ڕۆژێکی هاوین بە قەد تاوێک کورت دیار بێت[15]».

لەگەڵ وتنی ئەمە، ئینجا ناولەپی ئارەقاویی ویی گرت،
کە نیشاندەری گوڕ و ژیانە[16]،
وێ لەتاو ئەڵهای دەلەرزی، پێی وت هەتوان،
بەکارترین مەرهەمی زەوی کە بۆ خواژنێک باش بێت.
وا ورووژابوو، ئارەزوو وا وزەی پێی دابوو
کە ئازایانە ویی لە ئەسپەکەی داگرت.

لە ژێر باڵێکدا جڵەوی خۆشبەزی[17] بەگوڕ،
لە ژێر باڵەکەی تری وێدا کوڕەی ناسک،
کوڕە بە مگێزێکی گیراوەوە، خاو لە یاری،
لە بێزکردنەوەیەکی ناشادانەدا سوور هەڵگەڕا و لچی هەڵقرچاند[18].
وێ ئاڵ و گەرم وەک پشکۆی گڕێکی بەجۆش،
وی ئاڵ لە شەرمدا، ئارەزوو بەستوو.

وێ گورج لغاوە قرتێنەدارەکەی
لە پەلێکی ئەستوور بەست. ئای، ئەڤین چ خێرایە!
ئەسپە بەسترایەوە. جا ئێستا
کەوتە هەوڵ بۆ گرتنی سوارەکە.
بەرەو دوا ویی ڕاکێشا، وەک بیەوێت کوتی پێوە بدرێت.
وێ لە هێزدا ویی ڕام کرد، بەڵام لە ئارەزوودا نا.

هەر کە وی ڕاکشا، وێش خێرا بە پاڵیدا،
هەردووک لەسەر ئانیشک و کوڵۆتیان ڕاکشان.
جا وێ دەستی بە گۆنای ویدا هێنا، وی مۆن بووەوە و
کەوتە سکاڵا. بەڵام وێ خێرا لێوەکانی ویی وەستاند و
ماچی کرد، بە زمانێکی پچڕپچڕی ئاڵۆشاوییەوە وتی:
«گەر سکاڵا بکەیت، لێوەکانت هەرگیز ناکرێنەوە».

وی بە شەرمی کەمڕوویی دەسووتا، ویٚ بە فرمێسکی
گڕی سەربەمۆریی گۆناکانی ویی دەکوژاندەوە.
پاشان ویٚ کەوتە ئەوەی بە ئاخە بائاساکانی و پرچە زێڕینەکەی
باوەشێنیان بکات و دیسان بە فوو وشکیان بکاتەوە.
وی وتی ویٚ بێشەرمە، لۆمەی کارە چەوتەکەی کرد.
ئەوانەی دواتر هاتن ویٚ بە ماچێک کوشتنی.

وەک هەڵۆیەکی برسی، کە ڕۆژوو تیژی کردبێت،
پەڕ و گۆشت و ئێسک بە دەنووکی یەکالا دەکاتەوە،
باڵەکانی ڕادەوەشێنێت، بەپەلە هەموو شت لووش دەدات،
تا یان گەرووی سیخناخ دەبێت، یان نێچیر نامێنێت،
ئاوها ویٚ برۆ و گۆنا و چەناگەی ویی ماچ دەکرد.
هەر کە تەواو دەبوو، سەرلەنویٚ دەستی پیٚ دەکردەوە.

وی ناچار بوو مل بدات، بەڵام هەرگیز ملکەچ نەبێت،
بە هەناسەبڕکێوە ڕاکشا و بە ڕووی وێدا هەناسەی دەدایەوە.
ویٚ ئەو هاڵاوەی دەخوارد، وەک بڵێیت نێچیر بێت،
پێی دەوت شێی ئاسمانییە، هەوای بەخشینە.
خوازیار بوو چەناگەی خۆی باخێکی پڕ گوڵ بووایە،
تا بەو ڕێژنە دڵۆپاوە شەونماوی بووایە.

وەک چۆن باڵندە لە تۆڕ دەئاڵێت،
ئادۆنیسیش لە باوەشی وێدا ئاوها گریٚ درابوو و ڕاکشابوو.
شەرمی پاراو و بەرەنگاریی ترساوانە خستیانە دڵەڕاوکێوە.
ئەمەش جوانیی زیاتری لە نێو چاوە تووڕەکانیدا هەڵهێنا.
باران بچێتە سەر ڕووبارێکی سەرڕێژ
ناچار ناچاری دەکات کەنارەکەی بداتە بەر لافاو[19].

وێ هەر دەپاڕایەوە، جوان دەپاڕایەوە،
چونکە سەربوردەی خۆی بۆ گوێیەکی جوان کۆک کردبوو.
وی هەر ڕووگرژ، هەر مۆن بوو و لە دڵەڕاوکێدا بوو،
لە نێوان شەرمی زرشکی و تووڕەیی خۆڵەمێشیی سپیدا بوو.
کە وی ئاڵ دەبوو وێ زیاتر خۆشی دەویست، کە سپیش دەبوو،
زیاترەکەی بە چێژێکی زیاترەوە زیاتر دەبوو[20].

وی چۆن دەتوانێت، وێ ناتوانێت لە ئەڤین زیاتر هەڵبژێرێت[21].
وێ بە دەستە نەمرە جوانەکانی خۆی سوێندی خوارد[22]
کە وێ هەرگیز لە سنگە نەرمەکەی وی نەبێتەوە
تا وی لەگەڵ فرمێسکە دژبەرەکانی وێدا نەکەوێتە ئاگربەست،
کە دەمێکە دەبارێن و گۆناکانییان تەواو تەڕ کردووە.
ماچێکی شیرین ئەم قەرزە بێشومارە دەداتەوە.

وی لەسەر ئەم بەڵێنە چەناگەی خۆی هەڵبڕی.
وەک پێبەقونەیەک[23] کە بە نێو شەپۆلێکدا بڕوانێت و
هەر کە بینرا، خێرا سەر بخاتەوە نێو ئاو.
بۆیە ئامادە بوو ئەوە ببەخشێت کە وێ بێزووی پێوەی دەکرد.
بەڵام کە لێوی وێ ئامادەی کرێدانەکەی وی بوو،
وی چاوی نووقاند و لێوی دوور خستەوە.

هەرگیز هیچ ڕێبوارێک لە گەرمای هاویندا
هێندەی وێ بۆ ئەم چاکەیە تینووی خواردنەوە نەبووە.
وێ یارمەتییەکە دەبینێت، بەڵام بە یارمەتییەکە ناگات.
لە نێو ئاودا دادەشۆرێت، بەڵام هەر دەبێت ئاگرەکەی بسووتێت[24].
ناڵاندی: «ئاخ، بەزەییەک! ئەی کوڕە دڵئەستێکە[25]،
بۆ تەنها ماچێک دەپاڕێمەوە، بۆ وا ناز دەکەیت؟

وەک چۆن ئێستا لێت دەپاڕێمەوە، خۆیشم ئاوها هەوڵی سازکردنم دراوە.
تەنانەت خوا بەزەبر و سامناکەکەی جەنگیش[26]،
کە ملە ماسولکاوییەکەی هیچ کاتێک لە جەنگدا نەچەمیوە و
لە هەر دژبەرییەکدا چووبێتە کوێ داگیری کردووە، [هەوڵی سازکردنمی داوە].
کەچی دیل و کۆیلەی من بوو و
بۆ ئەوە دەپاڕایەوە کە تۆ داوات نەکردووە و پێتم داوە[27].

نێزە و مەتاڵە کوتراوەکەی و
کڵاوزرێ داگیرنەکراوەکەی بەسەر قوربانگەکانمدا[28] هەڵواسین.
لە پێناو منیشدا فێری سەما و یاری و
گاڵتە و هاری و چاوباشقاڵی و بزە و شۆخی بوو.
قێزی لە تەپڵە لاسارەکەی و ئاڵا ئاڵەکەی هاتەوە.
باوەشمی کرد بە مەیدانی و خێوەتەکەی بە پێخەفم.

ئاوها ئەوەم ڕکێف کرد کە [هەمووانی] جڵەو دەکرد.
لە نێو زنجیرێکی گوڵاڵەسوورەدا ڕێنوێنییم دەکرد.
هێزە بەهێزترەکەی ئەو پۆڵای بەهێزی ملکەچ دەکرد،
کەچی نۆکەری سووکایەتییە پڕنازەکەم بوو.
ئاخ، فیز نەتگرێت، بە تواناشتەوە مەنازێ،
کە سەروەرێتیی ئەوە دەکەیت کە خوای جەنگی بەزاندووە.

بەو لێوە جوانانەت تەنها لێوم بساوە.
گەرچی هی من هێندە جوان نین، بەڵام ئاڵن.
ماچەکە دەبێتە هی خۆت و خۆیشم.
سەیری چی دەکەیت لە نێو زەویدا؟ سەر هەڵبڕە.
بڕوانە نێو گلێنەکانم، جوانیت لەوێ ڕاکشاوە.
پاشان بۆ لێو لەسەر لێو نەبێت کە چاو لە نێو چاودا بێت؟

شەرم دەکەیت ماچم بکەیت؟ کەواتە دیسان چاو بنووقێنە،
منیش چاو دەنووقێنم، بۆ ئەوەی ڕۆژ وەک شەو وا بێت.
ئەڤین شادییەکانی لەو جێیە هەڵدەگرێت کە تەنها هەر دووانی لێیە.
بوێرە یاری بکەیت. ڕابواردنەکەمان لە بەر چاوان نییە.
ئەم وەنەوشە ڕەگشینانەی لەسەریان ڕاکشاوین
هەرگیز ناتوانن بدرکێنن، ناشزانن مەبەستمان چییە.

بەهارە تەنکەکەی سەر لێوە لاسدەرەکەت
نەگەییو دەرتدەخات[29]، بەڵام دەکرێت چاک تام بکرێیت.
سوود لە کات وەربگرە[30]، هەلەکە لە چنگ خۆت مەدە.
نابێت جوانی لەناو خۆیدا بە فیڕۆ بدرێت.
ئەو گوڵە جوانانەی لە تافی خۆیاندا نەچنرێنەوە
زوو دەڕزێن و دەژاکێن.

گەر [خوا]پێنەداوم، ناحەزم، یان پیر و چرچم،
بەدبەخێوکراوم، خواروخێچم، لاسارم، دەنگناخۆشم،
پووکاوەم، قێزەونم، باداراوییم، ساردم،
چاوکزم، نەزۆکم، بنێسم، بێوزەم،
ئەوا دەتوانیت بوەستیت، چون ئەو کات بۆ تۆ نەدەبووم.
بەڵام کە بێخەوشم، بۆ چارەمت ناوێت؟

ناتوانیت چرچییەک لە برۆمدا ببینیت.
چاوانم بۆر و گەشن[31]، خێران لە گێڕاندا.
جوانیم وەک بەهار ساڵانە دەگەشێتەوە.
لەشم ساف و خرپنە. مۆخم دەسووتێت[32].
ئەگەر دەستی نەرم و شێدارم[33] دەستت بساوێت
لە ناولەپتدا دەتوێتەوە، یان وا دیار دەبێت شل ببێتەوە.

ڕێم بدە بدوێم، با گوێت جادووبەست بکەم.
یان وەک پەری لەسەر سەوزاییەکە هەڵپەڕم.
یان وەک نیمفێک بە قژی درێژ و پەرێشانەوە
لەسەر ﻟﻢ سەما بکەم، جێپێشم تیایدا دیار نەبێت.
ئەڤین گیانێکە سەرتاپا لە گڕ پێکهاتووە.
قەڵەو نییە تا نوقم بێت، بەڵکو سووکە و بەرزەفڕە.

بڕوانە ئەم کەوشەنی گوڵەتووتیایەی[34] لەسەری ڕاکشاوم:
ئەم گوڵە لاوازانە وەک درەختی ڕەختە پاڵپشتمن.
دوو کۆتری بێهێز بە ئاسماندا ڕامدەکێشن،
لە بەیان تا شەو، تەنانەت بۆ ئەو جێیەی بخوازم لێی ڕابوێرم.
کوڕە شیرینەکە، کە ئەڤین هێندە سووکە، ئیتر بۆچی
پێت وایە لەسەر تۆ قورسە؟

ئایا دڵت ئەڤینداری ڕووی خۆت بووە؟
دەکرێت دەستی ڕاستت لە دەستی چەپت ئەڤینی چنگ بکەوێت؟
کەواتە خۆت ساز بکە[35]، بە خۆت خۆت ڕەت بکەوە،
ئازادیی خۆت بدزە، ئینجا سکاڵا لە دزیی بکە.
نارسیسوس-یش هەر وا خۆی خۆی بە جێ هێشت،
بۆ ئەوەی سێبەرەکەی خۆی لە جۆگەلەکەدا ماچ بکات مرد.

چۆڵەچرا بۆ ئەوە دروست کراون ڕووناکی بدەن، خشڵ بۆ پۆشین،
شیرینی بۆ تام، جوانیی سازگار بۆ بەکارهێنان،
گیا بۆ بۆنیان، ڕووەکی تێراویش بۆ بەرگرتن.
ئەوانەی بۆ خۆیان پێدەگەن بەدبەکارهێنانی پێگەیشتنە[36].
تۆو لە تۆوەوە دەردەچێت، جوانیش جوانیی لێ دەزێت:
خۆت [لە یەکێک] زاویت، ئەرکت ئەوەیە بزێیت.

بۆ دەبێت تۆ لە ڕۆزیی زەوی بخۆیت،
ئەگەر زەوی لە ڕۆزیی تۆ نەخوات؟
بە یاسای سرووشت ناچاریت بزێیت،
تا کە خۆت مردیت ئەوەی هی تۆیە بژیێت.
ئاوهاش وێڕای مەرگ زیندوو دەمێنیتەوە،
بەوەی کە هاوشێوەکەت هێشتا زیندووە».

شاژنە شەیداکە دوای ئەمە کەوتە ئارەقکردنەوە،
چون لەو جێیەی لێی ڕاکشابوون سێبەر بە جێی هێشتبوون.
تیتانیش[37]، کە لە گەرمای نیوەڕۆدا ماندوو بوو،
بە چاوی سووتێن گەرم لێیانی ڕووانیی.
کاشکای خواست ئادۆنیس دەستەکەی ئەو بئاژووێت،
خۆیشی وەک وی لە تەک ڤینوسدا بووایە[38].

جا ئادۆنیس ئێستا بە تینێکی لاوازەوە،
بە چاوێکی قورسی تۆخی نەخوازەوە،
برۆ داکەوتووەکانی دیمەنە جوانەکەییان شڵەژاند،
وەک هەڵمی تەماوی کە ئاسمان لەکاوی دەکەن،
کوڵمەکانی گرژ کرد، نەڕاندی: «شەرمە! بەسە ئیتر خۆشەویستی!
خۆرەکە دەموچاومی سووتاند، دەبێت بڕۆم».

ڤینوس وتی: «ئای لە من! گەنج و هێندە دڵڕەق،
چ پاساوێکی پووچە کە وات لێ دەکات بڕۆیت؟
بە هەناسەی ئاسمانی ئاخ هەڵدەکێشم، بەشکو با نیانەکەی
گەرمیی ئەم خۆرە داکەوتووە فێنک بکاتەوە.
بە قژم سێبەرێکت بۆ دروست دەکەم،
ئەگەر ئەوانیش سووتێن بوون، ئەوا بە فرمێسکم دەیانکوژێنمەوە.

ئەو خۆرەی لە ئاسمان هەڵدێت بە گەرمی هەڵدێت،
بەڵام بڕوانە، من لە نێوان ئەو خۆرە و تۆدا ڕاکشاوم.
ئەو گەرمییەی لەوێوە پێم دەگات زیانی وای نییە.
چاوت تیری ئەو گڕەم تێ دەگرێت کە دەمسووتێنێت.
گەر نەمر نەبوومایە، لە نێوان ئەم خۆرە ئاسمانییە و
ئەم خۆرە زەمینییەدا ژیانم تەواو دەبوو.

ئایا سەرسەختیت، بەردەئەستێئاسا، وەک پۆڵا سەختیت؟
یان لە بەردەئەستێ زیاتریش، چون بەرد لە بەر باران شل دەبێت.
کوڕی ژنێکیت و ناتوانیت هەست بکەیت خۆشەویستی چییە؟
نەداری لە خۆشەویستیدا چەند ئازاردەرە؟
ئاخ! ئەگەر دایکیشت مێشکێکی هێندە ڕەقی[39] هەبووایە
تۆی نەدەهێنایە دونیاوە، بەڵکو بە وەجاخکوێری[40] دەمرد.

من چیمە کە ئاوها قێزت لێم دێتەوە؟
یان داخوازییەکەم چ مەترسییەکی تێدایە؟
بە ماچێکی بچووک چۆن لێوەکانت خراپتر دەبن؟
بڵێ، ئەی جوان؛ بەڵام وتەی جوان بڵێ، یان بێدەنگ بە.
ماچێکم بدەیە، منیش دووبارە دەتدەمەوە،
دانەیەک زیادەش، گەر دووانت بوێت.

مخابن، ئەی وێنەی بێگیان، بەردی ساردوسڕ،
بتی باشتاشراو، وێنەی مات و مردوو،
پەیکەرێکیت کە تەنها چاو ئاسوودە دەکەیت،
شتێکی وەک پیاویت، بەڵام لە ژن نەزاویت.
تۆ پیاو نیت، گەرچی ئەدگاری پیاوت هەیە،
چون پیاوان ڕەمەکییانەش بێت ماچ دەکەن».

لەگەڵ وتنی ئەمە بێئۆقرەیی زمانە تکاکارەکەی وێی بەست،
سۆزی هەڵچوو دەبووە هۆی وچان.
گۆنای ئاڵ و چاوی ئاگرین بڵێسەی چەوتیی وێیان دەپرژاند[41].
گەرچی لە ئەڤیندا دادوەر بوو، [لێ] دۆزەکەی خۆیی پێ ڕاست نەدەکرایەوە.
ئێستاش وێ دەگرییێت، پەرۆشە بدوێت،
هەنسکەکانی مەبەستەکانی ڕادەگرن.

وێ هەندێک جار سەری ڕادەوەشێنێت، ئینجا دەستی وی،
جا لە وی دەڕوانێت، ئینجا لە زەوی.
هەندێک جار قۆڵەکانی وێ وەک کۆت وی دەپێچنەوە.
وێ دەیەوێت، بەڵام وی نایەوێت لە باوەشیدا ببەسترێتەوە.
جا کە وی هەوڵ دەدات لەوێ دەربچێت،
وێ پەنجە شلێرەکانی یەکبەیەک کلۆم دەکات.

وێ گوتی: «لاوە گیان، ئێستاش کە وا
لە نێو مەیدانی ئەم پەرژینە شەلفەییەم ناویت[42]،
دەبمە باخچەیەک و تۆش دەبیتە ئاسکی من.
لە کوێت ویست بخۆ: لەسەر کێو، یان لە نێو دۆڵ،
لە لێوەکانم بخۆ، گەر ئەو گردانەش وشک بوون،
ئەوا دابگوزەرێ بۆ ئەو جێیەی فوارە خۆشەکانی لێن.

بەشی پێویست دامرکان[43] لە نێو ئەم سنوورەدا هەیە:
گیای شیرینی دەشتایی، بانی بەرزی خۆش،
گردی خڕ و هەڵتۆقیو، مێرگی تاریک و هەڵەت،
بۆ ئەوەی لە زریان و باران پەنات بدەن.
کە من باخچەیەکی وەها بم، ئیتر ببە بە ئاسکم.
هیچ سەگێک ڕاتناپەڕێنێت، گەر هەزار جاریش بحەپێت».

ئادۆنیس بەمە بزەیەکی وەک هی بەسووکبینینی هاتێ.
لە هەر ڕوومەتێکیدا چاڵێکی جوان دەرکەوتن.
ئەڤین[44] ئەو هولۆڵییانەی دروست کرد، بۆ ئەوەی گەر خۆی سەر بڕرا،
لە گۆڕێکی وەها سادەدا بنێژرێت،
پێشوەختە چاک دەیزانی کە ئەگەر وی بێت لەوێ ڕابکشێت
ئەوا لەبەر ئەوەی ئەڤین لەوێ ژیاوە، بۆیە لەوێ نامرێت[45].

ئەم ئەشکەوتە جوانانە، ئەم چاڵە خڕ و تەلیسماوییانە،
دەمیان کردەوە بۆ ئەوەی ئارەزووی ڤینوس قووت بدەن.
کە وێ پێشتر شێت بوو، ئێستا چۆن هۆشی بێتەوە؟
کە هەر لە سەرەتاوە مرد، مردنی دووەم چ پێویستە؟
ئەی شاژنی داماوی ئەڤین، چۆن لە نێو یاسای خۆتدا لێت قەوماوە،
کە گۆنایەکت خۆش دەوێت بە قێزەوە بزەت بە ڕوودا دەکات!

ئێستا وێ ڕوو بکاتە چ ڕێیەک؟ چی بڵێت؟
وتەکانی تەواو بوون، [بەڵام] ئاخەکانی زیاتر دەبوون.
کات ڕۆیشت و خواستەکەشی بە نیازە بڕوات،
داوا دەکات لە قۆڵە هاوجووتکەرەکانی وێ دەربازی ببێت.
وێ هاواری کرد: «بەزەییت بێت، چاکەیەک، هاوسۆزییەک!».
وی بازی دا تا دوور بکەوێتەوە و بەرەو ئەسپەکەی دەستوبردی کرد.

بەڵام بڕوانە! لە چغرێکی نزیکەوە،
ماینێکی ڕەسەن، بەگوڕ و گەنج و شاناز،
خۆشبەزە توندڕۆ پێکوتەرەکەی ئادۆنیس وێی دی[46].
وێ بەرەو پێش تەکانی دا و بە دەنگی بەرز مشاندی و حیلاندی.
ئەسپەی ملئەستوور کە بە درەختێکەوە بەسترابوو،
جڵەوەکەی پساند و ڕاست بەرەو وێ ڕۆیشت.

وی زۆردارانە هەڵدەبەزییەوە، دەیحیلاند، قەڵەمبازی دەدا.
جا کەژووە چنراوەکەی لێک هەڵوەشاند.
بە سمە ڕەقەکانی زەویی ڕاگری زامدار دەکرد.
دەنگی منداڵدانە هولۆڵەکەی وەک هەورەبروسکەی ئاسمان دەبیسترا.
لغاوە ئاسنەکەی لە نێوان ددانەکانیدا شکاند.
ئەوەی ڕام کرد کە ویی پێ ڕام دەکرا.

گوێکانی هەڵخست، یاڵی هۆنراوی
بەسەر کۆتایی لاملی کەوانەییدا شۆڕ وەستابوون.
کونەلووتەکانی هەوایان هەڵدەقوڕاند و دەیاندایەوە،
وەک بڵێیت هەڵم لە کوورەوە بنێرێت.
چاوی، کە وەک ئاگر ناپەسەندانە دەدرەوشایەوە،
بوێرییە گەرم و ئارەزووە بەرزەکانی ویی نیشان دەدا.

جارجار دەیلۆقاند، وەک بڵێیت هەنگاوەکانی دەژمێرێت،
بە شکۆمەندییەکی نەرمونیانانە و شانازییەکی میانڕۆوە.
هەر جامبازەی دەکرد، هەڵبەز و دابەزی دەکرد،
وەک یەکێک بڵێت: «بڕوانە! ئاوها هێزم تاقی دەکەمەوە،
ئەمە بۆڕاکێشانی سەرنجی چاوی
ئەو ئەسپە جوانە دەکەم، کە لەوێوە وەستاوە».

چ ترسیەتی بە وروژانی تووڕەیی سوارەکەی،
یان مەرایی «هۆش» و «دەڵێم بوەستە»کەی؟
ئێستا چ باکی لە هەوسار و نەقیزەلێدان هەیە؟
یان بە ڕەختی ڕازاوە یان شەقەبەندی ڕەنگاڵە؟
تەنها ئەڤینەکەی دەبینێت و هیچی تر،
بینابیە شانازەکەی هیچی تر بە پەسەند دانانێت.

وەک چۆن وێنەکێشێک بۆڕ بە ژیان بدات
بە کێشانەوەی ئەسپێکی لەشڕێک،
هونەرەکەی لەگەڵ وەستاییەکەی سرووشتدا لە ململانێدا بێت،
وەک بڵێیت دەبێت مردووەکە زیندووەکە تێبپەڕێنێت،
ئەم ئەسپەش ئاوها لە شێوە و بوێری و ڕەنگ و ڕەوت و پەیکەردا
بەسەر ئەسپی ئاساییدا سەرکەوتبوو.

سمخڕ، مووچەکورت[47]، قولەموو[48] بژ و درێژ،
سینەپان، چاوپڕ، سەربچووک، کونەلووت فش،
تەوێڵبەرز، گوێکورت، قاچڕێک، ئێجگار بەهێز،
یاڵباریک، کلکئەستوور، پاشەڵپان، پێستتەنک:
ئەوەی ئەسپ هەیبێت ئەو لێی کەمی نەبوو،
جگە لە سوارێکی شاناز لەسەر پشتە شانازەکەی.

جارجار تا دوور ڕادەفڕێت، ئینجا لەوێوە دەڕوانێت،
بە ڕاوەشانی پەڕێک خێرا ڕادەچڵەکێت.
بنکەیەک بۆ کێشمەکێش لەگەڵ بادا ئامادە دەکات و
بۆ هەر کوێ ڕابکات، یان بفڕێت، ئەوان نازانن[49]،
چون بارەش بە نێو یاڵ و کلکیدا ستران دەبێژێت،
تووکی باوەشێن دەکات، کە وەک باڵی پەڕپۆش دەشەکێنەوە.

وی لە ئەڤینەکەی خۆیی ڕووانی و بۆی حیلاند.
وێ وەک بڵێیت بە مێشکی ویی زانی، بەرسڤی دا.
کە وێ ویی دی سازی دەکات، شاناز بوو، وەک چۆن مێکان وان،
نائاشناییەکی ڕووکەشانەی پیشان دا، نابەدڵ دەرکەوت،
ئەڤینی ویی ڕەت کردەوە، سووکایەتیی بەو گەرمییە کرد کە وی هەستی پێ کرد،
بە سمەکانی خۆی لەقەی لە باوەشی بەسۆزی ویی هەڵدا.

جا وی وەک ناچارێکی خەمبار
کلکی داگرت، وەک پەڕێکی داکەوتوو،
سێبەرێکی فێنکی بە کەفەڵە داخەکەی بەخشی.
لە داخدا مێشومەگەزی داماوی کوتی و گەست.
گراوییەکەی کە دەرکی کرد وی چەند زویرە،
میهرەبان بوویەوە، ویش تووڕەییەکەی دامرکایەوە.

سەرداره پەستەکەی[50] چوو بیگرێت،
بەڵام لەپڕ ماینە ڕامنەکراوەکە ترس دایگرت،
لە ترسی ئەوەی نەکا بگیرێت بە خێرایی ویی بە جێ هێشت،
ئەسپەکە لەگەڵ وێ ئادۆنیسی لەوێ بە جێ هێشت.
وەک شێت بەرەو جەنگەڵ هەڵیانتیزاند،
پێش قەڵەڕەشانیان دایەوە کە دەکۆشان خێراتر بەسەریاندا بفڕن.

ئادۆنیس لە تووڕەییدا ئاوسا و دانیشت،
ئاژەڵە جۆشن و هارەکەی بە نەفرەت کرد.
جا وەرزی خۆشی دیسان ڕەخسا
تا ئەڤینی[51] شەیدا بە پاڕانەوە پاداشتی پێ بدرێت.
چون ئەڤینداران دەڵێن: دڵ سێهەند بێداد دەبێت
کە لە یاریدەی زمان بێبەری دەبێت.

کوورەیەک دابخرێت، یان ڕووبار ببەسترێت،
گەرمتر داخ دەبێت، تووڕەتر هەڵدەئاوسێت.
دەشێت هەمان شت لەسەر خەمی قەپاتکراو بوترێت.
بای ئازادی وتە گڕی ئەڤین دادەمرکێنێتەوە.
بەڵام کە بریکاری دڵ دیسان بێدەنگ بێت،
بریگرتە دەکەوێت، لە داواکەی بێهیوا دەبێت[52].

وی وێی دی دێت، سوور هەڵگەڕا،
وەک خەڵووزێک لە ئاویلکەدا بە با دەبووژێتەوە،
بە بۆنێتەکەی[53] برۆ تووڕەکانی داپۆشی،
بە مێشکێکی شڵەژاوەوە داڕوانییە سەر زەوییە وشکەکە،
سەرنجی نەدا وێ هێندە نزیکە،
گەرچی بە لاچاو وێی لە نێو چاویدا هێشتبووەوە.

ئای چ دیمەنێک بوو! بەڵاجەوی بوو سەیری،
کە چۆن وێ بە پێدزکە هات بۆ لای کوڕە لاسارەکە،
بۆ ئەوەی سەرنجی ململانێی شەڕی ڕەنگەکانی وێ بدات،
کە چۆن سپی و ئاڵ یەکتریان دەبەزاند.
گۆناکانی ساتێک ڕەنگیان دەبزڕکا، پاشان
گڕی لێ دەبووەوە، وەک بروسکەی ئاسمان.

ئێستاش کە وی دانیشت، وێ ڕێک چووە بەردەمی،
وەک ئەڤینداریکی خاکەڕا کەوتە سەر چۆک.
بە دەستێکی جوان کڵاوەکەی ویی لابرد،
دەستە ناسکەکەی تری گۆنا جوانەکەی ویی ساوی.
گۆنا ناسکترەکەی وی جێپەنجە نەرمەکەی وێی هەڵگرت،
وەک چۆن بەفری تازەباریو شوێنەواری تەنک بە جێ دەهێڵێت.

ئای، جا چ جەنگێکی نیگاکردن لە نێوانیاندا ڕووی دا!
چاوانی وێ تکاکاری چاوانی وی بوون، داخوازییان کرد.
چاوانی وی چاوانی وێیان دی وەک بڵێیت نەیاندیین.
چاوانی وێ خەریکی سازکردن بوون، چاوانی وی سووکایەتییان بە سازکردنەکە کرد:
کردەکانی هەموو ئەم شانۆ بێدەنگە بە فرمێسک ڕوون بوونەوە،
کە چاوانی وێ وەک کۆڕ باراندیان[54].

وێ زۆر نیان دەستی ویی گرت.
شلێرێک لە بەندیخانەی بەفردا بەند کرا،
یان شەلفەیەک لە کۆتێکی مەڕمەڕدا:
دۆستێکی هێندە سپی دوژمنێکی هێندە سپیی گەمارۆ دا.
ئەم جەنگە ڕندە، [لە نێوان] خوازیار و ناخوازیار،
وەک دوو کۆتری زیوینی دەنواند دەنووکاودەنووک دانیشتبن.

دیسان ئامێری بیرەکانی[55] وێ دەستی پێ کردەوە:
«ئەی جوانترین جووڵێنی[56] سەر ئەم گۆ نەپاوە،
بریا وەک من بوویتایە، منیش پیاو بوومایە،
دڵم وەک هی تۆ ساغ، دڵت [وەک هی من] زامدار [بووایە]،
بە نیگایەکی شیرینت لە فریاکەوتنت ئەرخەیانم دەکردیت،
[تەنانەت] گەر هیچی تر جگە لە مەرگی من چارەی کردبایت».

وی وتی: «دەستم بدەوە، بۆچی دەیساویت؟»[57]،
وێ وتی: «دڵم بدەوە، ئینجا دەتدەمەوە.
ئاخ! مەدەوە، نەکا دڵی ڕەقت بیکاتە پۆڵا،
کە بووە پۆڵاش ئاهی نەرم هەرگیز ناتوانێت هەڵیبکۆڵێت.
ئەو کات هەرگیز ئاوڕ لە ناڵەی قووڵی ئەڤین نادەمەوە،
چونکە دڵی ئادۆنیس ئەوەی منی ڕەق کرد».

وی نەڕاندی: «شەرمە، بەرم بدە و لێم بگەڕێ.
سەرگەرمیی[58] ڕۆژەکەم چوو، ئەسپەکەم چوو،
خەتای تۆیە ئاوها لە دەستم چوو.
بۆیە تکات لێ دەکەم برۆ، بە تەنیا لێرە بە جێم بهێڵە،
چون هەموو مێشک و بیر و ئاگایی سەرقاڵم
لای ئەوەن چۆن بارگیرەکەم لە ماینەکە بسەنمەوە».

وێ بەرسڤی دا: «بارگیرەکەت، کە هەر دەبێت وا بکات،
پێشوازی لە نزیکبوونەوەی گەرمی ئارەزووی شیرین دەکات.
سۆز پشکۆیەکە دەبێت سارد بکرێتەوە،
دەنا گەر هەر بچێژێت گڕ لە دڵ بەردەدات.
دەریا سنووری هەیە، بەڵام ئارەزووی قووڵ نییەتی،
390 بۆیە سەیر نییە کە ئەسپەکەت چوو.

چۆن وەک کەفتەئەسپێک ڕاوەستابوو، بە درەختەکەوە بەسترابوو،
کۆیلەئاسا بە جڵەوێکی چەرم ڕام کرابوو؛
بەڵام کە ئەڤینەکەیی دی، خەڵاتی جوانی گەنجییەکەی،
ئەم بەندێتییە ناپەسەندەی بە سووکێتی بینی،
دواڵە سووکەکەی لە ڕەپەی مله[59] شۆڕەکەی لێکردەوە،
396 دەم و پشت و سنگی ئازاد کرد.

کێ خۆشەویستە ڕاستییەکەی بە ڕووتی لە پێخەفدا ببینێت،
چەرچەفەکە فێری ڕەنگێکی سپیتر لە سپی بکات،
چاوە چڵێسەکەی هێندە تێر بخوات،
ئەندامەکانی تری چێژێکی وەها بە ئامانج ناگرن؟
کێ هێندە ترسنۆکە کە نەوێرێت هێندە بوێر بێت
402 دەست لە ئاگر بدات کە کەش سارد بێت؟

کوڕە جوانەکە، با بیانوو بۆ خۆشبەزەکەت بهێنمەوە،
پڕبەدڵ تکاشت لێ دەکەم لێیەوە فێر ببیت،
ئەم چێژە بقۆزەوە کە خراوەتە بەردەمت.
گەرچی لاڵ بووم، بەڵام ڕەفتاری وی فێرت دەکات.
ئاخ، دە فێری خۆشەویستی بە! وانەکە زۆر ئاسانە،
408 هەر کە تەواو فێری بوویت، ئیتر هەرگیز لە بیری ناکەیت».

وی وتی: «من خۆشەویستی نازانم، ناشمەوێت بیزانم،
مەگەر بڕەک بێت، ئەوجا ڕاوی دەکەم.
[خۆشەویستی] زۆرە بۆ قەرز، ناچمە ژێر باریەوە.
خۆشەویستیی من بۆ خۆشەویستی ئەوەیە بەسووکبینینیم خۆش دەوێت،
چون بیستوومە [خۆشەویستی] ژیانە لە مەرگدا،
پێکەنین و گریانە لە هەناسەیەکدا.

کێ پۆشاکی بێشێوە و تەواونەبوو دەپۆشێت؟
کێ چرۆ دەرنێتەوە پێش ئەوەی گەڵایەک دەرکەوتبێت؟
گەر تۆزقاڵێک لە شتی تازەپشکووتوو دابشکێنرێت،
ئەوا کە پێدەگەن دەژاکێن، بێبەها دەبن.
ئەو جوانووەی بە گەنجی سواری بن و باری لێ بنێن
بوێری لە دەست دەدات و هەرگیز بەهێز نابێت.

دەستم بە گوشین ئازار دەدەیت. با جیا ببینەوە و
لەم بابەتە بێسوودە و ئەم مشتومڕە بێکەڵکە بگەڕێین.
گەمارۆت لەسەر دڵە خۆڕاگرەکەم هەڵبگرە،
دەروازەکەی بۆ هێرشی ئەڤین ناکاتەوە.
بەڵێنەکانت، فرمێسکی ساختەت، زمانلووسییت دەربکە[60]،
چون لە جێیەک دڵ ڕەق بێت ناکوترێتەوە».

وێ وتی: «چی! دەشتوانیت بدوێیت؟ زمانت هەیە؟
ئاخ! بریا نەتبووایە، یان من بیسابیم نەبووایە.
دەنگی ئاوپەریت دوو بەدکاریی[61] لەگەڵم کرد.
پێشتر بارێکم بەسەرەوە بوو، ئێستا بە قورسایی گوشاری کەوتە سەر.
نەسازییەکی خۆشنەوا[62]، ئاوازی ئاسمانی، دەنگی کەرخ،
مووسیکی خۆشی قووڵایی گوێ، لەگەڵ زامی سەختی قووڵایی دڵ.

گەر چاوم نەبووایە و تەنها گوێم هەبووایە،
گوێکانم ئەو جوانییە ناوەکی و نەبینراوەتیان خۆش دەویست.
گەر کەڕیش بوومایە، ئەندامە دەرەکییەکانت
گشت ئەندامێکی هەستدارمیان دەورووژاند.
گەر چاو و گوێشم نەبووایە، نەمبیستایە و نەمبینیایە،
ئەڤینداری ساوینت دەبووم.

با بڵێین [گەر] بێبەری بکرێم لە توانای هەستکردن،
نە ببینم، نە ببیستم، نە بساوم،
تەنها بۆنکردنم بۆ بمێنێتەوە و هیچی تر،
هێشتا ئەڤینم بۆت بە هەمان ئەندازە دەمێنێتەوە.
چون لە دڵۆپێنی[63] ڕووی نایابتەوە
هەناسەیەکی وا بۆنخۆش دێت کە بە بۆنەکەی ئەڤین دەزێنێت.

جا ئاخ، تۆ چ خوانێک دەبوویت بۆ تامکردن!
کە دایەن و خۆراکپێدەری چوارەکەی ترە.
ئایا ناخوازن بۆ تاتایە شادییەکە بەردەوام بێت و
فەرمان بە وریایی نادەن دوو کڵۆم لە دەرگە بدات
نەکا ئیرەیی، ئەو میوانە ڕووترش و نەخوازراوە،
خۆی پێدا بکات و شادییەکە بشێوێنێت[64]؟»

دیسان دەروازە یاقووتڕەنگەکە کرایەوە،
ڕێی هەنگوین بۆ وتەی وی خۆی بە دەستەوە دا[65]،
وەک سپێدەی ئاڵ کە هەردەم
تێکشکان بۆ دەریاوان، زریان بۆ کێڵگە،
کۆست بۆ شوانان، بەڵا بۆ باڵندان،
با و بۆرانی توند بۆ مێگەلوان و مێگەل دەقرێنێت.

وێ بە ورياييەوە سەرنجی ئەم نوقڵانە خراپەی دا،
وەک چۆن با پێش باران کڕ دەبێت،
يان گورگ بزە دەکات پێش ئەوەی بوەڕێت[66]،
يان وەک توو کە پێش ئەوەی وشک ببێتەوە دەوەرێت،
يان وەک گوللەی کوشندەی چەک
واتاکەی گوێی سمی، پێش ئەوەی وتەکە دەست پێ بکات.

وێ هەر بە بينينی وی تەخت لێی کەوت،
چون بينين ئەڤين دەکوژێت، ئەڤينيش بە بينين دەژيێتەوە.
بزە چاری برينەکانی مۆنی دەکات.
بەڵام نابووتی کامەران، ئەوەی لەدەستدان زۆر دەوڵەمەندی دەکات[67]!
کوڕە گەوجەکە پێی وا بوو وێ مردووە،
زللەی لە گۆنا بزڕکاوەکەی دا تا زللە ئاڵی کردەوە.

لەپڕ بە سەرسامی دەستبەرداری دوايين نيازی خۆی بوو،
چونکە بيری کردەوە توند سەرکۆنەی وێ بکات،
بەڵام ئەڤينی زۆرزان زيرەکانە ڕێی لێ گرت.
خەنی لەو زيرەکييەی دەتوانێت زۆر باش خۆی بپارێزێت!
چون وێ وەها لەسەر گياکە کەوتبوو وەک بڵێيت سەربڕاوە،
تا هەناسەی وی ژيانی لە وێدا هێنايەوە هەناسە.

وی لووتی وێی گووشی، لە گۆناکانيی دا،
پەنجەکانی وێی نووشتاندەوە، توند ترپەی دڵی گرت،
لێويی ساوی. هەزار ڕێ گەڕا
تا ئەو ئێشە چاک بکاتەوە کە بێبەزەييێتييەکەی وی بووە هۆی.
وێی ماچ کرد، وێش بە ويست و خۆشيی خۆی
هەر هەڵنەستايەوە، تا هەر ماچی بکات.

ئێستا شەوی پەژارە بە ڕۆژ گەڕا،
وێ دوو پەنجەرە شینەکەی[68] بە لاوازی هەڵبڕی،
وەک خۆری جوان کە بە تیرۆژە نوێکانی
سپێدە شاد دەکات و گشت جیهان دەبووژێتەوە[69].
وەک چۆن خۆری ڕووناک ئاسمان شکۆمەند دەکات،
486 ئاوهاش دەموچاوی وێ بە خۆرەکەی ڕووناک بووەوە[70].

تیشکەکانی لەسەر ڕووە بێمووەکەی وی گیر بوون،
وەک بڵێیت لەوێوە ورشەکانیان وەرگرتووە.
هەرگیز چوار چرای ئاوها پێکەوە تێکەڵاو نەدەبوون
گەر ئەوەی وی بە سکاڵای برۆی هەور نەیگرتایە[71].
بەڵام ئەوەی وێ، کە بە نێو فرمێسکی بلووریندا ڕووناکیی دا،
492 وەک مانگی بینراوی نێو ئاوی شەو گەشایەوە.

وێ وتی: «ئای، من لە کوێم؟! لەسەر زەوی یان لە ئاسمان؟
یان لە نێو زەریادا نوقمم، یان لە نێو ئاگردا؟
ئێستا چ کاتێکە؟ بەیانییە یان ئێوارەی ماندووە؟
ئایا بە مەرگ شادم، یان ئارەزووی ژیان دەکەم؟
ئێستا کە ژیام، ژیان پەستیی مەرگ بوو،
498 ئێستاش کە مردم، مەرگ خۆشییەکی پڕ لە ژیان بوو[72].

ئاخ! کوشتمت؛ مکوژەوە.
مامۆستا بەدکارەکەی چاوانت، ئەو دڵە ڕەقەت،
فێڵی بێڕێزانە و بێزلێهاتنەوەیەکی وای فێریان کردووە
کە ئەم دڵە داماوەمیان کوشت.
ئەم چاوانەشم، ڕێنوێنی سەرڕاستی شاژنیان بوون،
504 جگە لە لێوە بەزەییهێنەکانت هیچی تریان نەدی[73].

بەڵکو بۆ ئەم چارەیە ماوەیەکی درێژ یەکتر ماچ بکەن.
ئاخ! بەڵکو هەرگیز هاوپۆشە جەرگییەکانیان نەچنەوە[74].
تا ئەوەندەی هەن سەوزێتییان[75] هەر بمێنێت،
تا درم لەساڵی مەترسیدار دوور بخەنەوە،
بەڵکو ئەستێرەبینان، کە لە بارەی مەرگەوە نووسیویانە،
510 بڵێن تاعوون بە هەناسەی تۆ دوور خرایەوە[76].

لێوی بێگەرد، مۆری شیرینی لەسەر لێوی ناسکم بە جێ هێشت.
دەبێت چ سەودایەک بکەم تا هەر مۆر بکرێن؟
بە فرۆشتنی خۆم زۆر خۆشحاڵ دەبم
تا بە مامەڵەی باش بمکڕیت و نرخ بدەیت،
ئەگەر ئەم کڕینە ئەنجام بدەیت، لە ترسی ساختەکاری،
516 مۆرە خودییەکەت بخە سەر مۆمەسوورەکەی لێوم[77].

بە هەزار ماچ دڵم لە من دەکڕیت.
بە ئارەزووی خۆیشت نرخیان بدە، یەک بە یەک.
دە سەت[78] ساوین بۆ تۆ چییە؟
ئایا یەکسەر ناژمێرێن و یەکسەر تەواو نابن؟
بڵێین، ئەگەر نرخەکەی نەدرا ئەوا ئەو قەرزە دوو هێندە دەبێت،
522 ئایا بیست سەت ماچ ئەوەندە کێشەیە؟».

وی وتی: «شاژنە جوانەکە، گەر هەر خۆشەویستییەکت لەسەرم بێت،
ئەوا نامۆییم بە ساڵانی پێنەگەیشتوییم بپێوە[79].
هەوڵ مەدە بمناسیت پێش ئەوەی خۆم بناسم.
جگە لە ماسیگر، پێنەگەیشتوو خۆی لە بەچکەماسی نابوێرێت[80].
هەڵوژەی گەییو دەکەوێت، هی سەوز توند دەنووسێت،
528 ئەگەر زوو بڕنرێت تامی سوێرە.

بڕوانە! خەمڕەوێنەکەی جیهان، بە ڕەوتێکی ماندووەوە،
ئەرکە گەرمەکەی ڕۆژەکەی لە ڕۆژئاوادا تەواو بوو.
کوندەپەپوو، جاڕدەرەکەی شەو، دەقیژێنێت، زۆر درەنگە.
پەزان چوونەوە کۆزان، باڵندە بۆ هێلانە،
هەوری وەک خەڵووز ڕەشیش، کە چراکەی ئاسمانی سێبەر کردووە،
داوامان لێ دەکات جیا ببینەوە و شەوشاد بکەین.

جا با ئێستا بڵێم شەو شاد، تۆش وا بڵێ.
گەر وا بڵێیت، ماچێکت دەست دەکەوێت».
وێ وتی: «شەو شاد». هەر پێش ئەوەی وی بڵێت: «ماڵئاوا»
هەنگوینی نرخی جیابوونەوە پێشکێش کرا.
باڵەکانی وێ ملی وییان لە باوەشێکی شیرین گرت،
وا دەرکەوت کە لە یەک گیر بوون، دەموچاویان بە یەکدا نووسا.

وی لە هەناسەلێبڕاندا جیا بووەوە، ئینجا
ئەو نمە ئاسمانییە و ئەو دەمە مەرجانییە شیرینەی بەرەو دوا کشاندەوە،
کە لێوەکانی وێ تامە گرانەکەیانیان چاک دەناسی،
تێریان لێیان خواردەوە، کەچی گلەییان لە وشکی دەکرد[81].
وی بە زەبەندیی وێ پلیشایەوە، وێ لە نەبوونیدا لاواز بوو[82].
لێویان پێکەوە نووسابوو، بە زەویدا کەوتن.

جا ئارەزوو بە خێرایی نێچیرە ملکەچەکەی داگرتەوە.
وێ وەک تێرنەخۆرە لێی دەخوارد و هەر تێر نەدەبوو.
لێوەکانی وێ داگیرکەر و لێوەکانی وی گوێڕایەڵ بوون.
هێرشکار هەر سەرانەیەکی بویستایە دەیاندا[83].
داڵاشی بیر نرخەکەی ئەوەندە بەرز دانابوو
کە وێ خەزێنەی دەوڵەمەندی لێوەکانی ویی وشک کرد.

کە وێ شیرینیی دەستکەوتەکەی تام کرد،
بە شێتگیرییەکی چاوبەستراوەوە کەوتە پەلکوتان[84].
هەڵم و هاڵاو لە دەموچاوی هەڵدەستا، خوێنی دەکوڵا،
ئاڵۆشیی بێباک ئازایەتییەکی ناچاری دەشڵەقێنێت،
بیرچوونەوە دەچێنێت، ئاوەز دەکشێنێتەوە،
سوورهەڵگەڕانی پوختی شەرم و دارمانی ئابروو لە بیر دەکات.

گەرم و لاواز و ماندوو، بە باوەشە توندەکەی وێ،
وەک باڵندەیەکی کێوی کە بە گرتنی زۆر ماڵی دەکرێت،
یان وەک نێراسکێکی خێرا کە بە ڕاو ماندوو دەکرێت،
یان وەک منداڵی وڕکگرتوو[85] کە بە هەڵپەڕاندن هێور دەکرێتەوە،
ئێستا وی ملکەچ دەبێت و چیتر بەرهەڵستی ناکات[86].
گەرچی وێ دەتوانێت هەمووی ببات، بەڵام ئارەزووی هەمووی ناکات.

چ مۆمێکی زۆر بەستوو بە لەمشتنان[87] ناتوێتەوە و
لە کۆتاییدا ملکەچی کاریگەریی هەموو ڕووناکییەک نابێت؟
زۆر جار سەرکێشی بەدیهێنی شتگەلی دوور لە هیوایە.
بە تایبەتی لە ئەڤیندا، کە ڕێدارییەکەی ئەرکەکەی دەبەزێنێت[88].
دڵپێداچوون وەک ترسنۆکێکی ڕەگپەڕیو ڕەنگی ناپەڕێت،
بەڵکو ئەو کاتەی بژاردەکەی سەرسەختترینە[89] باشتر یار ساز دەکات.

وی مۆن ببێتەوە و وێ واز بهێنێت،
نێکتاری لێوەکانی ویی نەدەمژی[90].
نابێت قسەی نەشیاو و مۆنبوونەوە ئەڤیندار دوور بخەنەوە.
گەرچی گوڵ دڕکی هەیە، بەڵام هەر دەڕنرێتەوە.
ئەگەر جوانی لە ژێر بیست کلۆمدا توند ببەسترێتەوە،
بەڵام ئەڤین خۆی پێدا دەکات و دواجار هەموویان دەکاتەوە.

وێ، چیتر لەبەر بەزەیی نەیتوانی وی ڕابگرێت.
ئەو ساویلکە داماوە تکای لێ دەکرد ڕێی بدات بڕوات.
وێ داکەفت چیتر نەیبەستێتەوە.
وێ ماڵئاوایی لێی کرد. جا ئاوڕی لە دڵی خۆی دایەوە،
بە تیری کوپیدۆ سوێندی خوارد، کە وی ئەو دڵەی ئەمی
لە بێرکمی سنگیدا بەرەو ئەوێ هەڵگرتووە[91].

وێ وتی: «کوڕە شیرینەکە، ئەمشەو لە داخدا بە سەر دەبەم،
چونکە دڵە نەخۆشەکەم فەرمان بە چاوانم دەدات ئێشک بگرن.
پێم بڵێ، ئەی سەرداری ئەڤین، ئایا سبەی یەکتر دەبینینەوە؟
بڵێ، ها؟ یەکتر دەبینینەوە؟ ژوانەکە ڕێک دەخەیت؟»
وی پێی وت: «نەء»، نیازی وایە سبەی
لەگەڵ چەند هاوڕێیەکدا ڕاوەبڕەک بکات.

وێ وتی: «بڕەک!»، یەکسەر ڕەنگبزڕکان،
وەک مەلمەل کە لەسەر گوڵەباخی گەش ڕابخرێت،
گۆناکانی داگیر کرد[92]. بە باسەکەی کەوتە لەرز.
نیلی قۆڵی هاویشتە سەر ملی وی.
بەرەو دامێن نغرۆ بوو، هەر دەستیشی بە ملیەوە بوو.
وی بەسەر ورگی وێدا و وێش بەسەر پشتی خۆیدا کەوتن.

ئێستا وێ لە ناو مەیدانی ئەڤیندا بوو.
پاڵەوانەکەی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیەکی گەرموگوڕ سوار بوو.
هەموو ئەوەی ئەزموونیان دەکات وێناکردنن.
وی گەرچی سواریش ببوو، بەڵام وێی لێنەدەخوڕی.
ئەشکەنجەکەی لەوەی تانتالۆس[93] توندتر بوو،
کە ئیلیسیۆن[94] بگریت و لە خۆشییەکانی بێبەری بکرێیت.

وەک باڵندەی داماو کە بە وێنەی ترێ فریو دەخۆن[95]،
بە چاو لێی تێر دەبن و بە دەم بێزووی پێوە دەکەن.
ئاوهاش وێ لە بەدبەختییەکەیدا ژاکا،
وەک ئەو باڵندە داماوانەی ئەو میوە نەیارانەیان دی.
هەوڵی دەدا بە ماچی بەردەوام
ئەو کاریگەرییە گەرمە لە ویدا بگەشێنێتەوە کە بە گومی دۆزییەوە[96].

بەڵام گشتی بێسوود بوو، شاژنی باش، ئەوە نابێت.
وێ ئەوەندەی دەکرا هەوڵی دا[97].
تکاکانی شایستەی پاداشتێکی گەورەتر بوون.
خۆی ڤینە، ڤین دەبەخشێت، بەڵام ناڤینرێت.
وی وتی: «شەرمە، شەرم![98] منت پلیشاندەوە. لێم بگەڕێ بڕۆم.
پاساوت نییە بمهێڵیتەوە».

وێ وتی: «کوڕە شیرینەکە، پێشتر دەمهێشت بڕۆیت،
بەڵام وتت کە دەتەوێت بڕەک ڕاو بکەیت.
وریا بە ها، تۆ نازانیت ئەوە چییە
بە نووکی ڕم بەرازی پیس بپێکیت،
کەڵبەکانی هەرگیز لە کێلان نەخراون، هەردەم تیژن،
وەک قەسابێکی بکوژ لەسەر کوشتن شێلگیرە.

سوپایەک مووی بزماری لەسەر پشتە کەوانەکەی هەن،
هەردەم هەڕەشە لە دوژمنەکانی دەکەن.
کە تووڕە دەبێت چاوەکانی وەک گوڵەئەستێرە دەبریسکێنەوە.
بچێتە هەر کوێ لمۆزی گۆڕ هەڵدەکەنێت.
بورووژێنرێت هەر چییەکی لە بەردەمدا بێت پەلاماری دەدات.
پەلاماری هەر کەسێکیش بدات کەڵبە گێڕەکەی دەیکوژێت.

قەبرغە پتەوەکانی بە مووی بزماراوی چەکدار کراون.
لەوە نەبڕترن کە نووکی ڕمەکەت بیسمن.
ئاسان زیان بە ملە کورتە ئەستوورەکەی ناگات.
قینی هەڵبستێت بە گژ شێردا دەچێت.
تووتڕکی دڕکاوی و دەوەنی لەئامێزگر
لە ترسی وی جیا دەبنەوە، کە بە نێویاندا هوروژم دەبات.

مخابن! هیچ نرخێک نە بۆ ئەو دەموچاوەت دادەنێت،
کە چاوانی ئەڤین نیگای گوێڕایەڵییان پێ دەدەن[99]،
نە بۆ ئەو دەستە ناسکانەت، نە لێوی شیرینت، نە چاوی بلوورییت،
کە بێگەردییە تەواوەکەی هەموو جیهان سەرسام دەکات.
بەڵام کە بە سەرتدا زاڵ بوو، وەی لە حاڵت!
ئەم جوانییانە ڕیشەکێش دەکات، وەک چۆن مێرگ ڕیشەکێش دەکات.

ئاخ! لێبگەڕێ با هەر لە ئەشکەوتە قێزەونەکەی خۆیدا بێت!
نابێت جوانی هیچ پێوەندییەکی بەم دێوەزمانەوە هەبێت.
بە ویستی خۆت مەیە[100] نێو مەترسییەکەی وییەوە.
ئەوانەی سەرکەوتوو دەبن گوێ لە ڕاوێژی هاوڕێکانیان دەگرن.
کە ناوی بڕەکەکەت هێنا، لێت نەشارمەوە،
لە چارەنووست ترسام، چوارپەلم کەوتە لەرز.

دەموچاوەمت نەخوێندەوە؟ سپی نەبوو؟
لە چاوانمدا هێمای ترست نەدی خۆیان مەڵاس دابوو؟
لاواز نەبووم و تەخت لێی نەکەوتم؟
لە نێو سینەمدا، کە تۆ لەسەری ڕاکشاویت،
دڵەی پێشگۆم ناڵەی دێت، کوتەی دێت، ئۆقرە ناگرێت.
وەک بوومەلەرزە تۆ لەسەر سنگم دەلەرزێنێت.

چونکە ئەڤین لە هەر کوێ فەرمانڕەوا بێت،
پەرۆشی[101] ناو لە خۆی دەنێت پاسەوانی دڵپێداچوون،
هۆشداریی هەڵە دەدات، پێشنیاری یاخیبوون دەکات،
لە کاتی ئاشتیدا هاوار دەکات: "بکوژە، بکوژە!".
ئەڤینی نەرمونیان لە ئارەزووەکانی سەگەناز دەکات[102]،
وەک چۆن ئاو و هەوا ئاگر دادەمرکێننەوە.

ئەم هەواڵدەرە ڕووتاڵە، ئەم سیخوڕە ئاژاوەخەرەوەیە،
ئەم خۆرەیەی خەڵفی ناسکی ئەڤین دەخوات،
ئەم قسەهێنە، [ئەم] ئیرەییە سەربەگۆبەندە،
کە جارجار هەواڵی دروست و جارجار هەوڵی هەڵە دەهێنێت،
لە دەرگەی دڵم دەدات و بە گوێمدا دەچرپێنێت،
کە ئەگەر خۆشم دەوێیت، ئەوا دەبێت لە مەرگت بترسم.

لەمەش زیاتر دێنە بەر چاوم:
وێنەی بڕەکێکی تووڕەی قەڵس
وێنەیەکی هاوشێوەت لەسەر کەڵبە تیژەکانی
بەسەر پشتدا ڕاکشاوە و خەڵتانی خوێن بووە[103].
خوێنی بەسەر گوڵی نوێدا پرژاوە،
وایان لێ دەکات لە خەمدا شۆڕ ببنەوە و سەر بنەوێنن.

جا چی بکەم گەر لە ڕاستیدا وا بتبیم،
کە هەر بە وێناکردنەکەی هەڵدەلەرزم؟
هەر بیرکردنەوە لەوە خوێن لە دڵی کزم دەهێنێت.
پێوار ترس پەروەردە دەکات.
ئەی ژانە زیندووەکەم، پێشبینیی مەرگت دەکەم،
ئەگەر سبەی ڕووبەڕووی بڕەکەکە ببیتەوە.

بەڵام گەر پێویستە هەر ڕاو بکەیت، ئەوا بە گوێم بکە،
[تانجی] بەربدە کەروێشکەکێویی ترسنۆک،
یان ڕێوی، کە بە فێڵ دەژییێت،
یان کارمامز، کە ناوێرێت ڕووبەڕووت بێتەوە.
لەو خوارە بە دوای ئەم ئاژەڵە ترسنۆکانەدا بڕۆ،
خۆیشت لەسەر ئەسپە خۆشهەناسەکەت لەگەڵ تانجییەکانتدا بمێنەوە[104].

جا کە کەروێشکەکێویی کەمبینات هێنایە هەلەکەسەما،
سەرنجی ئەو لێقەوماوە داماوە بدە، کە بۆ ئەوەی لە کێشەکەی دەرباز بێت
چۆن پێش با دەداتەوە، یان بە چ وریاییەکەوە
بە لارەولار هەزار ئەملا و ئەولا دەکات.
ئەو بوودڕە زۆرانەی دەچێتە ناویان
وەک گێژەڕێ[105] وان کە دوژمنەکانی وڕ دەکەن.

هەندێک جار بە نێو ڕانەمەڕێکدا ڕادەکات،
بۆ ئەوەی تانجییە فێڵبازەکان بۆنەکەییان لێ تێکبچێت.
هەندێک جار [ڕادەکاتە] ئەو جێیەی کەروێشکی زەویکێڵ تیایدا دەژی،
بۆ ئەوەی شوێنکەوتووە دەنگزلەکان لە قاووقیژ بخات.
هەندێک جاریش لەگەڵ پۆلێک ئاسکدا تێکەڵ دەبێت.
مەترسی پیلان دەنەخشێنێت، زیرەکی چاوەڕێی ترسە.

چونکە لەوێ کە بۆنەکەی لەگەڵ ئەوانی تردا تێکەڵ دەبێت،
تانجییە گەرمە تیژبۆنەکان دەکەونە گومانەوە،
قاووقیژە دەنگزلەکانیان ڕادەگرن،
تا بە سەرئێشەی زۆر بۆنە نەماوەکە هەڵدەئاوێرن.
ئینجا دەمیان دەخەنەوە کار، زایەڵە وەڵام دەداتەوە،
وەک بڵێیت ڕاوەدوویکی تر لە ئاسمانەکاندا هەیە.

کەروێشکەکێویی داماو، دوور لەسەر گردێک،
بە گوێ بیسەرەکانیەوە لەسەر پاشووەکانی دەوەستێت،
تا ببیستێت داخۆ دوژمنەکانی هێشتا بە دوایەوەن.
زوو لوورە دەنگبەرزەکانیان دەبیستێت.
جا ئێستا دەکرێت خەمەکەی بەراورد بکرێت
بە هی نەخۆشێکی کەفتەکار کە زەنگی مەرگی دەبیستێت.

پاشان ئەو بەدبەختە بەشەونمخوساوە دەبینیت
بادەداتەوە و دەگەڕێتەوە، بە ڕێکەدا ئەمسەر و ئەوسەر دەکات.
هەر خەلەنگێکی ئیرەبەر قاچە ماندووەکانی دەڕووشێنن.
هەر سێبەرێک وای لێ دەکەن بوەستێت. هەر ورنگەیەک بمێنێتەوە[106].
چون بەدبەختی پێشێلکەری زۆرە،
لەبەر ئەوەشی پایەنزمە، هەرگیز کەس نایژیێنێتەوە.

بێدەنگ ڕاکشێ و تۆزێکی تریش ببیستە.
نا، خۆت ڕامەپسکێنە، چونکە نابێت هەڵبستیت.
دەبێت وات لێ بکەم ڕقت لە ڕاوەبڕەک بێتەوە.
قەت ئەوە من نیم ببیستیت ئامۆژگاری بکەم،
[بڵێم] ئەمە ئاوها بکە و ئەوە ئاوها بکە،
بەڵام ئەڤین دەتوانێت لەسەر هەموو ژانێک تێبینی بدات».

وی وتی: «بۆ کوێ دەچم، گرینگ نییە کوێ،
لێم بگەڕێ و چیرۆکەکە باش کۆتایی دێت.
شەو بەسەر چوو». وێ وتی: «بۆ؟ ئەوە چییە؟».
وی وتی: «هاوڕێکانم چاوەڕێمن.
ئێستاش تاریکە، دەڕۆم، گەر بگەوزێم».
وێ وتی: «ئارەزوو لە تاریکیدا لە هەموو کات باشتر دەبینێت.

بەڵام گەر بگەوزێیت، ئۆف! وێنای ئەمە بکە:
زەوی لە ئەڤینی تۆدا هەنگاوەکانت تێکەڵ دەکات،
هەموو ئەمەش بۆ بێبەریکردنتە لە ماچێک[107].
تاڵانیی گرانبایی پیاوی سەرڕاست دەکات بە دز[108]. بۆیە لێوەکانت
دیانای[109] خاکەڕا مات و خەمبار دەکات،
نەکا ماچێکت لێ بدزێت و بە بەڵێنشکێنی بمرێت.

هەست دەکەم ئەوە هۆی ئەم شەوە تاریکەی ئێستا بێت:
کینثیا[110] لە شەرمدا ورشەی زیوینی خۆی داپۆشیوە،
تا سرووشتی قەڵب بە خیانەت تاوانبار بکرێت،
چونکە شێوەی خوایی لە ئاسمان دزیوە،
لە قینی ئاسمانی بەرزدا تۆی داڕشتووە،
بۆ شەرمەزارکردنی خۆر بە ڕۆژ و ئەو[111] بە شەو.

بۆیە بەرتیلی بە چارەنووسەکان داوە
بۆ ئەوەی دەست وەربدەنە وەستایی بەڵاجەویی سرووشتەوە،
جوانی لەگەڵ لاوازی،
بێخەوشیی پوخت لەگەڵ خەوشداریی ناپوخت تێکەڵ بکەن،
بیانکەن بە ژێرهاویشتەی زۆرداریی
بەدبەختییە شێتەکان و کوێرەوەریی زۆر[112].

وەک تای سووتێن، یاوی ڕەنگبزرکێن و بوورێنەوە،
پەتای ژینژەهراویکەر، هەژیویی شێتانە،
نەخۆشیی مۆخەخۆرە، کە لە کاریگەریی نەخۆشییەکەدا
خوێن گەرم دەبێت.
زۆرخۆری، دوومەڵ، خەمباری، لەگەڵ بێهیوایی نەفرەتی،
سوێندی مەرگی سرووشت دەخۆن کە تۆی وا جوان دروست کردووە.

هیچ کامێک لەم نەخۆشییانە نییە
لە جەنگێکی یەک خولەکیدا جوانی دانەڕمێنێت.
هەردوو جوانی و تام، ڕەنگ و باشێتییەکان،
کە پێشتر نیگاکاری بێلایەن لە ئاستیاندا سەرسام بووە،
کتوپڕ لە نێو دەچن، دەتوێنەوە و نامێنن،
750 وەک بەفری چیا، کە بە خۆری نیوەڕۆ دەتوێتەوە.

بۆیە، لە ڕقی داوێنپاکیی بێبەر و
ڤێستاییە[113] لە ئەڤین بێبەرییەکان و ڕەبەنە خۆخۆشویستەکان،
کە قاتێتی و نەبوونیی نەزۆکی کچ و کوڕ
دەزێننە سەر زەوی،
تۆ دەستبڵاو بە[114]. ئەو چرایەی بە شەو دەسووتێت
756 ڕۆنی خۆی وشک دەکات تا ڕووناکی بە جیهان ببەخشێت.

لەشت چییە، جگە لە گۆڕێکی هەڵلووش،
کە وا دیارە ئەو پاشینانە دەنێژێت
کە بە فەرمانی کات دەبێت هەتبن،
ئەگەر لە تاریکی و نادیاریدا لە نێویان نەبەیت[115]؟
گەر وا بێت، ئەوا جیهان بە سووک داتدەنێت.
762 چونکە لە لووتبەرزیتدا هیوایەکی وا جوان دەکوژرێت.

ئاوها خۆت هەر لە خۆتدا فڕێ دەدرێت.
ئەمەش گۆبەنێکە لە ئاژاوەی ناوخۆی ناوخۆزاو خراپترە،
یان ئەوانەی دەستە ناچارەکانیان خۆیان دەکوژێت،
یان ئەو باوکە قەسابەی ژیان لە کوڕی دەستێنێتەوە.
ژەنگی پیسی خۆرە گەنجینەی شاراوە دەخوات،
768 بەڵام ئەو زێڕەی بە گەڕ دەخرێت زێری تر دەهێنێت».

ئادۆن[116] وتی: «دەی کەواتە، تۆ دیسان کەوتوویتەتەوە نێو
بیرۆکە بێسوودە سوواوەکەتەوە.
ئەو ماچەی دامیتێ بە فیڕۆ چوو.
تۆش لە خۆڕا دژی شەپۆل تێدەکۆشیت.
چون بەم شەوە ڕووڕەشە، کە دایەنی بەدکاری ئارەزووە[117]،
774 تکاکانت وام لێ دەکەن زیاتر و زیاتر خۆشم نەوێیت.

گەر ئەڤین بیست هەزار زمانی پێت دابێت،
هەر زمانێکیان لەمەی خۆت بزێوتر بێت،
وەک گۆرانییەکانی ئاوپەرییە بەئالۆشەکان دڵڕفێنتر بن،
ئەوا ئاوازە فریودەرەکانیان لە گوێکانمەوە هەر دەردەفووێنرێنەوە.
چون با بزانیت، دڵم لە گوێمدا بە چەکەوە وەستاوە،
780 ناهێڵێت دەنگی لاسدەر بچێتە ناوەوە.

نەکا ئەو گونجایشە هەڵخڵەتێنەرە
ڕابکاتە نێو حەسارە بێدەنگەکەی سنگمەوە،
ئینجا دڵە داماوەکەم لە ژووری نووستنەکەیدا
پشووی لێ زەوت بکرێت و تەواو وێران بێت.
نەخێر، دادەم، نەخێر. دڵم تاسەی ناڵەناڵ ناکات،
786 بەڵکو تاسەی خەوی خۆش دەکات، کە بە تەنیا دەنوێت.

داوای چیت کردووە نەمتوانیبێت ڕەتی بکەمەوە؟
ڕێی مەترسی خزە.
ڕقم لە ئەڤین نییە، بەڵکو لە فێڵی تۆیە لە ئەڤیندا،
کە شەرمەزاری بەسەر هەموو نامۆیەکدا دەهێنێت.
تۆ بۆ زۆربوون دەیکەیت[118]، لەو پاساوە سەیرە!
792 پاساودان دەبێتە گەوادی بەدکاریی ئالۆش!

پێی مەڵێ ئەڤین، چون ئەڤین بۆ ئاسمان فڕیوە.
ئاڵۆشیی ئارەقاویی لەسەر زەوی ناوی ویی داگیر کردووە،
کە لە ڕوخساری سادەی ویدا
لەسەر جوانیی نوێ نان دەخوات، بە خەتا لەکەداری دەکات.
زۆرداره گەرمەکە لەکاویی دەکات و زوو لە ناوی دەبات،
وەک چۆن تەتڵەمیران وا لە گەڵای ناسک دەکات. 798

ئەڤین وەک ساماڵی دوای باران دەتحەسێنێتەوە.
بەڵام ئاڵۆشی وەک زریانی دوای ساماڵە.
بەهاری فێنکی ئەڤین هەردەم تازە دەمێنێتەوە.
بەڵام زستانی ئاڵۆش پێش تەواوبوونی نیوەی هاوین دێت[119].
ئەڤین زۆرخۆری ناکات، لێ ئاڵۆش وەک تێرنەخۆره دەمرێت.
ئەڤین پڕی ڕاستییە، ئاڵۆش پڕی درۆی ساختەیە. 804

دەتوانم زیاتریش بڵێم، بەڵام ناوێرم،
دەقەکە کۆنە و وتاربێژەکە زۆر گەنجە.
بۆیە ئێستا بە شێلگیری دەڕۆم.
ڕوخسارم پڕ شەرمەزارییە، دڵم پڕ ناسۆرە،
گوێکانم، کە وتە بەئاڵۆشەکانتیان بیستووە،
لەوەی هێندە بێڕێزییان پێ کراوە خۆیان دەسووتێنن». 810

پاش ئەمە لەو باوەشە شیرینەی
ئەو قۆڵە جوانانە جیا بووەوە کە وییان بە سنگی وێوە بەند کردبوو.
بە نێو گیای تاریکدا خێرا بەرەو ماڵ ڕایکرد.
ئەڤینی لەسەر-پشت-ڕاکشاوی بە خەمباری بە جێ هێشت.
چۆن ستێرەیەکی ڕووناک لە ئاسماندا دەکشێت،
ئەویش ئاوها لە چاوی ڤینوسدا بە نێو شەوەکەدا خزا. 816

وێ تیری تەماشای بە دوای ویدا نارد. وەک یەکێکی سەر کەنار
کە لە هاوڕێیەکی دەڕوانێت کە تازە سواری کەشتی بووە،
تا شەپۆلە توندەکان دەیبەن و چیتر نابینرێت،
[ئەو شەپۆلانەی] کە باسکەکانیان هەوڵ دەدەن بگەن بە ئاسمان.
ئاوها شەوە نووتەک و بێبەزەییەکە
ئەو شتەی پێچایەوە کە خۆراکی دەدا بە بینایی وێ.

لە ئاستی سەرسام بوو، وەک یەکێک کە بێئاگا
خشڵێکی بەنرخ فڕێ بداتە لافاوەوە.
حەپەسابوو، وەک ئەوانەی لە دارستانێکی وەرەڕووخێندا
بە شەو دەگەڕێن و چراکەیان دەکوژێنرێتەوە و زۆر جار [دەحەپەسێن]،
ئاوها لە تاریکیدا ڕاکشابوو و پەشۆکابوو،
کە دۆزراوە جوانەکەی ڕێکەی بزر کرد.

ئێستاش وێ دڵی دەکوتێت، لە ئاستیدا دەناڵێنێت،
گشت ئەشکەوتەکانی چواردەور، کە وا دیارە نیگەرانن،
زارەکییانە نرکەکانی وێ دووبارە دەکەنەوە.
شیوەن لەسەر شیوەن بە قووڵی دوو هێندە دەبن.
وێ دەگرییێت: «ئەی لە من! » بیست جار: «وەی، وەی!»
بیست جاران بیست ئاوها دەگرین.

وێ کە دەیبیستن دەنگێکی ڕۆڕۆی دەردەکرد،
چەمەرییەکی خەمناکی لە بەربووره چڕی:
چۆن ئەڤین گەنج دەکاتە کۆیلە و پیر شەیدا دەکات،
چۆن ئەڤین لە گەوجیدا دانایە و زیرەکێکی گەمژەیە.
سرووده خەمناکەکەی هەر بە پەژارە تەواو دەبوو.
کۆڕی زایەڵەکەش هەر بۆیان دەسەندەوە.

گۆرانییەکەی وەرەزکەر بوو، لە شەو درێژتر بوو.
چون گەرچی کاتی ئەڤیندار کورت دیارە، بەڵام درێژە.
کە خۆیان شاد بن، ئیتر پێیان وایە خەڵکی تریش
چێژ لەم جۆرە وردەکارییانە و لەم جۆرە ڕابواردنە دەبینن.
زۆر جار کە دەست بە چیرۆکە زۆرەکانیان دەکەن
بێ گوێگر کۆتاییان دێت، هەرگیزیش تەواو نابن.

وێ شەوەکە لەگەڵ کێ بە سەر ببات
جگە لە دەنگگەلی بێکار، کە وەک مشەخۆر وان،
وەک مەیگێڕی زمانتیژ وەڵامی هەموو بانگکردنێک دەدەنەوە،
تەناوی[120] مێشکی خەیاڵان ئارام دەکەنەوە؟
وێ دەڵێت: «ئاوایە»، وەڵامی دەدەنەوە: «ئاوایە».
ئەگەر بڵێت: «نەخێر»، ئەوانیش بە دوایدا هەر وا دەڵێن.

سەیر! ئەوە چوڕەیەکی[121] میهرەبان، ماندوو لە پشوو،
لە هێلانە ئاونگاوییەکەیەوە بەرز هەڵدەفڕێت،
بەیان بە خەبەر دێنێت، کە لە سنگی زیوینی ئەوەوە
خۆر پڕ شکۆ هەڵدێت.
کە [خۆر] هێندە شکۆمەندانە لە جیهان دەڕوانێت،
ترۆپکی کونار[122] و گردەکان وەک زێڕی زاخاوکراو دەردەکەون.

ڤینوس بەم بەیانە خۆشە باشە سڵاوی لێ دەکات:
«ئاخ ئەی خوای ڕۆشن، ئەی سالاری گشت ڕووناکییەکان،
کە هەموو چرا و ستێرەیەکی ورشن لە تۆوە ڕووناکی وەردەگرن،
ئەی ئەو ئەیراوە[123] ڕندەی کە ئەو[124] ڕووناک دەکەیتەوە،
کوڕێک[125] دەژی، شیری دایکێکی زەمینیی خواردووە،
بەشکو ڕووناکیت بداتێ، کە تۆ دەیدەیت بەوانی تر.

ئەمەی وت و بەپەلە چووە ڕەزێکی مۆرتکەوە[126].
سەرسام بوو کە بەیانییەکە ئەوەندە زوو تێپەڕی و
هیچ هەواڵێکی گراوییەکەی نەبوو.
گوێی بۆ تانجی و کەڕەناکەی وی هەڵخست،
یەکسەر بیستنی بە توندی دەچریکێنرێن.
خێرا و بەپەلە بەرەو دەنگەکە چوو.

لە کاتی ڕاکردنەکەیدا هەندێک لە دەوەنەکانی سەر ڕێ
ملی وێیان دەگرت، هەندێکیان دەموچاویان ماچ دەکرد،
هەندێکیان خۆیان بە ڕانیەوە جووت دەکرد تا ناچاری بکەن بمێنێتەوە.
بەڵام وێ کێوییانە لە باوەشە توندەکانیان جیا بووەوە،
وەک ئاسکەمێیەکی شیردەر، کە گوانە ئاوساوەکانی ژان دەکەن،
پەلەیەتی شیر بدات بە کارمامزەکەی، کە لە بێشەیەکدا شاردوویەتیەوە.

لەم کاتەدا بیستی تانجییەکان وەستاون.
داچڵەکی، وەک چۆن یەکێک بەرگیر[127] لەسەر ڕێی ببینێت
بە قەفی تۆقێنەر لوول بووە،
ترس دەیخاتە لەرز و موچڕک.
ئاوهاش حەپەی ترسنۆکانەی تانجییەکان
هەستەکانی وێیان تووشی دڵەڕاوکێ کرد، ورەیشیان پەرێشان کرد.

چونکە وێ زانیی نێچیرێکی داماو نییە،
بەڵکو بڕەکێکی گەوج، ورچێکی دڕ، یان شێرێکی شانازە.
چونکە هاوارەکان لە یەک جێدا مابوونەوە.
سەگەکان لەوێ بە ترسەوە دەیانقروسکاند.
کە زانییان دوژمنەکەیان هێندە نەفرەتییە،
هەموویان لەسەر تۆرە پێداگر بوون کە کامیان یەکەم جار ڕووبەڕووی ببنەوە.

ئەم قیژە خەمهێنە بە خەمناکی لە گوێی وێدا زرنگایەوە،
هەر لەوێشەوە دڵی شەبەیخوون کرد.
گومان و ترسی ڕەنگبزرکاو وا داگیریان کرد
کە بە لاوازییەکی ڕەنگ سپی و ساردەوە هەموو هەستێکیان سڕ کرد.
وەک سەرباز، کە فەرماندەکەیان خۆی بە دەستەوە دەدات،
لە پەستا هەڵدێن و ناوێرن لە مەیداندا بمێننەوە.

وێ ئاوها لە تاساوییەکی هەڵلەرزێندا وەستا،
تا دڵنەوایی هەستە ترساوەکانی دایەوە.
پێی وتن: «ئەمە هەمووی خەیاڵاتی بێهۆن،
هەڵەی منداڵانەیە کە دەترسن».
فەرمانی پێیان دا لە هەڵلەرزین دەربچن و چیتر نەترسن.
لەگەڵ ئەو وتانەدا سەیری بڕەکە ڕاوکراوەکەی کرد.

دەمە کەفکردووەکەی بە ئاڵ ڕەنگ ببوو.
وەک وا بوو شیر و خوێن تێکەڵ کرابن.
ترسی دووەم بە هەموو ژێکانیدا[128] بڵاو بووەوە.
شێتانە خستیە پەلەپەل و خۆیشی نەیزانی بۆ کوێ.
بەم ڕێیەدا ڕایکرد، پاشان چیتر ڕاینەکرد.
گەڕایەوە بۆ ئەوەی بڕەکەکە لەسەر کوشتن سەرکۆنە بکات.

هەزار لەتر[129] خستیانە سەر هەزار ڕێ:
بە ڕێیەکدا دەڕۆیشت و دیسان پیایدا دەڕۆیشتەوە.
پەلە زۆرەکەی لەگەڵ دواخستندا هاوجووت بوون،
وەک کردارەکانی مێشکێکی سەرخۆش
پڕە لە ڕەچاوکردن، کەچی هیچ ڕەچاو ناکات،
خەریکی هەموو شتێکە، لێ هیچ کاریگەریشیان نییە.

وێ تانجییەکی دۆزییەوە بێشەڵانێکی بە کولانە گرتبوو.
پرسیاری خاوەنەکەی لەم حیزە ماندووە کرد.
لەوێش یەکێکی تر برینەکەی دەلێستەوە،
کە [ئەمە] شای هەتوانەکانە لە بەرانبەر برینی ژەهراویبوودا.
لێرەش یەکێکی دیی دی خەمبارانە مۆن ببوو.
وێ لەگەڵی دووا، ئەویش بە قروسکە وەڵامی دایەوە.

کە لە لوورەلوورە بڵندەکەی بووەوە
شیوەنگێڕێکی دەمشلی تر، ڕەش و گرژ،
دەنگی گەیشتە تەشقی ئاسمان.
یەکێکی تر و یەکێکی تریش وەڵامی دایەوە.
کلکە شانازەکانیان لە ژێرەوە شەقشەق بە زەویدا دەدا.
گوێ ڕووشاوەکانیان دەلەرزاند کە بە دەم ڕۆیشتنەوە خوێنیان لێ دەتکا.

هەر وەک چۆن خەڵکی داماوی جیهان
لە ئاست خێو و نیشانە و بەرژەنگدا دەحەپەسێن،
بە چاوی پڕ ترسەوە زۆر بە دیاریەوە ئەبڵەق دەبن،
نوقڵانەی ترسناکیان تێ دەڕێژن،
ئاوهاش وێ لە ئاست ئەم نیشانە خەمناکانەدا هەناسەی دایەوە،
دیسان هەناسەی هەڵکێشایەوە و لە دەست مەرگ سکاڵای کرد:

«هەی زۆرداری ڕەزاقورسی ناشیرینی ڕەقەڵەی بنێس،
هەی جوداکەری ڕقنی خۆشەویستی». ئاوها مەرگی سەرکۆنە کرد:
«هەی سەهویری بزەتاڵ، کرمی زەوی، چیت دەوێت
لە خنکاندنی جوانی و دزینی هەناسەی وی؟
ئەوێک کە دەژیا هەناسە و جوانییەکەی
بریقەیان بە گوڵ و بۆنیان بە وەنەوشە دەدا.

ئەگەر وی مردبێت، هەی ڕۆ نا! نابێت،
جوانییەکەی ببینیت لە ئاستی ئەبڵەق دەبیت.
بەڵێ! وایە، تۆ چاوت نییە ببینیت،
بەڵکو بە ڕقەوە هەڕەمەکییانە یەکێک دەپێکیت.
ئامانجت تەمەنی پەککەوتەیە، کەچی تیری هەڵەت
ئەو ئامانجە ناپێکێت و دڵی منداڵێک شەق دەکات. 942

گەر فەرمانت پێی دابایە وریا بووایە قسەی دەکرد،
گوێشت لێی بووایە هێزت هێزی خۆی لە دەست دەدا.
چارەنووسەکان[130] لەسەر ئەم گورزەت بە نەفرەتت دەکەن.
فەرمانیان پێت داوە بژار هەڵبکەنیت، تۆ گوڵت ڕنیوە.
دەبوو تیری زێڕینی ئەڤین ئەوی بپێکایە،
نەک تیری ڕەشەداری مەرگ بیکوژێت. 948

ئایا تۆ ئەو فرمێسکانە دەخۆیتەوە کە دەبیتە هۆی ڕشتنیان؟
ناڵەی سەخت چ سوودێکی بۆ تۆ هەیە؟
بۆ ئەو چاوانەت خستە خەوی تاتاییەوە
کە هەموو چاوێکی تریان فێری بینین دەکرد؟
ئێستا سرووشت هێزی بکوژی تۆی بۆ گرینگ نییە،
چونکە باشترین کاری ویت بە توندوتیژییت وێران کرد». 954

لێرەدا دڵی پڕ بوو، وەک کەسێک پڕ لە نائومێدی،
پێڵووەکانی دادایەوە، کە وەک شەلەگە
ئەو کێشاوە بلوورییەی ڕادەگرت کە لە دوو گۆنا جوانەکانیەوە
بە جۆگەی شیرینی سنگیدا دادەچۆڕان.
بەڵام بارانە زیوینەکە بەریانەکەی[131] بڕی،
بە تەوژمە بەهێزەکەی دیسان کردنیەوە. 960

ئاخ، چۆن چاو و فرمێسکەکانی وێ ئاڵوویریان دەکرد[132]!
چاوی لە فرمێسکەکانیەوە دەبینران، فرمێسکەکانی لە چاویەوە،
هەردووکیان وەک بلوور وا بوون، سەیری پەژارەکانی یەکیان دەکرد.
پەژارەیەک کە ئاخی دۆستانە بەردەوام هەوڵی دەدا وشکی بکاتەوە،
بەڵام وەک ڕۆژی زریاناوی، دەمێک با و دەمێک باران،
ئاخ گۆناکانی وشک دەکردەوە، فرمێسک دیسان تەڕی دەکردنەوە.

کوڵی جۆراوجۆر ئازارە بەردەوامەکانیان سیخناخ دەکرد.
وەک بڵێیت تێدەکۆشن کامیان ببنە خەفەتی وێ.
هەمووان پێشوازییان لێ کرا، هەر کوڵێک هەوڵی دەدا
هەر پەژارەیەکی ئەوێ وەک سەرۆک دەربکەوێت.
بەڵام هیچیان باشترین نەبوون، پاشان پێکەوە کۆ بوونەوە،
وەک هەوری زۆر کە بۆ کەشی ناخۆش ڕاوێژ دەکەن.

لەم کاتەدا لە دوورەوە هەتتەلەی ڕاوچییەکی بیست.
گۆرانیی دایەنیش ئاوها ساوای دڵخۆش نەکردووە.
ئەم دەنگی هیوایە هەوڵی دەدا
ئەو وێناکردنە تۆقێنەرەی وێ دەربپەڕێنێت کە وێ شوێنی کەوتبوو[133].
بووژایەوە و خۆشی داوای لێی کرد دڵخۆش بێت.
بەوە دەیخڵافاند کە دەنگی ئادۆنیسە.

لەم کاتەدا چاوانی کێشاوەکانیان نیشاندەوە،
وەک مرواریی نێو شووشە لە نێو چاوانیدا بەند بوون،
بەڵام جارجار هەر تنۆکێکی ڕەنگین بە لادا دادەچۆڕان.
بەڵام گۆناکانی دەیانهەڵماند، چونکە پێیان سووکایەتی بوو لێبگەڕێن تێبپەڕێت
بۆ شوشتنی دەموچاوی ناحەزی زەویی قەحبەئاسا،
کە کاتێک وێ خەریک بوو نوقم بێت، ئەو سەرخۆش بوو.

ئەی ئەڤینی باوەڕنەهێن، چ سەیرە
کە باوەڕ ناکەیت، کەچی هێندە خۆشباوەڕیت!
خەم و خۆشیت هەردوو پەڕگیرن.
هیوا و بێهیوایی دەتکەنە گاڵتەجاڕ.
یەکێکیان بۆ چاوەڕواننەکراو پشێپشیت بۆ دەکات،
ئەو تر لە بیرکردنەوەی چاوەڕوانکراودا بە زیندوویی[134] دەتکوژێت.

جا کەوتە هەڵوەشاندنەوەی ئەو تۆڕەی تەنیی.
ئادۆنیس دەژی، نابێت مەرگ سەرکۆنە بکرێت.
ئەوە وێ نەبوو کە بەوی وت هیچوپووچ.
ئێستا ئابروو بۆ ناوە نەویستراوەکەی زیاد دەکات.
بە ناوی پاشای گۆڕەکان و گۆڕی پاشاکان و
سەروەری بەزەبری هەموو شتێکی نەپاو بانگی دەکات.

وێ وتی: «نا، نا، ئەی مەرگی شیرین، گاڵتەم کرد.
ببوورە، تۆزێک ترسام،
کە بڕەکەکەم دی، ئەو دڕندە خوێناوییە،
کە بەزەیی نازانێت و هەردەم توندوتیژە.
پاشان، ئەی تارمایی نەرمونیان، دەبێت ددان بە ڕاستییەکەدا بنێم،
لە ترسی مەرگی خۆشەویستەکەم بە تۆدا تەقیمەوە.

خەتای من نەبوو، بڕەکەکە زمانمی ورووژاند.
ئەی فەرماندەی نادیار، تۆڵە لەو بستێنە.
ئەو بوونەوەرە پیسە بوو کە خراپەی بەرانبەرت کرد.
من تەنها نوواندنم کرد، ئەو نووسەری نەگەکانم[135] بوو.
پەژارە دوو زمانی هەیە. هیچ ژنێک تا ئێستا
نەیتوانیوە بێ ئاوەزی دە ژن هەردووکیان ڕام بکات».

ئاوها هیوای دەخواست ئادۆنیس لە ژیاندا مابێت.
گومانە هەڵەشانەکەی کەم کردەوە.
بۆ ئەوەی بەشکو جوانییەکەی وی باشتر گەشە بکات،
خاکەڕایانە بە زمانی لووس مەرگی دادەکەفاند.
باسی خەزێنە و پەیکەر و گڵکۆی بۆ دەکرد، لەگەڵ چیرۆکی
1014 سەرکەوتن و زاڵبوون و شکۆمەندییەکانی وی.

وێ وتی: «ئەی یۆڤ[136]! چەند گەمژە بووم،
کە ئەوەندە بیرم لاواز و گەوجانە بوو!
بۆ مەرگی وی دەملاواندەوە، لە کاتێکدا دەژی و
تا سەرنخوونکردنی یەکجارەکیی هەموو مرۆڤ نابێت بمرێت.
چون ئەگەر ئەو بمرێت، لەگەڵیدا جوانییش دەکوژرێت،
1020 جوانییش بمرێت، دیسان شێواویی ڕەش دێتەوە[137].

داوەشێیت، داوەشێیت، هەی ئەڤینی ساویلکە! پڕیت لە ترس،
وەک یەکێک بارە گەوهەری پێبێت و دز دەورەی لێ دابێت.
هیچ نییە، چاو و گوێ پشتڕاستیان نەکردووەتەوە.
دڵە ترسنۆکەکەت بە لێکدانەوەی هەڵە خەم دەخوات».
تەنانەت لە کاتی وتنی ئەمەدا کەڕەنایەکی شادی بیست،
1026 بەوە گەشکەی کرد، گەرچی کەمێک پێشتر لێی قەومابوو.

وێ دوور فڕی، وەک باز کە بەرەو چەشە دەچێت،
ئەوەندە سووک پێی بە گیاکاندا دەنا کە نەدەنووشتانەوە.
مخابن، لە پەلەپەلدا چاوی کەوت بە
سەرکەوتنی بڕەکە ناحەزەکە بەسەر شادییەکەی وێدا.
کە بینیی، چاوانی وەک بڵێیت بە دیمەنەکە کوژران،
1032 وەک چۆن ئەستێرە شەرم لە ڕۆژ دەکات، خۆیان کشاندەوە[138].

یان وەک شەیتانۆکە، کە بکێشرێت بە شاخە ناسکەکانیدا
لە ئازاردا خۆی بەرەو ئەشکەوتە قەپێلکەییەکەی دەکشێنێتەوە،
لەوێ خۆی گرمۆڵە دەکات، بۆ ماوەیەکی درێژ لە تاریکییەکەدا
دادەنیشێت، لە ترسی ئەوەی دیسان خۆی بەرەو پێش بخشێنێت.
ئاوها بەرانبەر دیمەنە خوێناوییەکەی وی، چاوەکانی فڕین
بۆ نێو ئەشکەوتە قووڵە تاریکەکانی سەری.

لەوێ دەستبەرداری ئەرک و سۆماکەیان بوون.
بۆ چارەی مێشکە شێواوەکەی،
کە فەرمانی پێیان دا هەردەم هاوەڵی شەوی ناشیرین بن و
هەرگیز بە بینین دڵ زامدار نەکەنەوە.
[دڵی] وەک پاشایەکی سەرلێشێواوی سەر تەختەکەی
بە فیتی ئەوانناڵەیەکی کوشندەی کرد.

لەویادا هەرچی ئەندامی لەشی هەبوو لەرزی،
وەک چۆن کە با لە زەویدا بەند دەکرێت و
کە دەیەوێت دەربچێت، بناغەی زەوی دەلەرزێت،
مێشکی مرۆڤان بە تۆقینی ساردەوە پەرێشان دەکات.
ئەم پشێوییەش ئاوها گشت ئەندامی هەژاند،
وای کرد دیسان چاوانی لە پێخەفە تاریکەکانیانەوە باز بدەن.

جا کە کرانەوە، ڕووناکیی نابەدڵیان
بەسەر ئەو برینە فرەوانەدا هاویشت کە بڕەکەکە
لە کەلەکە ناسکەکەی ویدا هەڵیکۆڵیبوو، شلێری سپیی خووگرتووی
بە ڕۆندکی جەرگیی گریاوی برینەکەی خوساندبوو[139].
هیچ گوڵ و گژوگیا و گەڵایەک نزیک نەبوو
خوێنی وییان نەدزیبێت و وا دەرنەکەون کە لەگە ئەودا خوێنیان لێ ناچۆڕێت.

ڤینوسی داماو سەرنجی ئەم هاوسۆزییە بەکوڵەی دا.
سەری بەسەر شانێکدا داپەسارد،
بێدەنگ کوڵی دەدا، هەژیوانە شێتێتیی دەکرد،
بیری لەوە دەکردەوە وی نابێت بمرێت، نەمردووە.
دەنگی وەستا، جومگەکانی نووشتانەوەیان لە بیر چوو،
چاوەکانی تووڕە بوون کە تا پێش ئێستا دەگریان.

هێند بێجووڵە سەیری زامەکەیی کرد
کە بینابیە ڕەشکەوپێشکەکەرەکانی وایان کرد برینەکە بە سێ دانە دیار بێت.
پاشان چاوە شێوێنەکەی خۆیی سەرکۆنە کرد
کە برینی زیاتریان دروست دەکرد لە کاتێکدا ئەو جێیانە زامدار نەببوون،
دەموچاوی وی بە دووان دەردەکەوتن، هەر پەلێکی جیای ببوو بە دوو،
چون زۆر جار کە مێشک دەشڵەژێت چاو هەڵە دەکات.

وتی: «زمانم ناتوانێت شیوەن بۆ یەکێک بگێڕێت،
کەچی تۆ سەیر، دوو ئادۆنیس مردوون!
ئاخەکانم با بردنی، ئەشکی سوێرم نەما،
چاوانم بوون بە ئاگر، دڵم بە قوڕقوشم.
قوڕقوشمی دڵی توندم لە ئاگری سووری چاوانمەوە دەتوێتەوە.
بە تنۆکی گەرمی ئارەزوو دەمرم.

مخابن! ئەی جیهانی داماو، چ خەزێنەیەکت لە دەست دا!
چ ڕووێکی زیندوو ماوەتەوە شایستەی بینین بێت؟
ئێستا زمانی کێ مووسیکە؟ دەتوانیت
بە چ شتێکی پێشوو، یان هەر شتێکی دواترتەوە بنازیت؟
گوڵان شیرینن، ڕەنگیان نوێ و خەملیون،
بەڵام جوانیی شیرینی ڕاستی لەگەڵ ئەودا ژیا و مرد.

چیتر هیچ بوونەوەرێک تارا و بۆنێت[140] ناپۆشێت،
چیتر خۆر و با هەوڵ نادەن ماچت بکەن،
چون جوانیی ترت نییە لە دەستی بدەیت، ئیتر پێویست ناکات بترسیت،
خۆر قێزی لێت دێتەوە، با خێسەت لێ دەکات،
بەڵام ئەو کاتەی ئادۆنیس دەژیا خۆر و بای تیژ
وەک دوو دز پیلانیان دەگێڕا بۆ ئەوەی جوانییەکەی لێ بدزن.

جا بۆیە ئەگەر ئێستا ئەو بۆنێتەکەی لە سەر کردبا،
خۆری ئاڵوواڵا لە ژێر لێوارەکەیدا دزەنیگای دەکرد،
با دەیبرد و کە براش
یاری بە گێسووی دەکرد، ئینجا ئادۆنیس دەگریا،
یەکسەریش هەردووکیان، لە بەزەییان بە تەمەنە کەمەکەیدا،
هەوڵیان دەدا بزانن کامیان یەکەم کەس فرمێسکەکانی بۆ وشک دەکاتەوە.

شێر لە پشت هەندێک چیلەوە[141] دەڕۆیشت
بۆ ئەوەی دەموچاوی وی ببینێت، چونکە نەیدەویست بیترسێنێت.
کە بۆ خۆشیی خۆی گۆرانیی دەبێژا،
پڵنگ ماڵی دەبوو و بە هێمنی گوێی لێ دەگرت.
کە دەدووا، گورگ وازی لە نێچیری دەهێنا و
ئیتر ئەو ڕۆژە ئەو بەرخە گەوجەی نەدەترساندەوە.

کە سەیری سێبەرەکەی[142] دەکرد لە جۆگەدا
ماسییەکان ڕیشۆکەوانە زێڕینەکانیان بە دەوریدا بڵاو دەکردەوە.
کە نزیک باڵداران دەبوو، ئەوەندە خۆشییان لێ دەهات
کە هەندێکیان سترانیان دەبێژا، هەندێکی تر بە دەنووک
شاتوو و گێلاسی ئاڵی گەیویان بۆی دەهێنا.
ئەو بە دیمەنی خۆی خۆراکی پێیان دەدا، ئەوان بە توو.

بەڵام ئەم بڕەکە قێزەونە بێبەزەییە لمۆزدەعباییە،
کە چاوە داکەوتووەکانی هەردەم بە دوای گۆڕدا دەگەڕێن،
هەرگیز ئەو هاوپۆشی جوانییەی نەدی کە ئەو پۆشیبووی.
ئەو سەرگەرمییەی نەدی کە ئەو دەیبەخشی.
ئەگەر دەموچاوی ئەوی دیبا، ئەوا دەزانم
کە بیری لەوە دەکردەوە ماچی بکات و ئاوها کوشتبای.

ڕاستە، ڕاستە. ئادۆنیس ئاوها کوژرا:
بە ڕمە تیژەکەیەوە هەڵیکوتایە سەر بڕەکەکە،
بەڵام ئەو لە بەرانبەردا نەیویست ددانەکانی لێ تیژ بکاتەوە[143]،
بەڵکو بیری لەوە کردەوە بۆ ماچێکی لەوێ دایبکەفێنێت.
جا بەرازە خۆشەویستەکە کە لووتی لە کەلەکەی وی خشاند،
بێئاگا کەڵبەکەی لە بەرموسڵدانی ناسکی چەقاند.

دەبێت ددان بەوەدا بنێم، ئەگەر منیش وەک ئەو کەڵبەدار بوومایە،
پێشتر بە ماچکردنی وی دەمکوشت.
بەڵام ئەو مرد و هەرگیز گەنجیم
بەوەی خۆی ڕێژنەدار ناکات، ئەوەندەی تر بەنەفرەت بووم».
دوای وتنی ئەمە لەو جێیەدا کەوت کە لێی ڕاوەستابوو.
بە خوێنە مەییوەکەی وی دەموچاوی خۆیی لەکاوی کرد.

سەیری لێوەکانی ویی کرد کە زەرد هەڵگەڕابوون،
دەستی ساردی ویی گرت،
ڕازێکی دڵتەزێنی بە گوێیدا چرپاند،
وەک بڵێیت وشە خەمناکەکانی دەبیستن.
پێڵووی گەنجینەکانی ئەوی هەڵبڕی کە چاوانی وییان داخستبوو.
سەیر! دوو چرای کوژاوە، لە تاریکیدا ڕاکشاون.

دوو ئاوێنە، وێ هەزاران جار سەیری خۆی تێیاندا کردبوو،
بەڵام ئێستا چیتر وێنە نادەنەوە،
چاکێتییەکانیان لە دەست دا، کە پێشتر نایاب بوون،
هەموو جوانییەک لە بەکارییەکەیان دزرا.
وێ وتی: «ئاخ لە کاری چەرخ! ئەمە لە ڕقی منە کە
تۆ مردوویت و ڕۆژیش هەر ڕووناک دەبێت. 1134

ئیتر مادەم تۆ مردیت، ببینە! پێشبینی دەکەم
لەمەودوا خەم چاودێریی ئەڤین بکات،
ئیرەیی سەردانکەری بێت،
سەرەتای شیرینی هەبێت، بەڵام کۆتایی تاڵ،
هەرگیز بە هاوسەنگی سەقامگیر نەبێت، بەڵکو هەڵبەز و دابەز بکات،
بە جۆرێک کە هەموو چێژەکانی ئەڤین نەگەنە ئاستی ئازارەکانی. 1140

دەبێت ڕاڕا و بەهەڵەدابەر بێت و پڕ بێت لە فێڵ.
چرۆ بکات و ئەوەندەی هەناسەیەک بتەقێتەوە.
بنی ژەهر بێت، بەڵام شیرینییەکی وا بەسەریدا
پەرش کرابێت کە سەرڕاستترین بینایی فریو بدات.
بەهێزترین لەش بکات بە لاوازترین.
دانا لاڵ بکات و گەمژە بهێنێتە گۆ. 1146

دەبێت خۆگر بێت و پڕ بێت لە ئاژاوە.
زورهان فێر بکات لەسەر ڕەزم سەما بکات.
سێبەندیی شەڕانی بێدەنگ بکات.
دەوڵەمەند دابڕمێنێت، هەژار بە گەنجینە دەوڵەمەند بکات.
دەبێت تووڕانە شێتگیر بێت، گەمژانەش هێور بێت.
گەنج پیر بکات، پیر بکاتە منداڵ. 1152

لەوەی هۆیەکی نییە لێی بترسێت بەدگومان بێت،
لەوەشی کەمترین متمانەی هەیە نەترسێت.
دەبێت میهرەبان بێت، زۆر بەزەبریش بێت.
لەو کاتەی وا دیارە زۆر دادپەروەرە، زۆر هەڵخڵەتێنەر بێت.
دەبێت لەو کاتەی وا پیشانی دەدات گوێڕایەڵترینە لاسار بێت.
1158 ترس بخاتە نێو نەترسەوە و ئازایی بخاتە نێو ترسنۆکەوە.

دەبێت ببێتە هۆی جەنگ و ڕووداوی تۆقێنەر،
دووبەرەکی بخاتە نێوان کوڕ و باوکەوە،
ژێرهاویشتە و کۆیلەی گشت سەربزێوان بێت،
وەک شتگەلی وشکی گڕگر چۆنن بۆ ئاگر.
مادەم مەرگ خۆشەویستەکەمی لە هەڕەتیدا وێران کرد،
1164 دەبێت ئەوانەش چێژ نەبینن کە خۆشەویستەکانیان زۆر خۆش دەوێت».

دوای ئەمە، ئەو کوڕەی لایەوە بە کوژراوی ڕاکشابوو
وەک هەڵم نەما و لە بەر چاوی وێ توایەوە.
لە نێو ئەو خوێنەیدا کە لەسەر زەوییەکە ڕژابوو
گوڵێکی سپی هەڵتۆقی، خاڵخاڵی جەرگیی تێدا بوو.
زۆر هاوشێوەی گۆنا ڕەنگبزڕکاوەکەی و ئەو خوێنە بوو
1170 کە بە دڵۆپی بازنەیی لەسەر سپێتییەکانی پرژابوو[144].

وێ سەری نووشتاندەوە و بۆنی گوڵە تازە هەڵتۆقیوەکەی کرد.
بەراوردی کرد بە هەناسەی ئادۆنیس.
ئینجا وتی دەبێت لە نێو سنگیدا بێت،
چونکە مەرگ ویی لە وێ ڕفاند.
لاسکەکەی لێکردەوە، لە جێی شکانەکە
1176 دڵۆپی ئاووگی سەوز دەرکەوت، بەراوردی کرد بە فرمێسک.

وتی: «ئەی گوڵی داماو، باوکت بەم جۆرە بوو،
ئەی وەچەی شیرینی باوکێکی بۆنشیرین،
هەموو خەمێکی بچکۆلە چاوانی ویی تەڕ دەکرد.
ئاواتی ئەوە بوو پێبگات.
تۆش هەر وایت. بەڵام ئەوە بزانە:
1182 لە سنگی مندا بژاکێیت باشترە وەک لە نێو خوێنەکەی وی.

ئێرە پێخەفەکەی باوکت بوو، ئا لێرە و لە نێو سنگم.
تۆ لە خوێنی ئەویت، بۆیە مافی خۆتە.
ببینە! لەم لانکە هوڵۆڵەدا پشوو بدە.
دڵی پلدەرم شەو و ڕۆژ ڕاتدەژەنێت.
خولەکێک لە تاوێک نابێت
1188 کە تیایدا گوڵی ئەڤینە شیرینەکەم ماچ نەکەم».

ئاوها، ماندوو لە جیهان، بەرەو دوور چوو.
کۆترە زیوینەکانی نیلە کرد، بە یاریدەی خێرای ئەوان
سەروەرەکەیان سەرکەوت و
لە گالیسکە سووکەڵەکەیدا خێرا بە نێو ئاسمانە بۆشەکاندا برا.
ڕێی پافۆسیان[145] گرتە بەر، کە شاژنەکەیان نیازی وا بوو
1194 لەوێ خۆی بەند بکات و نەبینرێتەوە.

تەواو

# ڕاڤەکانی ڤینوس و ئادۆنیس

## ڕاڤەی سەرنووس و پێشکێشنامەکە

[i] **با ڕەشوڕووت... ببەخشە:** ئەم سەرنووسە لە دەقە ماکەکەشدا هەر بە لاتینی نووسراوە. ئەمە دوو دێڕی *ئامۆرێس* *Amores* (بەرگی ١، شیننامەی ١٥: ٣٥-٣٦)ی ئۆڤید-ن (٤٣پ.ز. - ١٧ یان ١٨ز). فرانسیس کانەر (ڕاڤەکارێکی *ڤینوس و ئادۆنیس*ە) دەڵێت: «لەوانەیە لەسەر داوای شێکسپیر بووبێت. لەوانەشە لەسەر داوای جۆن هاریسن بووبێت. هاریسن فرۆشیاری نامیلکەی *ڤینوس و ئادۆنیس* بووە و زۆر کاری ئۆڤیدی بڵاو کردووەتەوە و فرۆشتوونی».

**ئاپۆلۆن** (یان: ئەپۆلۆ، ئاپۆلۆ، ئەپۆلۆن، ئەپۆڵۆ): بە ئینگلی *Apollo*. *ئاپۆلۆن* گریکییە، *ئاپۆلۆ*، یان *ئەپۆلۆ* لاتینییە. یەکێکە لە خوا مەزنەکانی گریک و ڕۆمی دێرین. بە گشتی خوای سزادەر و یاریدەر و دوورخەرەوەی نەگریسی و پێشگۆیی و مووسیک و گۆرانی و دامەزرێنی شار و دامەزراوەی ژیاری بووە. هەروەها پارێزەری مێگەل و ڕەشەوڵاخ و خوای مێرگ و لەوەڕگا و خۆر بووە.

کوڕی زێفس و لیتۆ-یە و برای ئارتەمیسە (دیانا: بڕوانە ڕاڤەی ١٠٩). ڕاگەیێنی ویستی زێفس بووە بە مرۆڤان. هەڵبەستوانە هۆمیرۆسییەکان هونەری گۆرانیبێژییەکەیان یان لە ئاپۆلۆنەوە هێناوە، یان لە مووسەکانەوە. هەر وەک چۆن شێکسپیر لە سەرەتای ئەم کارەدا لە زاری هۆراسەوە داوای یارمەتی لەو دەکات.

ڕۆمییەکان لە ڕێی گریکەکانەوە ئاپۆلۆنیان ناسیوە و پەرستوویانە. خۆیشیان بیرۆکە و ئەندێشەی خۆیانیان پێوەی لکاندووە و تا ڕادەیەک ڕۆماندوویانە.

**کاستالیا:** کانییەک بووە لە دێلفی لە گریک. ئەم کانییە لای ئاپۆلۆن و نیمفەکان پیرۆز بووە. ئاوی ئەم کانییە بە سەرچاوەی سرووش دانراوە.

[ii] **هێنری... تیچفیڵد: هێنری ڕایۆثێسلی،** ئێرلی ساوثهامپتن (١٥٧٣-١٦٢٤) سپۆنسەری شێکسپیر بووە. ئەم پیاوە بە نزیکی ٩-١٠ ساڵ لە شێکسپیر منداڵتر بووە. ساڵی ١٥٨١ بووە بە ئێرل، ئەو کاتە ٨ ساڵان بووە. ویلیەم سێسیڵ-ی ڕاوێژکاری تایبەتی ئەلیزابێث هەوڵی داوە کچەکەی خۆیی لێ مارە بکات، بەڵام سەری نەگرتووە. لە کۆلێجی سانت

جۆن لە کامبریدج خوێندوویە و بەهرەی هونەر و وێژەی هەبووە. ساڵی ١٥٨٩ دەرچووە. لە تەمەنی ١٧ ساڵانەوە بە کۆشکی ئەلیزابێثی شای بەریتانیا ناسێنراوە و ئەلیزابێث ڕێزی لێی گرتووە. هەر زوو بووەتە پشتیوانی هۆنەر و هونەرمەندان. بەوەشی شێکسپیر ئەم بەرهەمە و *لاقەکردنی لوکرێتسیا*-ی پێشکێشی وی کردووە، دیارە کە پشتیوانێکی بەخشندە بووە.

**ئێرل**: کاونت و ئێرل یەک شتن، هەردوو وشەکە ناسناوێکی خانەدانانی ئەوروپان. وشەی کاونت لە *کۆمتێ* – ***comte***ی فەڕەنسییەوە هاتووە، *کۆمتێ* فەڕەنسییەکە لە *کۆمێس*ی لاتینییەوە هاتووە بە واتای *هاوەڵ*، مەبەست هاوەڵی پاشایە. لە ئینگلیدا لە بەرانبەر *کۆنت*دا وشەی *ئێرل* – ***Earl*** هەیە کە لە کۆندا بە کەسێک وتراوە لە خوار پاشاوە بەرزترین پلەی کارگێڕیی هەبووە. تا ساڵی ١٣٣٧ لە بەریتانیادا ئێرل بەرزترین پلەی هەبووە. بەڵام لە دوای ئەوەوە مەرکیز و دوک وردەوردە بوون بە بەرزتر.

**ساوثهامپتن**: شارێکە لە باشووری ئینگلتەرا. ئێستا سەر بە کاونتیی هامپشییەیە.

**بارۆن**: ناسناوێکی خانەدانانی ئەوروپایە. لە ڕاستیدا ناوێکی گشتییە و بە هەموو خانەدانێک دەوترێت بارۆن. لە سەردەمانی کۆندا بارۆن ناوچەی دەسەڵاتیشی پێ دراوە و بەو ناوچەیەی لە ژێر دەسەڵاتی بارۆندا بووە وتراوە: *بارۆنی* ***Barony***، یان بە کوردی دەتوانین بڵێین: **بارۆننشین**. دواتر ناوچەی دەسەڵاتی لێ سەندراوەتەوە و وردەوردە ناسناو و پلەوپایەی کەمتر و کەمتر بووەتەوە تا لە هەندێک شوێنی بەریتانیادا، وەک سکۆتلاند، بارۆن بە واتای *خاوەنزەوی* ناسراوە. واتە هەر کەسێک کە زەوییەکی هەبێت پێی وتراوە *بارۆن* و ئیتر پێوەندیی بە خانەدانانی پاشاییەوە نەماوە.

**تیچفیڵد**: دێیەکی سەر بە کاونتیی هامپشییەیە.

[iii] **سوود لە... پێشکێش بکەم**: ئەو کاتەی ڤینوس و ئادۆنیس بڵاو کراوەتەوە (و نووسراوە) لەندەن تووشی تاعوون هاتبوو. بۆیە ڕەنگە شێکسپیر کاری تری هەبووبێت، بەڵام بە هۆی تاعوونەکەوە کە شانۆگەکان داخراون، ڕەنگە «کاتی بەتاڵ»ی زۆرتر بووبێت. وا دیارە مەبەستیشی لە «کارێکی مەندتر» ئەوەیە کە لەم کاتەدا خەریکی دانانی *لاقەکردنی لوکرێتسیا* بووە. ئەویشی هەر پێشکێشی هەمان کەس کردووە.

[iv] **ئەگەر یەکەم... ناوخاسی هەبووە:** لێرەدا «داهێنان» بە کەس کراوە، واتە کەسێکە و وەک دایک یان باوک منداڵی خستووەتەوە. *ڤینوس و ئادۆنیس* یەکەم وەچەی ئەم داهێنانەیە. ڕایۆتێسلی-ی بە باوکسالاری (Godfather) ئەو وەچەیە داناوە.

*ڤینوس و ئادۆنیس* یەکەم کاری بڵاوکراوەی شێکسپیرە. یەکەم کاریشیەتی کە هۆنراوەیەکی درێژە. پێشتر شانۆنامەی تری نووسیوە، وەک (هێنریی شەشەم، تیتوس ئەندرۆنیکوس...تد.)، بەڵام ڕەنگە شانۆنامە بە «داهێنان» هەژمار نەکرابێت.

# ڕاڤەکانی دەقی هۆنراوەی *ڤینوس و ئادۆنیس*

[1] **جەرگی**: ئەو وشەیەی لە دەقە ماکەکەدا بە کار هاتووە *پەرپڵ purple*ە. سێ جار لە تەواوی ئەم دەقەدا هاتووە (دێڕی ١، ١٠٥٤، ١١٦٨). بە گوێرەی ئینگلیی ئەمڕۆ بێت واتە مۆر. بەڵام ڕاڤەکارێک بە ناوی *پرینس* دەڵێت: «لە سەردەمی ئەلیزابێتدا (ئەو کاتەی *ڤینوس و ئادۆنیس* بڵاو کراوەتەوە) وشەی *پەرپڵ* هەمان واتای ئەمڕۆی نەبووە. بەڵکو لەو ڕەنگەی ئەمڕۆ سوورباوتر بووە». *فەرهەنگی ئۆکسفۆرد* دەڵێت: «واتای یەکەمی *پەرپڵ* ڕەنگی کەوای پاشاکان بووە؛ بەڵام لە کۆندا زیاتر بە واتای زرشکی (جەرگی) بە کار هاتووە». دەکرێت *پەرپڵ* بە «ئەرخەوانی»ش وەربگێڕرێت. بەڵام من جەرگیم دانا، چونکە لە کۆتایی ئەم دەقەدا شێکسپیر دیسان ئەم وشەیە بۆ پەسنی ڕەنگی خوێنی ئادۆنیس دەهێنێتەوە. کەواتە شێکسپیر لە یەکەم دێڕی هۆنراوەکەدا بە پەرلەی ڕەنگ ئاکامەکەمان پێ دەڵێت. سەرەتای ئەمڕۆ بە بەیانییەکی جەرگی دەست پێ دەکات کە نوقڵانەی ڕشتنی خوێنی جەرگیی ئادۆنیس لێدەدات. ئەم نوقڵانەیە بۆ سبەی (واتە ڕۆژی دواتری نێو دەقەکە) ڕوون دەبێتەوە.

[2] **کازیوەی گریاو:** کازیوە لە ئوستوورەی ڕۆمیدا خواژنی بەرەبەیانە. بە لاتینی پێی دەوترێت *ئاورۆرا Aurora*. هاوتاکەی لە ئوستوورەی گریکیدا ئیۆس-ە (Eos، Ἠώς). کازیوە هەموو بەیانییەک خۆی نوێ کردووەتەوە و جاڕی هاتنی خۆری داوە. لێرەدا واتە دوای کەوتنی خۆر.

[3] **ئادۆنیس: ئادۆنیس** (یان: ئەدۆنیس، ئادۆن، ئەدۆن): بە ئینگلی *Adonis*. کەسێتییەکی نێو ئوستوورەی گریکی و ڕۆمییە. دایک و باوکی بە گوێرەی سەرچاوەی جیاوازی دەقی

کلاسیکی گریکی و ڕۆمی جیاوازن. یان کوڕی کینیراس و مێثارمی بووە. یان کوڕی فینیکس و ئالفێسیڤیا بووە. یان کوڕی ڤیاس-ی شای ئاشوور و زمیرنا (میرا)ی کچی بووە.

ئەم چیرۆکەیان (کە گوایە کوڕی ڤیاس و زمیرنا بووە) دێرینترینی چیرۆکەکانە و بەم جۆرەیە: ڤینوس (ئەفرۆدیتی-ی گریکی) یان لە ئیرەییدا، یان لەبەر ئەوەی زمیرنا چیتر ئەوی نەپەرستووە، تووڕە بووە و بەوە سزای داوە کە تووشی خۆشەویستییەکی ناسرووشتیی کردووە بۆ باوکی خۆی. لەگەڵ دایەنەکەیدا خستوویانەتە پێخەفەکەی باوکیەوە، باوکیشی بە نەزانی لەگەڵی جووت بووە. دواتر کە باوکی بە تاوانەکەی زانیوە، ویستوویە بیکوژێت، بەڵام زمیرنا هەڵهاتووە. کە خەریک بووە باوکی پێی بگاتەوە، نزای کردووە خواکان نادیاری بکەن. خواکانیش بەزەییان پیایدا هاتووەتەوە و دایانگۆڕیوە بە دەوەنێک بە ناوی میرا (مۆرتک). ئاوها *زمیرنا* بووە بە *میرا*. دوای نۆ مانگ، دەوەنەکە تەقیوە و ئادۆنیس لە دایک بووە. گێڕانەوەیەکی دواتر هەیە دەڵێت کە هەر لەو کاتەدا کە باوکی پێی گەیشتووەتەوە شمشێری لە دەوەنەکە داوە و لەو دەوەنەوە ئادۆنیس زاوە.

ڤینوس بە جوانیی ئادۆنیسی منداڵ زۆر سەرسام بووە. بۆیە لە سندوقێکدا شاردوویەتیەوە و ئەم سندوقەی بە پێرسیفۆنی سپاردووە. کە پێرسیفۆنی زانیویە چی لە نێو ئەم سندوقەدا هەیە، دەستبەرداری نەبووە و نەیداوەتەوە. بۆ یەکلایی کردنەوەی ئەم مشتومڕە، سندوقەکەیان بردووەتە بەردەم زێفس. ئەویش بڕیاری داوە کە دەبێت ئادۆنیس سێیەکی ساڵ لای پێرسیفۆنی بێت، سێیەکی تری ساڵ لای ڤینوس بێت، سێیەکەکەی تر بە دڵی خۆی بڕیار بدات. ئادۆنیس پێی خۆش بووە لای ڤینوس بێت. ئەو ماوەیەشی بۆ خۆی دابین کراوە، هەر لای ڤینوس بووە.

ئادۆنیس گەورە بووە و گەنجێکی زۆر جوانی لێ دەرچووە. ڤینوس خۆشی ویستووە و لەگەڵی چووە بۆ ڕاو. هەردەم لە مەترسیی دەعبای کێوی ئاگاداری کردووەتەوە. لە کۆتاییشدا بەرەکێک بریندای کردووە و کوشتوویەتی. کە ڤینوس زانیویە خۆشەویستەکەی بریندار بووە، ڕایکردووە بۆ ئەو جێیەی ئەوی لێ گەوزاوە، نێکتاری بەسەر خوێنەکەیدا ڕشتووە، یەکسەر لەوەوە گوڵ پشکووتووە.

گێڕانەوەی تر هەن کە دەڵێن ڤینوس منداڵی لە ئادۆنیس بووە. بەڵام لەم دەقەی شێکسپیردا منداڵیان نابێت.

که ئادۆنیس مردووە داگیراوە بۆ جیهانی ژێرەوە، بەڵام ڕێی پێ دراوە ساڵانە شەش مانگ لەگەڵ ڤینوسی خۆشەویستیدا بە سەر ببات و بێتەوە بۆ جیهانی سەرەوە (جیهانی مرۆڤان) بۆ لای.

ڤینوس لە دینە ئاسیاییەکاندا بنەمای بەرداریی سرووشت بووە. وا دیارە ئادۆنیسیش ئاماژەی مەرگی سرووشتە لە زستان و سەرهەڵدانەوەی سرووشتە لە بەهاردا. بۆیە شەش مانگ لە جیهانی ژێرەوە بە سەر دەبات و شەش مانگ لە جیهانی سەرروودا.

بەڵام لە *ڤینوس و ئادۆنیس*ی شێکسپیردا ڤینوس و ئادۆنیس گراویی یەکتر نین، بەڵکو تەنها ڤینوس ئادۆنیسی خۆش دەوێت.

[4] **ڤینوس: ڤینوس** (یان: وینوس؛ وینۆس؛ ڤینۆس؛ ڤێنوس؛ ڤێنۆس): بە ئینگلی ***Venus***. خواژنی خۆشەویستیی ڕۆمییەکان بووە، بە تایبەتی هی خۆشەویستیی ئارەزووبزوێن. دواتر ڕۆمییەکان لەگەڵ ئەفرۆدیتی-ی گریکیدا هاوتایان کردووە.

ڕۆمییەکان پێیان وا بووە کە ڤینوس دایکی ئەینیاس-ی باوەگەورەیان بووە. ئەینیاس کوڕی ئانخیسیس (باوک) و ڤینوس (دایک) بووە. ئەو کەسەیە کە لە باکووری ڕۆژئاوای کوردستانەوە کۆچی کردووە بۆ ئیتالیا و لەوێ بووە بە ڕابەری ئیتالییەکان. ڕۆمولوس-ی دامەزرێنەری شاری ڕۆم و شانشینی ڕۆم وەچەی ئەم پیاوەیە. یولیوس قەیسەر بنەچەی خۆی بردووەتەوە سەر ئەینیاس، بۆیەش پەرستگەیەکی بۆ ڤینوس دروست کردووە و برەوی بە پەرستنی ڤینوس داوە.

من پێم وایە وشەی «ڤینوس» هەر «ڤین»ی کوردییە. لە لاتینیدا زۆربەی وشەکان پاشگری -وس یان -یس (وەک ئادۆنیس) وەردەگرن. بۆیە پێم وایە ڤینوس (ڤین) هەر ڤین و ئەڤینی کوردییە.

**ئەفرۆدیتی** (یان: ئەفرۆدێت؛ ئەفرۆدیت؛ ئافرۆدیت؛ ئافرۆدێت؛ ئافرۆدیتی؛ ئافرۆدێتی): بە ئینگلی ***Aphrodite***. هاوتا گریکییەکەی ڤینوس بووە و یەکێک بووە لە خوا گەورەکانی گریکەکان، خواژنی خۆشەویستی و جوانی بووە. توانای بەخشینی جوانی و جادووی نەمرییشی بە مرۆڤ هەبووە. خاوەنی «پشتوێنە جادووییەکە» بووە و هەر کەسێک ئەم پشتوێنە جادووییەی ئەوی بەستبێت، یەکسەر بووە بە کەسێکی خۆشویستراو و ئارەزووکراو.

له نێو سەوزە و میوەکاندا مۆرتک و گوڵەباخ و سێو و خەشخاش لای ئەفرۆدیتی پیرۆز بوون. لەم دەقەشدا (دێڕی ٨٦٥) ئاماژە بەمە دەدات. له نێو گیانلەبەرانیشدا چۆلەکە، کۆتر، قوو، پەڕەسێلکە و باڵندەیەکی تر کە پێی دەڵێن *ئینکس*ی لا پیرۆز بوون. زۆر جار وا دەگێڕرێتەوە کە ئەم گیانلەبەرانە گالیسکەکەی وێیان ڕاکێشاوە، یان وەک پەیامنێری وێ کاریان کردووە. لە کۆتایی ئەم دەقەشدا ڤینوس سواری گالیسکەکەی دەبێت و کۆتر ڕایدەکێشێت.

هەسارەی ڤینوس (ناهی) و مانگی نیسانی بەهاریشی لا پیرۆز بوون. دوورگەکانی قوبروس و کیثیرا شوێنی سەرەکیی پەرستنی وێ بوون. زۆربەی جار بخوور و گوڵبەند وەک قوربانی پێشکێش بە ئەفرۆدیتی کراون، بەڵام لە هەندێک شوێن ئاژەڵیش بۆی کراوەتە قوربانی.

پەرستنی ئەفرۆدیتی لە بنەچەدا لە ڕۆژهەڵاتەوە چووە بۆ گریک. لەوانەیە لە ڕێی فینیکییەکانەوە چووبێت بۆ دوورگەکانی قوبروس و کیثیرا و شوێنانی تر، پاشان بە هەموو گریکدا بڵاو بووبێتەوە. وا دیارە لە بنەچەدا هەمان *عەشتەرۆت* بووبێت، کە عیبرییەکان پێیان وتووە *عەشتۆرەت*، یان *عەشتۆرێت* (بڕوانە *یەکەم پاشایان*، ١١: ٥). پێوەندیشی بە ئادۆنیسەوە ڕاستەوخۆ ئاماژە بە سووریا دەدات.

ئەم ڕاڤەیە و ڕاڤەکەی پێشوو دارشتنەوەی خۆمە بۆ تۆماری ڤینوس و ئەفرۆدیتی و ئادۆنیس-ی نێو *فەرهەنگێکی نوێی ژیننامە و ئوستوورە و جوگرافیای کلاسیکی گریکی و ڕۆمی*، دانانی چارلز ئانتۆن و ویلیەم سمیث، [نیویۆرک، ١٨٨٤]. کە لە کۆتاییدا دەڵێت «پێوەندیشی بە ئادۆنیسەوە ڕاستەوخۆ ئاماژە بە سووریا دەدات»، دیسانەوە ئاماژەیەکی ترە بەوەی کە ڤینوس هەر لە کوردستانەوە چووە بۆ ڕۆژئاوا.

[5] **بیرخەستە**: واتە شەیدا: «کەسێکە کە لە خۆشەویستیی شتێکدا شێت بووبێت».

[6] **وی**: لەبەر ئەوەی لەم دەقەدا زۆر ئەوی نێر و ئەوی مێ بە کار دێن، بۆیە بە درێژایی ئەم وەرگێڕانە زۆربەی جارەکان «وی» واتە ئادۆنیس و «وێ» واتە ڤینوس. لەو جێیانەی تەنها ڤینوس هەن و ئادۆنیس لەوێ نین (لە کۆتاییدا) کەمترم کردووەتەوە.

[7] **سازکردن**: بە ئینگلی woo، واتە هەوڵدان بۆ ڕازیکردنی کەسێک.

[8] **هەر کە خۆر... سازکردنی وی**: واتە یەکەم کۆپلە: تەواوی دەقی *ڤینوس و ئادۆنیس* بەسەر کۆپلەی ٦ دێڕیدا دابەش بووە. بۆیە ژمارەی دێڕەکان (لەوبەری دەقەکەوە) بە چەندجارەی ٦ دەڕوات واتە: ٦، ١٢، ١٨، ٢٤...تد. لە پاش هەر کۆپلەیەکیش دێڕێک بۆشایی هەیە.

تەواوی ئەم هۆنراوەیە لە دەقە ماکەکەدا لەسەر کێشی ئایامبیی پێنجپێیی *iambic pentameter* نووسراوە (جۆرێک کێشی زمانی ئینگلیییە). سەرواکانی هەموو کۆپلەکانیش بەم جۆرەن: *ئا، بێ، ئا، بێ، پێ، پێ*. واتە دێڕی یەکەم و سێیەم هاوسەروان، دێڕی دووەم و چوارەم هاوسەروان؛ دێڕی پێنجەم و شەشەم هاوسەروان.

[9] **شاگوڵی نێو باخ**: گەرچی ڕەنگە ئێستا هەر وەک پەسنێکی گشتی بخوێنرێتەوە. بەڵام لە کۆتایی دەقەکەدا (دێڕی ١١٦٨) ئادۆنیس دەبێت بە گوڵ.

[10] **نەنگیی گشت نیمفەکان**: واتە نیمفەکان لە چاوتدا لەکەیەکن؛ واتە تۆ ئەوەندە جوانیت کە بۆ نیمفەکان بوویت بە نەنگی.

**نیمف** (یان پەری): بە ئینگلی *Nymph*. ناوی کۆمەڵە بوونەوەرێکی مێینەی نیمچەخوایی پلەنزمن لە ئوستوورەی گریکی و ڕۆمیدا. گەرچی ناسناوی ئۆلیمپی-یان لێ نراوە و هەندێک جار بۆ کۆبوونەوەکانی ئۆلیمپۆس بانگ کراون، واتە کۆبوونەوەی خواکانی کۆنی گریک، هەندێک جاریش بە «کچانی زێفس» ناسێنراون، بەڵام لە بێستان و سەر لووتکەی چیا و ڕووبار و زێ و کانی و ئەشکەوتەکانی سەر زەوی ژیاون. هۆمیرۆس دەڵێت چاودێریی ڕاویان کردووە، هاوشانیی ئارتەمیسیان (دیانا) کردووە و لەگەڵیدا سەمایان کردووە، لە ئەشکەوتەکانیاندا جلی مۆریان چنیوە، چاودێریی چارەنووسی نەپاوەکانیشیان کردووە. مرۆڤان یان بە تەنها، یان بە هاوبەشی لەگەڵ خوای تردا قوربانییان پێشکێشیان کردووە، بۆ نموونە قوربانی بۆ نیمفێک و ئێرمیس. بە گوێرەی ئەو جێیانەی تیایاندا ژیاون پێیان وتراوە *ئەگرۆنۆمی* (وەرزێر) *ئۆرێستیادێس* (ئۆرێسەکان، ئۆرێدەکان)، *نایادێس* (نایادەکان: ڕەنگە لە ڕیشەدا بە واتای پێل، شەپۆل بێت).

نیمفەکان زۆرن و لە ژماردن نایەن، بەڵام دەکرێت هەموویان بەسەر دوو پۆلی گەورەدا دابەش بکەین، پۆلی یەکەم: ئەوانەن کە دەکرێت وەک جۆرە خوایەکی پلەنزم بیانبینین و لە پەرستنی سرووشتدا دەناسرێنەوە. گریکەکانی کۆن پێیان وا بووە

هەموو دیاردەیەکی سرووشت کەسێنراوی خوایەکە. واتە کانی، ڕووبار، ئەشکەوت، درەخت، شاخ... تد. هەموو ئەمانەیان وەک تڤی لە ژیان دیوە و وەک نوێنەری خوایی لە سرووشتدا بینیویانن. واتە هێزی بەسوود و بەکەڵکی سرووشت کەسێنراوە و ئەم کەسێنراوانە وەک خوای جۆراوجۆر بینراون. پۆلی دووەم: کەسێنراوی ڕەگەز و هۆز و وڵاتن، وەک *کیرینی* و زۆرێکی تریش، بە گشتی بە ناوی ئەو شوێنانەوەن کە تیایدان، وەک نیسیادێس، دۆدۆنیدێس، لامنیای.

[11] **سپیتر و ئاڵتر لە کۆتر و گوڵەباخ**: ڕووت وەک کۆتر سپی و کوڵمت وەک گوڵەباخ ئاڵ. بە درێژایی ئەم هۆنراوەیە بەردەوام دوو ڕەنگی سپی (هەڵبزڕکاو) و ئاڵ (سوور) دووبارە دەبێتەوە.

[12] **کە سرووشت... کۆتایی دێت**: دەکرێت ئەم دوو دێڕە بە دوو شێوە لێک بدرێنەوە:

١. سرووشت نەیدەویست ژیان کۆتایی پێ بێت، بەڵام بە دروستکردنی تۆ لەگەڵ خۆیدا کەوتبووە ئەو کێشمەکێشەوە کە ئەگەری هەیە دوای تۆ ژیان کۆتایی پێ بێت.

٢. کە سرووشت دروستی کردیت نابەدڵ بوو، چون دەیوت هەرگیز ناتوانێت یەکێکی وەک تۆ جوان دروست بکاتەوە.

[13] **سەرە شانازەکەی... جڵەو بکە**: سەیرە کە ناڵێت سەری ئەسپەکە بە دارێکەوە ببەستەوە، بەڵکو دەڵێت «بە بەرکۆی زینەکەوە» جڵەو بکە. **بەرکۆ**: بە ئینگلی *saddle bow*، یان قەرپووز (قەڵپووز)ی زین، «شتێکی بەرزە لە زین، دەکەوێتە بەردەمی سوار».

**تێبینی**: ئەسپەکەی ئادۆنیس نێرە.

[14] **بە جۆراوجۆرێتیی... هەڵیاندەبزڕکێنمەوە**: واتە جۆری جیاوازی ماچ. بە ماچی درێژ لێوەکانی زەرد هەڵدەگەڕێنێت، چونکە بە لێو دەیانپەستێوێت. بە ماچی کورتیش دیسان ئاڵیان دەکاتەوە، چونکە خوێنیان بۆ دەگەڕێتەوە.

[15] **لە ڕابواردنێکی... دیار بێت**: لەبەر ڕستەسازی و واتا ئەم دوو دێڕەم پاشوپێش خستووە.

[16] **ناولەپی ئارەقاویی... ژیانە**: وەک لە دێڕەکەدا دەردەکەوێت، وا دیارە ئەو سەردەمە ناولەپی ئارەقاوی بە نیشانەی گوڕ و تین و هەست دانرابێت. ئەمە لە شانۆنامەی *ئۆتێللۆ*شدا دووبارە دەبێتەوە. ئۆتێللۆ بە دێزدەمۆنا دەڵێت: «دەستتم بدەیە، ئەم دەستە

شێداره، خانم، کەچی هێشتا هەستی بە تەمەن نەکردووە و ئازاری نەچەشتووە».
(ئۆتێللۆ ٣، ٤: ٣٦-٣٧).

[17] **خۆشبەز**: بە ئینگلی *courser* جۆرێکی ئەسپە. بە ئەسپی جەنگیش ناسراوە.

[18] **کورە... لچی هەڵقرچاند**: لەبەر ڕستەسازی و واتا ئەم دوو دێڕەم پاشوپێش خستووە.

[19] **باران... بەر لافاو**: دەکرێت ئەم دوو دێڕە بە دوو شێوە لێک بدرێنەوە:

١. جوانییەکەی ئادۆنیس وەک ڕووبارە، ئەم تووڕەیی و شەرم و بەرەنگارییەش هێندەی تر سەرڕێژی جوانییەکەی دەکات و کەنارەکەی (ڤینوس؛ کە لای ئەوەوە ڕاکشاوە) دەداتە بەر لافاو.

٢. تووڕەیی ئادۆنیس و ئاڵۆشییەکەی ڤینوس وەک ئاوی هەڵکشاوی ڕووبار هەڵدەچن و بەرزتر دەبنەوە.

[20] **کە وی ئاڵ دەبوو... زیاتر دەبوو**: کە ئادۆنیس لە شەرمدا ڕەنگی سوور هەڵدەگەڕا ڤینوس زۆری خۆش دەویست. کە لە تووڕەییدا ڕەنگی سپی و خۆڵەمێشی هەڵدەگەڕا لەوەش زیاتر خۆشی دەویست.

[21] **وی چۆن... هەڵببژێرێت**: ئەم دوو ڕستەیە لە دەقە ماکەکەدا زۆر ڕوون نییە. دەکرێت وەهاش لێک بدرێتەوە: سەیر بکە، وی (ئادۆنیس) چۆن دەتوانێت و وێ (ڤینوس) چۆن ناتوانێت لە ئەڤین زیاتر هەڵبژێرێت. واتە ئادۆنیس دەتوانێت ئەڤین هەڵنەبژێرێت.

[22] **بە دەستە... سوێندی خوارد**: دەشێت هەم سوێندی بە دەستی خواردبێت، واتە وتبێتی: بەم دەستانەم (وەک چۆن دەڵێیت بە خوا، بە کوردستان...تد.)؛ یان دەشێت ئاماژە بێت بەو نەریتەی لە ئەوروپا باوە کە لە کاتی سوێندخواردندا دەستێک بەرز دەکەنەوە.

[23] **پێبەقونە**: بە ئینگلی *little grebe*، یان *dabchick*، جۆرە باڵندەیەکی بچووکە وەک مراویی بچووک وایە. لە *فەرهەنگی باڵندە*دا بەم شێوەیە پەسن کراوە (هەڵەی ڕێنووسەکەشم گواستووەتەوە): «٢٦ سانتیمێترە. لە تۆرمەی خۆیدا لە هەمووان چووکترە. دندووک و ملی قوڵەیە، کلکی نییە. هاوینان ڕەنگی قاوەییە و زستانان کاڵترە. لاجانگی مەیلەو قاوەییە، ئەستووریی دندووکی سەوزی مەیلەو زەردە. زۆرتر خۆ لەبەر چاوان

نەدیو دەکا. هەڵنافڕێ، ئەگەری هەڵیشبفڕێ بەرزەفڕ نییە و نەوی و خێرە بەسەر ئاودا باڵێک دەفڕێ. لە گۆل و زەل و شەتی پڕ گیا و گۆڵ دەژی».

[24] **لە نێو... ئاگرەکەی بسووتێت:** ڕەنگە مەبەست لەوە بێت کە لە نێو فرمێسکدا نوقم بووە، بەڵام گڕی ئەڵها و سۆز و ئارەزووەکەشی هەر دەسووتێت.

[25] **دڵئەستێ:** ئەوەی دڵی وەک بەردی ئەستێ ڕەقە.

[26] **خوا بەزەبر و سامناکەکەی جەنگیش:** مارس؛ خوای جەنگی ڕۆمییەکان.

**مارس** (یان ماڤۆرس؛ ماڤێرس؛ مارت): بە ئینگلی *Mars*. خوایەکی دێرینی ڕۆمییەکانە. ڕۆمییەکان لە سەردەمانێکی زووەوە وەک ئاریس-ی گریکی دەستنیشانیان کردووە. ئەو خوایە بووە کە بە خوێنی جەنگ دڵخۆش بووە.

[27] **کەچی دیل و... پێتم داوە:** ئەمە بە هەر دوو واتای ئەگەری و واتای هەواڵییش دێت. بە وەرگێڕانە ئەگەرییەکە وا دەردەچێت: «کەچی گەر دیل و کۆیلەی من بووایە و بۆ ئەوە پاڕابایەتەوە کە تۆ داوات نەکردووە، پێیم دەدا».

[28] **بەسەر قوربانگەکاندا:** دەوترێت گوایە لە پەرستگەی ڤینوسدا سەت قوربانگە هەبووە.

[29] **بەهارە تەنکەکەی... دەرتدەخات:** بەهارە تەنکەکە سمێڵی تەنکی ئادۆنیسە. ئاوهاش تێدەگەین کە تەمەنی ئادۆنیس کەمە و هێشتا تەواو سمێڵی دەرنەکردووە.

[30] **سوود لە کات وەربگرە:** ئەمە گۆڕاوی وەرگێڕانی ***carpe diem***ی هۆراس-ە. *کارپێ* دییم واتە ڕۆژەکە بگرە، یان ڕۆژەکە داگیر بکە. واتە کاتەکە بقۆزەوە.

[31] **چاوانم بۆر و گەشن:** دان گیفرد (ڕاڤەکارێکی *ئولیس*ی جەیمز جۆیسە) لە بارەی چاوی بۆر-ەوە دەڵێت: «لە ئینگلیی سەردەمی ئەلیزابێتدا *چاوبۆر* یان *چاوی بۆر* واتە *چاوشین*». بەڵام «خواژنە چاوبۆرەکە» سەرناوێکی هۆمیرۆسییە بۆ ئەثینا. واتە دەربڕینی «چاوی بۆر» ڕەنگە تەنها بە واتای چاوی شین نەیەت (کە دواتر دەزانین ڤینوس چاوی شینە – دێڕی ٤٨٢)، بەڵکو جۆرە چاوێکی دەگمەنە کە لە وێژەی گریکی و ڕۆمیدا زۆر جار وەک هێمای پەنهانی و ئاڵۆزی دەرکەوتووە.

[32] **مۆخم دەسووتێت**: ئەمە دەربڕینێکی پەندییانەیە. لەوەوە هاتووە کە گوایە لە سەتەی ١٦ و ١٧دا پێیان وا بووە ئەڤین مۆخی ئێسک دەهێنێتە کوڵ، یان دەیتوێنێتەوە.

[33] **دەستی نەرم و شێدارم**: بڕوانە ڕاڤەی ١٦ (دێڕی ٢٥ و ٢٦).

[34] **گوڵەتووتیا**: بە ئینگلی *primrose*، *گوڵبەهاریش*ی پێ دەڵێن. دەوەنێکی کێوییە، بەهاران گوڵێکی زەردی کاڵ دەگرێت. ناوەکەم لە *فەرهەنگی ڕووەکناسیی کوردستان*ەوە هێناوە.

[35] **خۆت ساز بکە**: بڕوانە ڕاڤەی ٧.

[36] **چۆڵەچرا... پێگەیشتنە**: ئەمە نیارێکی (تێمایەکی) دووبارەبووەوەی نێو سۆنێتەکانی ١-١٧ی شێکسپیرە. شێکسپیر لێرە و لەو سۆنێتانەدا پێی وایە دەبێت مرۆڤ منداڵ بخاتەوە، دەنا نەخستنەوەی منداڵ بەفیڕۆدانی جوانییە. بۆیە مەبەست لەم چوار دێڕە بە گشتی و ڕستەی کۆتایی بە تایبەتی ئەوەیە کە دەبێت مرۆڤ منداڵ بخاتەوە. ئامانج لە پێگەیشتن ئەوەیە یەکێکی تر دروست بکەیت. دەنا ئەگەر هەر خۆی بۆ خۆی پێبگات، ئەوە بەدبەکارهێنانی پێگەیشتنە. باشبەکارهێنانی پێگەیشتن خستنەوەی منداڵە.

[37] **تیتان**: تیتان، (یان تیتانەکان) چەند کەسێتییەکن لە ئوستوورەی گریکیدا. بە کوڕ و کچەکانی ئورانۆس و گێیا (خوای زەوی) دەوترێت تیتان. تیتانەکان بە گشتی پێک هاتوون لە شەش کوڕ و شەش کچ، کە ئەمانەن: ئۆکیانۆس، کیۆس، کریۆس، ئیپێریۆن، یاپێتۆس، کرۆنۆس، ثیا، ڕێیا، ثێمیس، منیمۆسینی، فیڤی، تیثیس. نووسەری تر هەن کە کەسێتیی تری ئوستوورەی گریکییان بە تیتان داناوە. تیتانەکان لەسەر داوای گێیا-ی دایکیان لە باوکیان ڕاپەڕیون و سەرکەوتوو بوون. کرۆنۆس-یان کردووەتە جێگرەوەی باوکیان. دواتر کرۆنۆس منداڵەکانی خۆی خواردووە. بۆیە زێفس-ی کوڕی لە دژی ڕاپەڕیوە و خۆی بووە بە خوای هەرە گەورە.

ئەو تیتانەی لێرەدا درکەی پێ دراوە، ئیپێریۆن-ە. چونکە ئیپێریۆن خۆر بووە.

[38] **کاشکای خواست... ڤینوسدا بووایە**: واتە ئیپێریۆن (خۆر)، کە هەم خۆی سەرچاوەی گەرمییە و ئەڤینی ڤینوس بۆ ئادۆنیس گەرمی کردبوو، خوازیار بوو ئەو لە جێی ئادۆنیس بووایە و ئادۆنیس لە جێی ئەم بووایە. ئادۆنیس دەستە و تاقم و گالیسکەکانی ئەمی ئاژووتبا و ئیپێریۆن لە جێی ئادۆنیس بووایە و لە تەک ڤینوسدا ڕاکشابا.

[39] **ڕەق**: لە *کوارتۆی یەکەمی ڤینوس و ئادۆنیس*دا بە «ڕەق» نووسراوە. بەڵام لە سەرچاوەکەی مندا (کۆبەرهەمی نوێی شێکسپیری ئۆکسفۆرد) نووسراوە: «بەد». واتە لەو کاتەدا دەبێت بە: «مێشکێکی هێندە بەدی هەبووایە». گەرچی من چاپەکەی ئۆکسفۆردم بە سەرچاوە داناوە، بەڵام پێم وایە ڕەق-ەکە دروستترە، چونکە پێم وایە باسە سەرەکییەکە زیاتر لە بارەی سەرسەختی و کەللەڕەقییەوەیە وەک لە بەدی.

[40] **وەجاخکوێری**: ئەم وشەیە لە دەقە ماکەکەدا *unkind*ە، ڕاستەوخۆ بە واتای «دڵڕەق» دێت. واتە: دایکی ئادۆنیس (زمیرنا: بڕوانە ڕاڤەی ٣) بە دڵڕەقی دەمرد. بەڵام هاردی ئێم کوک (ڕاڤەکارێکی *ڤینوس و ئادۆنیس*ە) بە واتایەکی دەگمەنی وشەکە لێکی داوەتەوە کە ئەویش «وەجاخکوێر»ە، واتە بێمنداڵ. کە ئەم وشەیەش بە چیرۆکی زمیرنا بەراورد دەکەیت، دەردەکەوێت کە ئەمیان دروستترە.

[41] **گۆنای... دەپرژاند**: ئەم دێڕە لە چاپە جیاوازەکاندا بە دوو شێوە هەیە، یەکێکیان بەم شێوەیەیە (سەرچاوەکەی من):

Red cheeks and fiery eyes blaze forth **her** wrong

واتە: گۆنای ئاڵ و چاوی ئاگرین بڵێسەی هەڵەی وێیان دەپرژاند.

ئەوی تریان بەم شێوەیەیە:

Red cheeks and fiery eyes blaze forth **he** wrong

گۆنای ئاڵ و چاوی ئاگرین بڵێسەی هەڵەی وییان دەپرژاند (واتە: بە بڵێسەی دەرهاویشتوو ئادۆنیسیان بە هەڵە پیشان دەدا).

لەبەر ئەوەی ڕستەسازییەکەی تەواو نییە، بۆیە ڕاڤەکاران بە سێ واتای جیاواز لێکیان داوەتەوە، بەم جۆرە:

١. گۆنای سوور و چاوی ئاگرینی ڤینوس هەڵەی ئادۆنیسی لێوە دەپرژا.

٢. گۆنای سوور و چاوی ئاگرینی ڤینوس بە ئادۆنیسیان دەوت کە هەڵەی بەرانبەر ڤینوس کردووە.

٣. ئادۆنیس گۆنای سوور و چاوی ئاگرین هەڵگەڕابوو و تووڕە دیار بوو.

بەڵام کە من بە *چەوت* وەرمگێڕاوە، لەبەر ئەوەیە کە پێم وایە ئەم دێڕە پێکاری ڕەوانبێژیی *دژیەک*ی لەسەرە. کە لە دێڕە ناوبراوەکەدا دەڵێت *wrong* و لە دێڕی دواى ئەوەدا دەڵێت: *Being judge in love, she cannot **right** her cause* کە *right* لە ڕووی واتاوە دژی *wrong*ی دێڕی پێش خۆیەتی. ئەم دێڕەیان دەڵێت گەرچی ڤینوس خۆی دادوەری ئەڤینە، خوای ئەڤینە، کەچی ناتوانێت بە دەنگ دۆزەکەی خۆیەوە بێت و بە لای ڕاستدا بیخات و بیباتەوە.

[42] **لە نێو مەیدانی... ناویت:** واتە باوەش. لە وێژەی ئینگلیدا زۆر جار بۆ پەسنی شتی سپیی بێگەرد شەلفە بە کار دەبرێت. شەلفە کەڵبەی فیلە.

[43] **دامرکان**: هەم بە واتای دامرکان (ی جووتبوون) دێت، هەم بە واتای لەوەڕ دێت.

[44] **ئەڤین**: لێرەدا ئەڤین کەسێنراوە و بە پیتی گەورە نووسراوە. ڕاڤەکارێک پێی وایە مەبەست لە کوپیدۆ-ی خوای ئەڤینە کە ئەو چاڵانەی دروست کردووە. بە دڵنیاییەوە ئەم ئەڤینە ڤینوس نییە، چونکە بە *he* (وی: ئەوی نێر) ئاماژەی پێ دەدات. ئەگەر مەبەست لە ڤینوس بووایە ئاماژەی *she* (وێ: ئەوی مێ)ی بۆ دادەنرا.

**کوپیدۆ** (یان ئامۆر: خۆشەویستی): بە ئینگلی *Amor* یان *Cupid*، لاتینییەکەی ئیرۆس-ی گریکییە. خوای خۆشەویستیی ڕۆمییەکان بووە. بە تیروکەوان دڵی ئەڤیندارانی پێکاوە.

[45] **پێشوەختە... لەوێ نامرێت**: ئەڤین (کوپیدۆ: بڕوانە ڕاڤەی پێشوو) چاڵەکانی ڕوومەتی ئادۆنیسی دروست کردووە. حەزیش دەکات هەر لەو چاڵی ڕوومەتانەدا بمرێت. چونکە ئەڤین لەو چاڵانەدا دەژی، بۆیە ئەگەر تیایاندا بنێژرێت، ئیتر نامرێت. وا دیارە مەبەست ئەوەیە ئەوەی لەگەڵ ئەڤیندا ڕابکشێت نامرێت.

[46] **بەڵام بڕوانە... وێی دی**: بۆ *خۆشبەز* بڕوانە ڕاڤەی ١٧. باشترە ئەم سێ دێڕە بەم شێوەیە پاشوپێش بخرێت: بەڵام ئەسپە توندڕۆ پێکوتەرەکەی ئادۆنیس ماینێکی ڕەسەنی بەگوڕ و گەنج و شانازی لە چغرێکی نزیکەوە دی. **چغر**: «پڕایی قامیشەڵێن و دارستان».

[47] **مووچەکورت**: پێشتر بە «جومگەکورت» وەرمگێڕا، بەڵام کە ئەم دێڕانەم بە هۆنراوەکەی نالی (هەی کەرێکم بوو چ پەیکەر) بەراورد کرد، کردم بە «جومگەکورت».

لێکچوونێکی زۆر هەیە لە نێوان پەسنی نالی بۆ کەرەکەی و پەسنی شێکسپیر بۆ ئەسپەکەی ئادۆنیس.

[48] **قولەموو**: مووی دەوری قول، یان «پاژنە»، یان قولەپێی ئەسپ.

[49] **بۆ کێشمەکێش... نازانن**: ئەمە تیلنیشانێکە بە یارییەکی منداڵانی ئینگلتەرا. ئەم یارییە لە نێوان دوو تیپدا دەکرێت، دوو بنکە بە تەنیشت یەکەوە ساز دەکرێن، هەر یەکێک لە بنکەکەی خۆی ڕابکات، یەکێکی بنکەکەی تر ڕاوی دەنێت و ئەگەر بیگرێت لە بنکەکەی خۆیاندا دەستبەسەری دەکات. لێرەدا بە واتای ئەوە دێت کە ئەسپەکە ململانێیەکی لەم جۆرە لەگەڵ بادا دەکات، بەڵام کە ئەسپەکە هەڵدێت، ئەوەندە خێرایە کە کەس نازانێت بەرەو کوێ دەڕوات.

کە دەڵێت «ئەوان نازانن»، دڵنیا نیم ئایا مەبەستی لە بایە (کە دەبوو بە تاک ئاماژەی پێی بدایە، نەک بە کۆ)، یان خەڵکی تر، واتە بینەرانی ئەم یارییە. شێکسپیر لە کارەکانی تریدا بە تاک ئاماژەی بە با داوە، نەک کۆ. هەر سەرنجی دێڕەکانی خوارتریش بدەیت، دەبینیت هەر بە تاک ئاماژەی بە با داوە. بۆیە دەشێت مەبەستی لە «ئەوان» بینەران بێت، کە لێرەدا ئاماژەیان پێ نادات.

[50] **سەرداره پەستەکە**: ئادۆنیس.

[51] **ئەڤین**: لە سەرچاوەکەی مندا نا، لە *کوارتۆی یەکەم*یشدا نا، بەڵام لە هەندێک لە چاپەکانی تری *ڤینوس و ئادۆنیس*دا پیتی یەکەمی ئەڤین/ڤین بە گەورە نووسراوە، لەو کاتەدا واتە کەسێنراوە. ئەڤین لەو کاتەدا لە بری ڤینوس بە کار هاتووە، واتە ڤینوسی شەیدا (کە لە ئەڤیندا شێت بووە). بەڵام لە هەندێک لە چاپەکاندا (سەرچاوەکەی من و *کوارتۆی یەکەم*یش) بە پیتی بچووک نووسراوە. لەو کاتەدا شەیداکە بکەرەکەیە، کە ڤینوسە.

[52] **بەڵام کە بریکاری... بێهیوا دەبێت**: لێرەدا پێوەندیی دڵ و زمان بە داوای یاسایی چووێنراوە: دڵ بریگرتەکەیە، ئەوەیە کە زمانی کردووە بە بریکار یان پارێزەری خۆی تا لەو دەرببڕێت. ئەگەر زمان بێدەنگ بێت و هیچ نەڵێت، دڵ داواکە دەدۆڕێنێت و نابووت دەبێت و دەبێت خۆی بۆ بەرانبەر (ئەڤیندار) بە دەستەوە بدات.

[53] **بۆنێت**: بە ئینگلی *bonnet*، لە *فەرهەنگی کۆلینز*ەوە: «کڵاوێکە شریتی پێوەیە و لە ژێر چەناگەدا گرێ دەدرێت. ئێستانان دەخرێتە سەری منداڵی ساوا، بەڵام کاتی خۆی ژنان لە سەریان دەکرد». بەڵام لێرەدا ئادۆنیس ئەم بۆنێتەی لە سەردایە.

[54] **کردەکانی... کۆڕ باراندیان**: شانۆی بێدەنگ ئەو شانۆیەیە کە بە بێدەنگی نمایش دەکرێت. کۆڕ ئەو کۆمەڵە ئەکتەرەن کە ڕۆڵی کەسێتیی سەرەکییان نییە. لێرەدا ڤینوس کە خانمە پاڵەوانە سەرەکییەکەیە، بووە بە کۆڕ و فرمێسک دەبارێنێت. واتە زیادەڕۆیی لە ڕژانی فرمێسکەکەدا کراوە.

[55] **ئامێری بیرەکانی**: ئامێری بیر واتە زمان. شێکسپیر لە شانۆنامەی *تیتوس ئەندرۆنیکوس*-یشدا (٣: ١، ٨٣) وەها پەسنی زمانی کردووە.

[56] **جووڵێن**: ئەو وشەیەی بە «جووڵێن» وەرمگێڕاوە لە دەقە ماکەکەدا وشەی *mover*ە. شێکسپیر لە شانۆنامەی *دووەم هێنریی شەشەم* (٣: ٣، ١٩)دا بە خوا دەڵێت، واتە ئەوەی یەکەم کەسە گەردوونی جووڵاندووە. ڕەنگە ئەمە لە ئارگومێنتێکی بوونی خواوە هاتبێت کە خوا وەک جووڵێنی یەکەم، یان هۆی یەکەمی گەردوون پەسن دەکات. بەڵام هەمان وشە بە واتای جووڵاو-یش دێت. واتە لەو کاتەدا دەبێت بە: «ئەی جوانترین کەس کە لەسەر ئەم گۆ نەپاوە هاتوویت و چوویت». بە «بوونەوەر»یش لێک دراوەتەوە، واتە: «ئەی جوانترین بوونەوەری سەر ئەم زەوییە». «گۆی نەپاو» واتە زەوی. «نەپاو» واتە ئەوەی دەمرێت، پێچەوانەی نەمرە.

[57] **دەستم... دەیساویت**: یان: بۆ دەستمت گرتووە و بەریناەدەیت؟

[58] **سەرگەرمی**: ڕاو.

[59] **ڕەپەی مل**: بە ئینگلی *crest*. وشەی «ڕەپە»م لە *فەرهەنگی ئازادی*یەوە هێناوە.

[60] **دەربکە**: وەک دەرکردنی سەرباز لە سوپا. ئادۆنیس بە خوازەی جەنگ دەدوێت.

[61] **دوو بەدکاری**: ئەو دەربڕینەی بە «دوو بەدکاری» وەرمگێڕاوە لە دەقە ماکەکەدا *double wrong*ە. شێکسپیر جارێکی تر لە شانۆنامەی *ماڵیکردنی چەقاوەسووەکە*دا بە کاری هێناوەتەوە. واتا ڕاستەوخۆکەی ڕوون نییە، بەڵام دەتوانین بزانین ڕەنگە بە واتای ئەوە بێت کە کەسێک خراپە بەرانبەر یەکێکی تر دەکات. ئاوپەری (mermaid) تیلنیشانە بە سیرینەکانی *ئۆدیسە*ی هۆمیرۆس. سیرینەکان لە کەناری دەریا دادەنیشن

و گۆرانیی خۆش دەبێژن، مەلەوانان لاس دەدەن لێیان نزیک ببنەوە، دواتریش مەلەوانان دەمرن. ئەگەر ئەم تیلنیشانە وەربگرین، ئەوا ڕەنگە مەبەست لە «دوو بەدکاری»یەکە ئەوە بێت کە جارێک دەنگە خۆشەکە ڕایدەکێشێت، جارەکەی تر بێڕێزیی پێ دەکات. بەڵام لە *ماڵیکردنی چەقاوەسووەکە*دا بەم جۆرە نییە، بۆیە ئەم ئەگەرە لاوازە.

[62] **نەسازییەکی خۆشنەوا:** ئەم پێکارە ڕەوانبێژییە پێی دەوترێت *ئۆکسیمۆرۆن* – *oxymoron*، {وشەکە لە بنەچەدا گریکییە، بە واتای *تیژگێژ* دێت. دەکرێت لە کوردیدا بیکەین بە *دژبەستن*}. **دژبەستن:** پێکەوە بەستنی دوو وشەی دژیەکن بۆ پێدانی مەبەست بە وتە یان دەربڕین. خۆشنەوا بێت نابێت نەساز، یان نەشاز بێت، بەڵام ڕەوانبێژی ڕێگە دەدات.

[63] **دڵۆپێن:** ئامێر یان دەزگەی دڵۆپاندن.

[64] **جا ئاخ... شادییەکە بشێوێنێت؟:** تامکردن و چوار هەستەکەی تر و وریایی و ئیرەیی هەموویان لەم کۆپلەیەدا کەسێنراون. ئادۆنیس دەبووە خوانێکی شاهانەی تامکردن. تامکردن دایەن و خۆراکپێدەری چوار هەستەکەی ترە. چونکە ئەگەر مرۆڤێک نەخوات، دەمرێت و هەستەکانی لە دەست دەدات، ئەمەش لە ڕێی تامکردنەوە دەبێت. چوار هەستەکەی تر پێیان خۆشە ئادۆنیس و تامکردن تاتایە پێکەوە بن. بەڵام دەترسن ئیرەیی بێت و ئاهەنگ و شادییەکەیان لێ تێک بدات، بۆیە داوا لە وریایی دەکەن دەرگە بە دوو کلۆم دابخات، نەکا ئیرەیی خۆی بکات بە ژووردا.

[65] **ڕێی هەنگوین... بە دەستەوە دا:** واتە ڕێیەک کە تەنها ڕێی هەنگوینە پیایدا بڕوات، وەک ڕووباری هەنگوین. ئەم ڕێیە لێرەدا خۆی بۆ دەنگی ئادۆنیس بە دەستەوە دەدات، چونکە دەنگی ئادۆنیس لە هەنگوین شیرینترە. بەڵام تۆزێکی تر دەزانین کە ئەگەرچی دەنگەکەی ئەوەندە شیرینە، بەڵام وتەکانی پێچەوانەن.

[66] **یان گورگ... بوەڕێت:** ئەم دێڕە واش لێک دراوەتەوە کە گورگ پێش ئەوەی بوەڕێت ددانی دەردەخات. بەڵام دەشوترێت کە لە ئینگلتەرای سەردەمی شێکسپیردا گورگ نەبووە، بۆیە ڕەنگە شێکسپیر پەسنەکەی هاوردە کردبێت.

[67] **ئەوەی... دەوڵەمەندی دەکات!:** لە سەرچاوەکەی مندا (کۆبەرهەمی نوێی شێکسپیری ئۆکسفۆرد) نووسراوە «ئەوەی لەدەستدان زۆر دەوڵەمەندی دەکات». بەڵام لە هەندێک

له چاپەکانی تری *ڤینوس و ئادۆنیس*دا (وەک *کوارتۆی یەکەم*) نووسراوە ئەڤین: love، lost «ئەوەی ئەڤین زۆر دەوڵەمەندی دەکات».

لەم دێڕەدا پێکارێکی ڕەوانبێژی بە کار هاتووە کە پێی دەڵێن *ئێلیپسیس ellipsis*، {وشەکە لە بنەچەدا گریکییە، بە واتای *لابردن* دێت}. دەکرێت بە کوردی پێی بڵێین **واژەسڕینەوە**: لابردنی مەبەستداری وشە یان چەند وشەیەکە، کە بەستێنەکە دەتوانێت پڕی بکاتەوە. لێرەدا دەبوو بڵێت: «بەڵام نابووتی کامەران ئەو کەسەیە کە لەدەستدان (یان ئەڤین) زۆر دەوڵەمەندی دەکات!».

[68] **پەنجەرە شینەکە**: چاوی ڤینوس.

[69] **وەک خۆری... دەبووژێتەوە**: بە واتای ئەوە نییە کە شەو تێپەڕی و بوو بە ڕۆژ، چونکە هێشتا نەبووە بە شەو. بەڵکو خوازەی شەو و ڕۆژ بۆ خەم و خۆشی بە کار هاتووە. چاوی ڤینوس بووە بە پەنجەرە و ڕووی ئادۆنیس بووە بە خۆر، ئەم خۆرە تیشکی نوێ لە پەنجەرەی چاوەکانیەوە دەنێرێتە گیانە تاریکبووەکەیەوە، کە بە پەژارە وەک شەوی لێ هاتبوو. هەر لە دێڕەکانی دواتردا چاوی ڤینوسیش لە پەنجەرەوە دەبێتەوە بە خۆر.

[70] **دەموچاوی... ڕووناک بووەوە**: لێرەدا دەردەکەوێت کە خوازەکەی دێڕەکانی پێشوو دیسان بە خوازەیەکی نوێ گۆڕان. چاوی ڤینوس لە پەنجەرەوە بوون بە خۆر. دەموچاوی بوو بە ئاسمان. چاوە ڕووناکەکانی شکۆیان دایەوە بە دەموچاوە تاریکبووەکەشی.

[71] **هەرگیز چوار... نەیگرتایە**: مەبەست لەوەیە تەنها ئەگەر ئادۆنیس برۆی گرژ نەکردایە و مۆن نەبووایەتەوە، ئەوا ئەم دیاردەی تێکەڵبوونی چوار چرای چاوە زۆر ناوازە دەبوو. چاوی ئادۆنیس وەک خۆر وا بوو کە هەوری برۆی بەری گرت.

[72] **ئێستا کە ژیام... لە ژیان بوو**: واتە کە مرۆڤ دەمرێت و (گوایە) پەست دەبێت، ژیان بۆ من ئەو پەستیی مەرگە بوو. واتە ژیانم وەک مەرگ پەستکەر بوو. بەڵام کە مردم بۆم دەرکەوت مەرگ پڕە لە ژیان و خۆشی.

[73] **ئەم چاوانەشم... نەدی**: ڕستەسازیی ئەم دوو دێڕە لە دەقە ماکەکەدا زۆر ناڕوونە. بەڵام وەرگێڕانەکەی من لەسەر بنەمای ڕاڤەکەی ئێریک لانگلی-یە. ئێریک لانگلی لە پەڕتووکی *نێرگزیزم و خۆکوژی لای شێکسپیر و هاوسەردەمەکانی* *Narcissism and Suicide in Shakespeare and his Contemporaries* (٢٠٠٩، دەزگەی چاپ و

پەخشی زانکۆی ئۆکسفۆرد، ژمارەی لاپەڕەی لەسەر نییە)دا دەڵێت کە لێرەدا چاوانی ڤینوس تیشک پەخش دەکەن و ئەم تیشکانە ڕێنوێنی شاژنەکەیانن (کە لێرەدا مەبەست لە دڵی ڤینوس خۆیەتی، کە شاژنی چاوەکانی خۆیەتی)، تیشکی ڕێنوێن چوونەتە سەر لێوەکانی ئادۆنیس و هیچی تریان نەدیوە. دڵی ئادۆنیس مامۆستای چاوی ئادۆنیسە، دڵی ڤینوس شاژنی چاوانی ڤینوسە.

[74] **هاوپۆشە جەرگییەکانیان نەچنەوە**: مەبەست لە وشەی *هاوپۆش* بەرگی خزمەتکارە. شێکسپیر لە چەند کارێکی تریشدا ئەم خوازەیەی بە کار هێناوە (ڕیچاردی دووەم ١، ١: ٨٠؛ سیمبێلین ٢، ٣: ١١٤). لێرەدا خوازەیەک بە کار هاتووە: لێوەکانیان کراون بە خزمەتکار و هاوپۆشی جەرگییان لە بەردایە، کە ڕەنگی لێوی گەشاوەیە. مەبەست لە وشەی «نەچنەوە» بۆ ڕەنگە، وەک چۆن ڕەنگ دەچێتەوە و کاڵ دەبێتەوە. واتە نزا دەکات هەردەم لێوەکانیان لە ڕامووساندا هەر ئاڵ و سوور و گەش و جوان بن.

[75] **سەوزێتی**: لە دەقە ماکەکەدا وشەی *verdure* بە کار هاتووە، واتە سەوزێتی. دەکرێت بە «تەڕێتی»یش وەربگێڕرێت. بەڵام خوازەکە لەم دێڕەدا گۆڕا بە خوازەیەکی نوێ و ئێستا دوو لێوەکە بوون بە دوو گەڵا. لە کۆندا هەندێک گەڵا بۆ دوورخستنەوەی دەرد و هەوکردن بە کار هاتوون.

[76] **بەڵکو ئەستێرەبینان... دوور خرایەوە**: سەتەکانی ناوەڕاست لە ئەوروپا (١٣٤٧-١٣٥١) تاعوونە ڕەشە بڵاو بووەوە و ملیۆنان کەسی کوشت. ئەو کاتە زانکۆی فەرەنسا ڕوونکردنەوەیەکی «زانستی»ی دەرکرد بە ناوی *ڕاوێژی پاریس* (*پاریس کۆنسیلیوم* *Paris Concilium*)، لەم ڕوونکردنەوەیەدا هۆی تاعوونەکەی بەستەوە بە جووڵەی ئەستێرەوە. چونکە ئەو سەردەمە «زانست»ی پزیشکی و کەلووناسی و ئەستێرەگەری تێکەڵ بوون. بۆیە شێکسپیر لێرەدا دەڵێت: «بەڵکو ئەستێرەبینان بڵێن تاعوون بە هەناسەی تۆ دوور خرایەوە». هەر هەمان ئەو ساڵەیشی شێکسپیر خەریکی نووسینی *ڤینوس و ئادۆنیس* بوو (١٥٩٢) تاعوون لەندەنی گرتەوە.

[77] **دەبێت چ سەودایەک... مۆمەسوورەکەی لێوم**: ئەم کۆپلەیە خوازەی سەودا و مامەڵە و مۆر و لۆککردنی تێدایە. **مۆمی سوور**، یان **لۆک** (لە *فەرهەنگی خاڵ*ەوە: «جۆرە دەرمانێکی سوورە کاغەز و هێندێ شتی تری پێ چەسپ دەکرێ بۆ ئەوەی کە دەستکاری نەکرێ») هەمان ئەو دەرمانەیە کە لە زەرفی نامە دەدرێت و مۆر دەکرێت. لێرەدا

خوازەیە، بە واتای ئەوە نییە کە ڕەنگەکەی کردووە بە مۆر، بەڵکو بە واتای ئەوەیە کە مۆری دەمی ئادۆنیس لەسەر لێوی ڤینوس شەقڵی بە جێ هێشتووە.

[78] **دە سەت:** واتە هەزار. ئێستانان ئەم دەربڕینە لە کوردیدا بە هەڵە دادەنرێت، بەڵام لە کۆندا هەبووە. هەر خۆم لە هەندێک ژنی کۆنم بیستووە کە وتوویانە: «چوار بیست»، لە بری ئەوەی بڵێن «هەشتا». ئێستاش لە هەندێک زماندا وشەیان بۆ حەفتا و هەشتا و ئەم ژمارانە نییە. بۆ نموونە فەڕەنسی بە حەفتا دەڵێت: شەست دە؛ بە هەشتا دەڵێت چوار بیست؛ بە نەوەد دەڵێت چوار بیست دە. لە زمانی بازاڕیی ئینگلیشدا زۆر جار ناوترێت *هەزار*، بەڵکو دەوترێت *دە سەت*. یان بە هەزار و پێنج سەت دەوترێت *پازدە سەت* (fifteen hundred). هەر لە دێڕی ٥٢٢شدا دەڵێت: «بیست سەت»، واتە دوو هەزار.

[79] **گەر هەر خۆشەویستییەک... بپێوە:** لە دەقە ماکەکەدا بەم جۆرەیە:

*If any love you owe me, measure my strangeness with my unripe years.*

بە گوێرەی ئینگلیی ئەمڕۆ بێت، دەبێت ئاوها وەربگێڕرێت: «گەر هەر خۆشەویستییەک قەرزاری من بیت، ئەوا نامۆییم بە ساڵانی پێنەگەیشتوویيم بپێوە». بەڵام کە لێی ورد دەبیتەوە، بۆت دەردەکەوێت ئەم واتایە هەڵەیە. بۆیە وشەی *owe* لە دەقەکەدا بە *bear* (لەسەربوون) لێک دراوەتەوە. ئاوهاش ئەوە ڕاست دەبێتەوە کە لەم سەودایەدا دەبێت ئادۆنیس قەرزی خۆشەویستیی ڤینوسی بکەوێتە سەر شان، نەک قەرزی ئادۆنیس لای ڤینوس بێت. بۆیە دەبێت ببێت بە: «گەر هەر خۆشەویستییەکت لەسەرم بێت» واتە «ئەگەر خۆشویستنی تۆ (ڤینوس) ببێت بە قەرزێک بەسەر شانمەوە». دواتریش پاساو دەهێنێتەوە کە ئەو هێشتا منداڵە و ناکرێت قەرزار بێت.

«نامۆییم بە ساڵانی پێنەگەیشتوویيم بپێوە» واتە سەیری تەمەنم بکە، کە هێشتا پێنەگەیشتووم. بۆیە ئاوها بۆت دەردەکەوێت کە بۆچی وا نامۆم و قەرزم ناکەوێتە سەر شان.

[80] **جگە لە ماسیگر... نابوێرێت:** ئەم دێڕە لە دەقە ماکەکەدا بەم جۆرەیە:

*No fisher but the ungrown fry forbears*

لەبەر ئەوەی ڕستەسازییەکەی ناڕوونە، بۆیە دەکرێت بە شێوەی جیاواز ڕاڤە بکرێت. لە سەرچاوەکەی مندا (کۆبەرهەمی نوێی شێکسپیری ئۆکسفۆرد) بەم شێوەیە واتای دەکاتەوە: «هیچ ماسیگرێک شکست ناهێنێت لە فڕێدانەوەی ماسیی پێنەگەیشتوو [بۆ نێو ئاو]». واتە ماسیگرێک ماسیگر بێت تەنها ماسیی گەورە دەگرێت و ماسیی بچووک ناگرێت، بەڵکو فڕێی دەداتەوە نێو دەریا. «هەموو ئەوانەی ماسی دەگرن ماسیی پێنەگەیشتوو هەڵدەدەنەوە نێو ئاو». ئەوەی وا دەکات ڕستەکە ئاڵۆز بێت پەسنی «پێنەگەیشتوو»ە بە تەنیشت «بەچکەماسی»یەوە، کە دەکرێت وا بکات بە «بەچکەماسیی پێنەگەیشتوو» لێک بدرێتەوە. بەڵام من پێم وایە لێرەدا ئەم ئاوەڵناوە لە بری ناو بە کار هاتووە، بۆیەش لە وەرگێڕانەکەی خۆمدا لە جێی ناو بە کارم هێناوە، نەک وەک پەسنی بەچکەماسی.

[81] **تێریان... وشکی دەکرد**: هەندێک ڕاڤەکار وایان لێک داوەتەوە کە ڤینوس و ئادۆنیس هەردووکیان تێریان لە یەکتر خواردووەتەوە. بەڵام من هاوڕایان نیم. پێم وایە کۆکردنەوەکە (تێریان لێیان خواردەوە، کەچی گلەییان لە وشکی دەکرد) ئاماژەیە بە «لێوەکان»، کە کۆن. واتە لێوەکانی ڤینوس تێریان لە لێوەکانی ئادۆنیس خواردەوە و هێشتا هەستیان بە وشکەساڵی دەکرد. بۆ بەڵگەی تێڕوانینەکەشم، بڕوانە ڕاڤەی داهاتوو.

[82] **وی بە زەبەندیی... لاواز بوو**: ئەم دێڕە لە دەقە ماکەکەدا بەم جۆرەیە:

*He with her plenty press'd, she faint with dearth*

چەند پێکارێکی ڕەوانبێژیی لەسەر جێبەجێ کراوە، دیارترینیان پێکارێکە پێی دەوترێت *ئەنتیثێسیس* – *antithesis*، {وشەکە لە بنەچەدا گریکییە، بە واتای ***دژەجێ*** دێت}. **دژەجێ**: پێکجووتکردنی بیری پێچەوانەیە، زۆربەی جار بە بونیاتی هاوتەریب. لێرەدا ئاماژەیە بەوەی ڤینوس ئێجگار زۆری داوە بە ئادۆنیس و ئادۆنیس لەو هەمووەی ڤینوس خەریکە دەتەقێت، یان لە ژێر باری ئەم هەموو بەخشینەی ڤینوسدا دەپلیشێتەوە. لە بەرانبەردا ئادۆنیس کەمی داوە بە ڤینوس و ڤینوس لە نەبوونی و قاتوقڕیی بەخشینی ئادۆنیسدا لاواز بووە و خەریکە دەبوورێتەوە.

[83] **هێرشکار... دەیاندا**: لێوەکانی ڤینوس بە هێرشکار و داگیرکەر چووێنراون، هەر سەرانە و باجێکیان بخستایەتە سەر لێوە داگیرکراو و ملکەچەکانی ئادۆنیس ئامادە بوو بیدات.

[84] **بە شێتگیرییەکی... پەلکوتان**: لێرەدا «شێتگیری» کەسێنراوە و چاوی بەستراوەتەوە.

[85] **وڕکگرتوو**: شێکسپیر لێرە و لە دێڕی ۵۷۱دا (لە دەقە ئینگلییەکەدا دەکاتە دێڕی ۵۷۰، بەڵام لەبەر واتا پاشوپێشم خستوون) وشەی *froward*ی بە کار هێناوە. وشەیەکی کۆنی دەگمەنە بە واتای کەللەڕەق یان سەرسەخت دێت. من بۆ ئێرە بە *وڕکگرتوو* وەرمگێڕا، چون پەسنی منداڵ دەکات، لەوێ بە سەرسەخت وەرمگێڕا.

[86] **گەرم و لاواز... بەرهەڵستی ناکات**: شێکسپیر لەم جۆرە ڕستەسازییەی زۆرە و لە *هاملێت*یشدا نموونەی وای هەیە و درێژتریشی دەکاتەوە. لەم ڕستەیەدا سێ نموونەی ناوبڕ هەن کە ڕستە سەرەکییەکە ڕوون دەکەنەوە. ڕستە سەرەکییەکە ئەمەیە: «ئێستا بە باوەشە توندەکەی ڤینوس ئادۆنیسی گەرم و لاواز و ماندوو ملکەچ دەبێت و چیتر بەرهەڵستی ناکات». پاشان سێ نموونە دەهێنێتەوە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم دەستەمۆکردنە: ١. وەک باڵندەیەکی کێوی کە بە گرتنی زۆر ماڵی دەکرێت (دیارە یەکێک لە تەکنیکەکانی ماڵیکردنی باڵندە ئەوەیە کە چەند جارێک باڵندەکە بگریت و دەستی بە سەردا بهێنیت و بەریبدەیتەوە). ٢. وەک نێراسکێکی خێرا کە بە ڕاو ماندوو دەکرێت. ٣. وەک منداڵی وڕکگرتوو کە بە هەڵپەڕاندن هێور دەکرێتەوە.

[87] **لەمشتنان**: ئەم وشەیە لە دەقە ماکەکەدا *temp'ring (tempering)*ە. بە واتای ئەوە دێت لە مشتی بنێیت. بە واتای ئەوەش دێت (لە مشتتدا و بە گەرمیی لەشت) گەرمی بکەیت.

[88] **ڕێدارییەکەی ئەرکەکەی دەبەزێنێت**: ڕێداری واتە ڕێپێدان، یان مۆڵەت. لە ئینگلییەکەشدا دەربڕینێکی ئاوهایە: واتە ئەڤین وێڕای ئەرکەکانی خۆی، ڕێ بە خۆی دەدات زیاتریش بڕوات. واتە مۆڵەت و ڕێپێدراوییەکەی سنووری ئەرکەکانی خۆی دەبەزێنێت.

[89] **ئەو کاتەی بژاردەکەی سەرسەختترینە**: شێکسپیر لێرەدا هەمان ئەو وشە نامۆیەی بە کار هێناوە کە لە دێڕی ۵٦٢دا بە «وڕکگرتوو» وەرمگێڕابوو. واتە بژاردەکەی بە منداڵێکی هاری وڕکگرتوو چوواندووە. بەڵام لەبەر کوردییەکە لێرەدا بە سەرسەخت وەرمگێڕا.

[90] **وی مۆن... نەدەمژی**: بەستێنی ئەم کۆپلەیە وا دەردەخات پێکارێکی ڕەوانبێژیی نزیک لە نەبەستنەوە (*ئەسیندێتۆن asyndeton*) لەسەر دوو دێڕەکەی سەرەتا جێبەجێ کرابێت. نەبەستنەوە خۆی پێکارێکی ڕەوانبێژییە کە لابردنی بەمەبەستی ئامرازی

پێوەندییە. بۆ نموونە لە بری ئەوەی بڵێیت: «تەماشای ئەژنۆ و لاق و پووتەکانیان کرد کە دیار نەمان» دەڵێیت: «تەماشای ئەژنۆ، لاق، پووتەکانیان کرد دیار نەمان». لێرەدا «ئەگەر» و «ئەوا» لابراوە. بۆ نموونە: [ئەگەر] بێیت [ئەوا] دەست لە گەردنت وەردێنم. لێرەدا ڕستە دروستترەکە بەم جۆرەیە: [ئەگەر هەر جارێک] وی مۆن بێتەوە و وێ واز بهێنێت، [ئەوا ڤینوس هەرگیز] نێکتاری لێوەکانی ویی نەدەمژی. واتە ڤینوس لەبەر ئەوە شیلەی لێویی ئادۆنیسی مژیوە، چونکە سڵی لە قسە ناخۆش و خۆگێڤکردنەوەکانی ئادۆنیس نەکردووە.

[91] **لە بێرکمی... هەڵگرتووە**: لە دەقە ماکەکەشدا ڕستەسازییەکە زۆر ناڕوونە. وا دیارە مەبەست لەوە بێت کە ڤینوس ئاوڕی لە دڵی خۆی داوەتەوە، بەڵام دڵی لەوێ نەبووە و ئێستا لە بێرکم (قەفەز)ی سنگی ئادۆنیسدایە، ئادۆنیس لەگەڵ خۆی بەرەو ئەو جێیەی دەبات کە بۆی دەڕوات. بۆ *کوپیدۆ* بڕوانە ڕاڤەی ٤٤. شێکسپیر لە *خەونی شەوێکی چلەی هاوین*یشدا ئەم سوێندخواردنەی بە کوپیدۆ بە کار هێناوە و دەڵێت: «بە تیروکەوانە بەهێزترینەکەی کوپیدۆ سوێندت بۆ دەخۆم» (١: ١، ١٦٩).

[92] **یەکسەر ڕەنگبزرکان... داگیر کرد**: ئەمەش نموونەیەکی ترە لە ناوبڕکردنی ڕستە (بۆ نموونەیەکی تر بڕوانە ڕاڤەی ٨٦). ئەگەر ئەمە بە دروستی بنووسرێت وەها دەبێت: «یەکسەر ڕەنگبزرکان گۆناکانی [ڤینوسی] داگیر کرد، وەک [قوماشی] مەلمەل کە لەسەر گوڵەباخی گەش ڕابخرێت». واتە ڕەنگبزرکان کەسێنراوە. ڕەنگبزرکان چووێنراوە بە قوماشی مەلمەل. گۆنای ڤینوس چووێنراوە بە گوڵەباخی گەش.

[93] **تانتالۆس: تانتالۆس** (یان: تەنتەلۆس؛ تەنتەڵۆس؛ تانتەلۆس؛ تانتەڵۆس؛ تانتاڵۆس؛ تەنتەل؛ تەنتەڵ؛ تانتەل؛ تانتەڵ؛ تانتال؛ تانتاڵ): بە ئینگلی ***Tantalus***. کەسێتییەکی نێو ئوستوورەی گریکییە. کوڕی زێفس و هادیس بووە، یان کوڕی زێفس و تمۆلۆس بووە. شایەکی دەوڵەمەند بووە. بەوە بەناوبانگە کە کارێکی نەشیاوی بەرانبەر خواکان کردووە و خواکانی تووڕە کردووە (ئەم تووڕەکردنە بە چوار گێڕانەوەی جیاواز هەن، بەڵام ئێرە شوێنی ئەو بابەتە نییە). لە بەرانبەردا خواکان بەوە سزایان داوە کە هەڵیانداوەتە جیهانی ژێرەوە. لەوێ لە ناوەڕاستی دەریاچەیەکدا بەندیان کردووە، بەڵام وایان لێی کردووە نەتوانێت ئاو بخواتەوە. هەرچەند خۆی بۆ ئاو نووشتاندووەتەوە، ئاوەکە دوور کەوتووەتەوە. لقی درەختی میوەی بەردار بە بەر سەریدا شۆڕ بوونەتەوە، بەڵام کە دەستی بۆیان بردووە لقەکان دوور کەوتوونەتەوە. گابەردێکیش بەسەر سەریەوە بووە

و بەردەوام هەڕەشەی سەرپانکردنەوەی لێ کردووە. لە سەردەمانی دێریندا سزاکەی تانتالۆس بووە بە پەند. وشەی *تانتەلایز tantalize* لە زمانی ئینگلیدا هەیە و کارە، لە ناوی تانتالۆسەوە هاتووە، واتە سوێکردنەوە و تامیتامیکردن.

[94] **ئیلیسیۆن**: **ئیلیسیۆن** (یان ئیلیزیۆن؛ ئێلیسیۆن؛ ئێلیزیۆن؛ ئیلیسیۆم؛ ئیلیزیۆم؛ ئێلیسیۆم؛ ئێلیزیۆم؛ ئیلیسیوم؛ ئیلیزیوم؛ ئیلێزیوم): بە ئینگلی *Elysium*. لای هۆمیرۆس بەشێک نییە لە جیهانی مردووان و جیهانی ژێرەوە، بەڵکو لە ڕۆژئاوای زەوییە، لە نزیک زەریا. وا باسی دەکات وەک بڵێیت جێی دڵخۆشییە، بەفری لێ نابارێت، سارد نییە، باران نییە، هەردەم سروەی دەبوور تیایدا هەڵدەکات (دەبوور: بای ڕۆژئاوا). ئەو پاڵەوانەی پیایدا تێپەڕیبێت نەمردووە و بە خۆشی ژیاوە. بەڵام ئیلیسیۆن لای وێرگیلیوس (ڕۆمییەکان) بەشێکە لە جیهانی ژێرەوە، شوێنی نیشتەجێبوونی تاپۆ و سەهویری ڕێژەندار و بەختەوەرەکانە. دەکرێت وەک هاوواتای بەهەشت لێکی بدەینەوە.

[95] **وەک باڵندەی... فریو دەخۆن**: زێفکسیس (دەوروبەری ساڵی ٤٠٠ی پێش زاین مردووە)، ئەوەندە بە ڕێکوپێکی ترێی دروست کردووە کە لە هی ڕاستی دەچوو و باڵندە دەهاتن و دەیانویست بیخۆن. پلینیۆسی گەورە (٢٣-٧٩) لە پەڕتووکی *مێژووی سرووشتی*یەکەی خۆیدا، کە دەوروبەری ساڵی ٧٧ بڵاوی کردووەتەوە، بەم شێوەیە باسی دەکات: «دەڵێن گوایە زێفکسیس دوای ئەوە وێنەی منداڵێکی کێشاوە کە ترێی پێبووە، کە باڵندە بە هەمان شێوەی وێنەی ترێکەی پێشووی هاتوون بۆ ئەم ترێیەش، زێفکسیس بە تووڕەیی پەلاماری وێنەکەی خۆی داوە و وتوویە: "ترێکەم لە منداڵەکە باشتر دروست کردووە، ئەگەر لە کێشانی وێنەی منداڵەکەدا هێندەی ترێکە باش بوومایە ئەوا باڵندەکان لە منداڵەکە دەترسان و پەلاماری ترێکەیان نەدەدا"» (پەڕتووکی ٣٥: بەشی ٣٦).

[96] **هەوڵی دەدا... دۆزییەوە**: لەبەر واتا ئەم دوو دێڕەم پاشوپێش خستووە و تێکەڵم کردوون. بە بڕوای من دووانن لە جوانترین و ڕەوانبێژانەترین دێڕەکانی *ڤینوس و ئادۆنیس*. ڤینوس کە هەوڵی سازکردنی ئادۆنیسی داوە، هیچ کاریگەرییەک لە ئادۆنیسدا ڕووی نەداوە. واتە کاریگەریی خۆشەویستیی ڤینوس لەسەر ئادۆنیس گوم بووە و هەر لە سەرەتاشەوە نەبووە. بەڵام ئێستا ڤینوس ئەو کاریگەرییە ون و نەبووە بە ماچی بەردەوام دەگەشێنێتەوە. وەک ئەوە وایە کە لە کوردیدا دەوترێت: «ئاو دەبێژێتەوە».

واتە ڤینوس ڕەنجبەباچووە.

[97] **وێ ئەوەندەی دەکرا هەوڵی دا:** ئەم دێڕە لە چاپەکاندا جیاوازە. لە *کوارتۆی یەکەم*دا بەم جۆرەیە:

*She hath **assai'd** as much as may be prou'd.*

لە سەردەمی شێکسپیردا لە ناوەڕاستی وشەدا u لە بری vی ئێستا بە کار دەهات. بۆیە ئەو وشەیەی بە *prou'd* نووسراوە بە گوێرەی ڕێنووسی ئێستانانی زمانی ئینگلی دەنووسرێت *prov'd*، واتە *proved*. سەرنجەکە لەسەر وشەی *assai'd*-ە. بە گوێرەی ڕێنووسی ئێستانان دەنووسرێت *assayed*. واتە هەوڵی دا. لە سەرچاوەکەی مندا (کۆبەرهەمی نوێی شێکسپیری ئۆکسفۆرد) وەها نووسراوە. بەڵام بە گوێرەی چاپی سەرهێڵیی *Internet Shakespeare Editions* وەها نووسراوە:

She hath assailed as much as may be proved.

*assailed* واتە پەلاماری دا. بەڵام پێم وایە ئەوە هەڵەیە. بەڵام بە هەر حاڵ، لەو کاتەدا وەرگێڕانەکە بەم جۆرەی لێ دێت: «وێ ئەوەندەی دەکرا پەلاماری دا».

[98] **شەرمە، شەرم:** ئەو وشەیەی بە «شەرمە» وەرمگێڕاوە لە دەقە ماکەکەدا وشەی *fie*یە. ئەمە دەربڕینێکی سەردەمی شێکسپیرە و بە واتای جۆراوجۆر بە کار دێت. بە هەموو ئەم واتایانە دێت: *بە نەفرەت بێت، یاع، شەرمە*. بە واتای گاڵتەپێکردن و ترسیش دێت. شێکسپیر لە زۆربەی دەقەکانیدا بە کاری هێناوە و بە گوێرەی شوێنەکان بە جیاوازی وەرمگێڕاون.

[99] **چاوانی ئەڤین... دەدەن:** لێرەدا «نیگای گوێرایەڵ» وەکو پارە چووێنراوە، دەدرێت بە دەموچاوی ئادۆنیس.

[100] **مەیە:** دەبێت «مەچۆ» بێت، بەڵام شێکسپیر «مەیە»ی داناوە.

[101] **پەرۆشی:** ئەو وشەیەی بە «پەرۆشی» وەرمگێڕاوە لە دەقە ماکەکەدا *جالەسی jealousy*یە. بە گوێرەی واتای ئەمڕۆی بێت واتە دڵپیسی و ئیرەیی. ئەگەرچی دەشێت ئەو واتایەش بگرێتەوە، بەڵام ڕیشەی وشە ئینگلییەکە لە پەرۆشییەوە هاتووە. بۆیە بە پەرۆشی دامنا.

[102] **ئەڤینی... سەگەناز دەکات:** لێرەدا ئارەزووی ئەڤین وەک سەگ چووێنراوە، دڵپیسی، یان پەرۆشی وا دەکەن تووشی دەردی سەگەناز بێت. **سەگەناز:** بە ئینگلی *distempering* «دەردێکی گرانە، توشی سەگ دەبێ و دەیکوژێ». ئەم وشەیە بە «شێواندن»یش لێک دراوەتەوە. لەو کاتەدا وەرگێڕانەکە وای لێ دێت: «ئارەزووەکانی ئەڤینی نەرمونیان دەشێوێنێت».

[103] **وێنەیەکی هاوشێوەت... خەڵتانی خوێن بووە:** لەبەر ڕستەسازی و واتا ئەم دوو دێڕەم پاشوپێش خستووە و تێکەڵم کردوون.

[104] **خۆیشت لەسەر... بمێنەوە:** خۆشهەناسە واتە ئەسپێک کە لە هەڵمەتدا هەناسەی توند نابێت. دیارە لێرەدا مەبەست لە تانجییەکانی تریەتی. واتە: لەگەڵ تانجییەکانی ترتدا بمێنەوە، با هەندێک لە تانجییەکانت ڕاوت بۆ بکەن.

[105] **گێژەڕێ:** بە ئینگلی *maze*، یان *labyrinth*، جۆرە باخێکە (یان ڕێیەکە) کە پێچاوپێچ و گێژاوی دروست دەکرێت و ڕێی لە نێواندایە.

[106] **هەر ورنگەیەک بمێنێتەوە:** واتە هەر ورنگەک، دەنگێکی نزم وای لێ دەکات لە جێی خۆی بمێنێتەوە.

[107] **بۆ بێبەریکردنتە لە ماچێک:** ئەمە بەو شێوەیەش لێک دراوەتەوە کە زەوی دەیەوێت خۆی ئادۆنیس ماچ بکات. واتە لە لێکدانەوەی یەکەمدا زەوی ئەوینداری ئادۆنیسە و ئیرەبەرە و نایەوێت ڤینوس ماچی بکات. لە لێکدانەوەی دووەمدا زەوی ئەڤینداری ئادۆنیسە و خۆی دەیەوێت ماچێکی لێ بستێنێت. لە هەردوو بارەکەدا زەوی پیلانێکی لە ژێر سەردایە.

[108] **تاڵانیی... بە دز:** واتە شتگەلێک زۆر گران بن، پیاوی سەرڕاست لە سەرڕاستی هەڵدەگەڕێننەوە و وا دەکەن بن بە دز بۆ تاڵانکردنیان.

[109] **دیانا:** بە ئینگلی *Diana*. خوایەکی ئیتالییەکانە، ڕۆمییەکان دەقاودەق لەگەڵ ئارتەمیس-ی گریکیدا هاوتایان کردووە. لای ئیتالییەکان پارێزەری کۆیلەکان بووە و کۆیلە و کەنیزەکەکان ساڵانە لە ڕۆما یادیان کردووەتەوە. حەزی کردووە لە دارستان نیشتەجێ ببێت و لە نزیک بیری ئاو بێت. سەرچاوەی پەرۆشی و شێتێتیی مرۆڤ بووە. حەزی بە

چارەی پیاو نەهاتووە و ڕێ نەدراوە هیچ پیاوێک بچێتە نێو پەرستگەکەیەوە. خۆیشی هەر بە پاکیزەیی ماوەتەوە.

ئارتەمیس (هاوتا گریکییەکەی دیانا) یەکێک بووە لە خوا مەزنەکانی گریکی دێرین. بە گوێرەی زۆربەی گێڕانەوە دێرینەکان، کچی زێفس (یوپیتەر) و لیتۆ (لاتۆنا) بووە، جمکی ئاپۆلۆن (ئەپۆلۆ) بووە. لە دامێنی چیای کینثۆس لە دوورگەی دیلۆس لە دایک بووە. بۆیە پێی وتراوە *کینثیا* (یان سینثیا). وەک ئاپۆلۆنی مێ سەیر کراوە، هەر وەک ئەویش تیروکەوان و تیردان و تیری پێیە. تاعوون و مەرگی لەناکاوی ناردووە بۆ مرۆڤ و ئاژەڵ. زیاتر مەرگی لەناکاوی ژنان بە کاری تیری ئارتەمیس زانراوە. هەر وەک چۆن ئاپۆلۆن تەنها خوایەکی وێرانکەر نەبووە، ئارتەمیسیش هەر وا بووە. بۆیە توانیویە نەگریسی لابدات، بۆیە ئازار و ژانی نەپاوەکانی لابردووە، یان سووک کردووە.

لە جەنگی ترۆیادا وەک ئاپۆلۆن لایەنگری ترۆیاییەکان بووە. زۆرتر پارێزەری گەنجان بووە. بەوەش کە چاودێریی کچانی گەنجی کردووە، وا سەیر کراوە کە خوای مێگەل و ڕاو بووە. هەر ئاوهاش بووەتە ڕاوچیی نێو نەمرەکان. ئارتەمیسیش وەک ئاپۆلۆن هاوسەری نەبووە و هەرگیز ئەوین داگیری نەکردووە. ئۆریۆن-ی بە تیرەکەی کوشتووە، چونکە وی هەوڵی داوە لەگەڵی جووت ببێت. ئاکتیۆن-یشی کردووە بە نێراسک، تەنها لەبەر ئەوەی ئەمی لە کاتی خۆشوشتندا دیوە. لەگەڵ ئاپۆلۆنی برایدا منداڵانی نیۆڤی-یان کوشتووە، کە خۆی لە لیتۆ (لاتۆنا) بەرزتر داناوە.

ئاپۆلۆن وەک هیلیۆس یان خۆر سەیر کراوە، بۆیە خوشکەکەیشی وەک مانگ سەیر کراوە، بۆیە وەک خوای مانگ دانراوە.

[110] **کینثیا**: بە ئینگلی *Cynthia*. ناسناوی ئارتەمیس (یان دیانا)یە، واتە کچە کینثییەکە. لە ناوی چیای کینثۆس-ەوە هاتووە لە دوورگەی دیلۆس، کە جێی لەدایکبوونی ئارتەمیس و ئاپۆلۆن بووە.

[111] **ئەو**: واتە دیانا. بڕوانە ڕاڤەی ١٠٩.

[112] **بۆیە بەرتیلی... کوێرەوەریی زۆر**: **چارەنووسەکان**: بە ئینگلی *Fates*، یان *Parcae*. لە ئوستوورەی ڕۆمیدا سێ خواژن بوون، کاریان دیاریکردنی چارەنووسی هەموو مرۆڤێک بووە. مەبەست لەم کۆپلەیە ئەوەیە کە دیانا بەرتیلی بە چارەنووسەکان داوە کاری سرووشت تێک بدەن و وا بکەن جوانی لەگەڵ لاوازی تێکەڵ بکەن، وا بکەن ئەوەی

جوان بێت لاوازیش بێت، بێخەوشیی پوخت لەگەڵ خەوشداریی ناپوخت تێکەڵ بکەن، وا بکەن هیچ شتێک پوخت و بێخەوش نەبێت. هەموو ئەمانەش بکەن بە ژێردەستەی دوو کۆمەڵ، ئەوانیش: بەدبەختی و کوێرەوەری-ن. بەدبەختییەکان زۆرن و زۆرداریییەکی شێتانەیان هەیە. (لێرەدا بەدبەختی و کوێرەوەری کەسێنراون).

[113] **ڤێستا:** بە ئینگلی Vesta. یەکێک بووە لە خوا مەزنەکانی ڕۆمییەکان. خواژنی ئاگردان بووە و ئاگر هێمای بووە. ئاگردان لە خانووەکانی ڕۆمی دێریندا بەشی چەقی ماڵ بووە. ڕۆژانە هەموو دانیشتووانی ئەو ماڵانە بۆ نانخواردن لە دەوری ئەو ئاگردانە کۆ بوونەتەوە. بۆیە بە جۆرێک لە جۆرەکان هەموو ماڵێک پەرستگەیەکی ڤێستا بووە. بەڵام پەرستگە گشتییەکانی ڤێستا هاووەڵاتانی دەوڵەتەکەی وەک یەک خێزانی گەورە کۆ کردووەتەوە. کۆمەڵێک پاکیزە لە پەرستگەکەیدا بەردەوام ئەو ئاگرەیان هێشتووەتەوە. بەم پاکیزانە دەوترا *ڤێستاییەکان* (پاکیزە ڤێستاییەکان). خواژنەکە خۆیشی بە داوێنپاک و وەک ئاگر خاوێن سەیر کراوە. پاکیزە خزمەتکارەکانیشی دەبوو هەر وا داوێنپاک و خاوێن بن.

[114] **لە ڕقی داوێنپاکیی... دەستبڵاو بە:** ئەم چەند دێڕە دژبەستنی تێدا بە کار هاتووە. ڤێستاییەکان و ڕەبەنەکان لەبەر ئەوەی پەیمانی داوێنپاکی و شوونەکردنیان داوە، منداڵیان نابێت، ئاوهاش بێمنداڵی و بێوەچەیی و نەزۆکی دەخەنەوە! خستنەوە خۆی بەرهەمی زانە، بەڵام ئەمان نازێن، ئاوهاش نەزۆکی دەزێنن. بە ڕای من دژبەستنێکی زۆر جوانە. جا ڤینوس بە ئادۆنیس دەڵێت: «لە ڕقی ئەم بێبەرییەی ئەوان، تۆ دەستبڵاو بە و لەگەڵ من جووت بە و منداڵم لێ بخەوە».

[115] **لەشت چییە... لە نێویان نەبەیت:** ئەم ئارگومێنتە لە سۆنێتەکانی ١-١٧ی شێکسپیردا هەیە. مەبەست لێی ئەوەیە لەش هەڵگری تۆوی خۆدروستکەرەوەیە. ئەم تۆوە هەڵگری پاشینانەکانتن، واتە هەڵگری وەچە و نەوەکانی تۆن. ئەگەر تۆ «لە تاریکی و نادیاریدا» لە نێویان ببەیت (دەسپەڕ بکەیت)، ئەوا لەشت دەبێتە گۆڕێک کە منداڵەکانی خۆی هەڵدەلووشێت.

[116] **ئادۆن:** هەر ئادۆنیسە. پاشگری *-یس* لێکراوەتەوە. ئەم پاشگرە لاتینی و گریکییە.

[117] **دایەنی بەدکاری ئارەزووە:** واتە شەو خۆراک دەدات بە ئارەزوو. بە دەربڕینێکی تر: شەو وا دەکات ئارەزوو و ئاڵۆش زیاتر ببێت و بەدکاری زیاتر بێت.

[118] **تۆ بۆ زۆربوون دەیکەیت**: مەبەست لەوەیە کە ڤینوس پێی دەوت: «منداڵ لە من بخەوە». بۆیەش وشەی «زۆربوون» بە کار دەهێنێت، چونکە لە *تەورات*دا یەکەم فەرمانی خوا بە ئادەم و حەوا ئەوەیە کە دەڵێت: «بەردار بن و زۆر بن و زەوی پڕ بکەن» (پەیدابوون ٩: ١). واتە منداڵ بخەنەوە.

[119] **زستانی ئاڵۆش... دێت**: لێرەدا کاریگەریی کەشوهەوای ناوچەیی بەسەر شێکسپیرەوەیە. دیارە لە وڵاتی ئەو زستان زوو دێت و پایز نابینن.

[120] **تەناو**: بە ئینگلی *humor*. بە گوێرەی دونیابینیی کۆن، یەکێکە لە چوار شلە سەرەکییەکەی لەش. خۆم وشەکەم داڕشتووە: تەن-ئاو؛ شلەی لەش.

[121] **چوڕە**: بە ئینگلی *lark* باڵندەیەکی بچووکە، لە *فەرهەنگی باڵندە*وە: «ئەم باڵندانە خۆشئاوازن. پەڕوباڵیان قاوەیی ڕێ یە. زیاتر هەر لەسەر عەرزن و پێڕۆن. قامکی پشتەوەی لاقیان درێژ و ڕاست و نینۆکتیژە. زیاتر بە گەل دەژین. کەم وا هەیە نێرە و مێیەیان وێک نەچن. لەسەر عەرز هێلانە سازدەکەن. دانەوێڵە، جرِوجانەوەر و کرم و... دەخۆن».

[122] **کونار**: یان **کوناری لوبنانی**: بە ئینگلی *Lebanonian cedar*، درەختێکە لە ناوچەکانی دەریای ناوەڕاست و هیمالایا دەڕوێت. لە ٣٠ تا ٤٠ مەتر بەرز دەبێتەوە. دارێکی تیژ و جەویداری بۆنداری هەیە و لقی گەڵای درێژی هەیە. هەندێک جار بە ناوە بێگانەکانی (سدەر، سیدار، ئەرز، ئورز) ناوی دەهێنرێت. بەڵام من ناوەکەم لە *فەرهەنگی فارسی-کوردی*ی زانکۆی کوردستانەوە هێناوە کە بەرانبەر *سدر*ی فارسی دایانناوە. لە *گلگامێش*یشدا ناوی براوە و وێنەی کێشراوە بەوەی کە لە شاخی لوبنان هەیە. ئێستاش هێمای نەتەوەیی لوبنانە.

[123] **ئەیراو**: بە ئینگلی *influence*. ئەم وشەیە لە ئەستێرەگەریدایە، ڕاستەوخۆ بە واتای باندۆر یان کاریگەری نا، بەڵکو بە گوێرەی دونیابینیی کۆن پێیان وا بووە شلەیەکە لە ئەستێرەکانەوە دەردەچێت و کاریگەری لەسەر خەڵک دروست دەکات. واتاکەی ئێستانانی (کە بە واتای کاریگەری دێت)، درێژکراوەی ئەم زەینە کۆنەیە.

[124] **ئەو**: بەوە لێک دراوەتەوە کە مەبەست لە «ئەو» هەموو ستێرەکان و تەنە ئاسمانییەکانە. بەڵام دەکرێت ئاماژە بێت بە ئادۆنیسیش.

[125] **کوڕێک**: بە ئینگلی بە کوڕ دەوترێت *سەن son*، بە خۆریش دەوترێت *سەن sun*. واتە بە هەمان شێوە دەخوێنرێنەوە، بەڵام لە نووسیندا پیتێکیان جیاوازە. بۆیە لێرەدا ڕەگەزدۆزیی زارەکیی تەواو و ڕەگەزدۆزیی نووسەیی ناتەواو (جیناسی ناقس) هەیە. ئەم وشەیە لە سەرچاوەکەی مندا (کۆبەرهەمی نوێی شێکسپیری ئۆکسفۆرد) بە *son* (کوڕ) نووسراوە؛ لە *کوارتۆی یەکەم*یشدا هەر وا نووسراوە. بەڵام هەندێک لە سەرچاوەکانی دواتر کردوویانە بە *sun* (وەک *Internet Shakespeare Editions*)، واتە خۆر. لێرەدا ئادۆنیس هەم کوڕە، هەم خۆرە.

[126] **مۆرتک**: بە ئینگلی *myrtle*. دەوەنێکی هەرسەوزە، یەکێک بووە لە دەوەنە دڵخوازەکانی ڤینوس. بڕوانە ڕاڤەی ٤.

[127] **بەرگیر**: بە ئینگلی *adder*. جۆرە مارێکی بچووکی ژەهراویی کوشندەیە.

[128] **ژێ**: بە ئینگلی *sinew*. لە *فەرهەنگی دەوەن*ەوە هێناومە. زۆر کەس بە «ماسولکەژێ» وەریدەگێڕن.

[129] **لەتر**: ئەو وشەیەی بە *لەتر* وەرمگێڕاوە لە دەقە ماکەکەدا وشەی *spleen*ە، واتە تەکان، تەوژم، گوڕ، جووڵەی خێرای لەپڕ.

[130] **چارەنووسەکان**: بڕوانە ڕاڤەی ١١٢.

[131] **بەریان**: ڕێی هاتوچۆی ئاو و با.

[132] **چۆن چاو... ئاڵووێریان دەکرد**: لە یەکتریان وەردەگرت و بە یەکتریان دەدا.

[133] **ئەم دەنگی... شوێنی کەوتبوو**: لەبەر ڕستەسازی و واتا ئەم دوو دێڕەم پاشوپێش خستووە و تێکەڵم کردوون.

[134] **زیندوویی**: ئەو وشەیەی بە «بە زیندوویی» وەرمگێڕاوە لە دەقە ماکەکەدا وشەی *quickly*یە، دەشێت بە واتای «خێرا»ش بێت، واتە: «خێرا دەتکوژێت».

[135] **نەگە**: هەڵبەست، بوختان، تۆمەت.

[136] **یۆڤ** (یان جۆڤ): بە ئینگلی *Jove*. هەر یوپیتەر-ی خوای هەرە گەورەی ڕۆمییەکانە (زێفسی گریکی – زێوس/زیۆس).

[137] **دیسان شێواویی ڕەش دێتەوە:** بە گوێرەی ئوستوورەی گریکی و ڕۆمی، پێش ئەوەی دونیا و خواکان و زەوی و مرۆڤ دروست بن، گەردوون لە پشێوییەکی تاریک و ڕەشدا بوو.

[138] **وەک چۆن... خۆیان کشاندەوە:** چاوەکانی ڤینوس کە ئەو دیمەنەیان بینی، وەک بڵێیت دیمەنەکە کوشتنی، کشانەوە (بەزین). وەک چۆن ئەستێرە شەرم لە ڕۆژ دەکات و کە ڕۆژ دەبێتەوە ئەوان دەکشێنەوە و نامێنن.

لە سەرچاوەکەی مندا (لەگەڵ *کوارتۆی سێیەم*) بەم جۆرە نووسراوە: «چاوەکانی وێ (ڤینوس) وەها بە دیمەنەکە کوژران، وەک چۆن ئەستێرە لە شەرمی ڕۆژ خۆیان دەکشێننەوە». دەکرێت ئەمە وەهاش وەربگێڕرێت: «چاوەکانی وێ (ڤینوس) وەک بڵێیت بە دیمەنەکە کوژران، وەک چۆن ئەستێرەکان لە شەرمی ڕۆژ خۆیان دەکشێننەوە». بەڵام لە *کوارتۆی یەکەم*دا بەم شێوەیە نووسراوە: «چاوەکانی وێ (ڤینوس) بە دیمەنەکە کوژران، وەک چۆن ئەستێرە شەرم لە ڕۆژ دەکات، خۆیان کشاندەوە». دەکرێت ئاماژە بێت بە چاوانی ڤینوس، یان ئەستێرەکان. لەو کاتەدا وەرگێڕانەکە بەم جۆرەی لێ دێت: چاوەکانی وێ (ڤینوس) بە دیمەنەکە کوژران، وەک چۆن ئەستێرە شەرم لە ڕۆژ دەکات، خۆیان دەکشێننەوە (ئەستێرەکان).

[139] **شلێری سپی... خوساندبوو:** ڕستەسازیی ئەم دوو دێڕە زۆر تێکەڵە. لە سەرچاوەکەی مندا بەم جۆرەیە:

*whose wonted lily-white which purple tears that his wound wept had drenched.*

دەشێت بە دوو شێوە واتا بکرێتەوە:

١. پێستی ئادۆنیس وەک گوڵی شلێر سپییە و خووی بە ڕەنگی سپییەوە گرتووە. بەڵام ئێستا بە ڕەنگی جەرگیی خوێنی ڕژاوی برینەکە خوساوە. ئەم خوێنەش لە برینەکەوە هاتووە. وەک بڵێیت برینەکە گریاوە و فرمێسکی خوێنینی لێ هاتووە.

٢. ئادۆنیس هەر بە ڕاستی لە باخێکدا گەوزاوە و گوڵی شلێری خووگرتوو بە ڕەنگی سپیی لای خۆیەوە لە خوێنی ئادۆنیسدا خوساون.

بەڵام لە *کوارتۆی یەکەم* و هەندێک لە چاپەکانی تری *ڤینوس و ئادۆنیس*دا وەهایە:

*whose wonted lily white with purple tears that his wound wept, had drecht.*

لەم کاتەدا واتایەکی تەواو نادات. دەبێت بە شتێکی وەک: «کە شلێری خووگرتووی ڕۆندکی سپی و جەرگی کە برینەکەی گریاندبوونی، خوسابوو».

[140] **بۆنێت**: بڕوانە ڕاڤەی ٥٣. ئادۆنیس بۆنێت لە سەر دەکات.

[141] **چیلە**: ڕیزێک دەوەن و داری بچووکە، بە گشتی لە دەوری باخچە یان کێڵگە یان ڕێیەکدا.

[142] **سێبەر**: ئەم وشەیە لە دەقە ماکەکەدا ***shadow***ە، واتە سێبەر. بە واتای تاپۆ-ش دێت. بێگومان لێرەدا خوازەیە بۆ وێنەدانەوەکەی.

[143] **بەڵام ئەو... تیژ بکاتەوە**: لە سەرچاوەکەی مندا بەو جۆرە نووسراوە کە وەرمگێڕاوە. دەقەکە ئاوهایە:

Who would not whet his teeth at him again

بەڵام لە *کوارتۆی یەکەم* و هەندێکی تر لە چاپەکانی *ڤینوس و ئادۆنیس*دا وەهایە:

Who did not whet his teeth at him again

لەو کاتەدا وەرگێڕانەکەی وای لێ دێت: «بەڵام ئەو لە بەرانبەردا ددانەکانی لێ تیژ نەکردەوە».

[144] **گوڵێکی سپی... پرژابوو**: پەسنی ئەم گوڵە لە دەقە ماکەکەدا وەهایە:

*A purple flower sprung up, chequered with white*

*Resembling well his pale cheeks, and the blood*

*Which in round drops upon their whiteness stood.*

ڕستەسازییەکەی کەمێک سەرلێتێکدەرە. ئەگەر ڕاستەوخۆ و بە گوێرەی ئەوەی نووسراوە وەریبگێڕم، ئاوها دەردەچێت:

گوڵێکی جەرگی هەڵتۆقی، خاڵخاڵی سپیی تێدا بوو.
زۆر هاوشێوەی گۆنا ڕەنگبزڕکاوەکەی و ئەو خوێنە بوو
کە بە دڵۆپی بازنەیی لەسەر سپێتییەکانی پرژابوو

واتە گوڵەکە جەرگییە و خاڵخاڵی سپیی تێدایە. بەڵام کە لە پەسنەکەی ورد دەبیتەوە، نابێت وا بێت. دەبێت گوڵەکە سپی بێت و خاڵخاڵی سووری تێدا بێت. هەر وەک ڕووی ئادۆنیس کە سپی بوو و پرژەی خوێن سووری کردبوو. بۆیە من وەها وەرمگێڕا کە گوڵەکە سپییە و خاڵخاڵەکانی سەری سوورن (جەرگین).

[145] **پافۆس**: بە ئینگلی *Paphos*، شارێکی مێژوویی قوبروسە. دەوترێت کە زێدی ڤینوس (ئەفرۆدیتی) بووە.